


# ٧ رۆژنامە

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.557 Tue 24/ 11/ 2009 | نرخ 750 دینار | ژمارە 557 سێشەممە 24/ 11/ 2009

## ٧ کورسی بۆ سلێمانی و هەولێر زیادکرا

# داوا لە بارزانی دەکرێت پەشیمان نەبێتەوە

**رۆژنامە**

دوێنێ پەرلەمانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی جارێکی دیکە هەموارکردەوەو بەپێی ئەو هەموارەش ٤ کورسی بۆ پارێزگای سلێمانیو ٣ کورسی بۆ پارێزگای هەولێر زیاددەکرێت. ئەگەرچی سوننەکان هۆڵی پەرلەمانیان بەجێهێشتو پێدەچێت دووبارە یاساکە لەلایەن تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراقەوە ڤیتۆ بکرێتو پرۆسەی سیاسی عێراق تووشی قەیران و تەنگژەیەکی قووڵ بکات.

هاوکات د.مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێشتر هەڵەبووینو نەدەبوو بە یاساکە رازی ببین، ئێمە وەک لیستی هاوپەیمانییو سەرۆک کۆمار، پێش ئەوەی ئیمزامان بکردایە، دەبوایە بمانزانیایە ناوەڕۆکەکەی چییە؟»، وتیشی: «پێم باش نییە بارزانیو لایەنی کوردی لەو هەڕەشەیە پەشیمانببنەوە کە کردوویانەو پێویستە فەرزی بکەین».

**لە ل٢ و ٣دا دوو راپۆرت لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە.**

## دوێنێ ١٣ پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانیی غایب بوون

**دلێر عەبدولخالق**

دوێنێ لە دانیشتنی پەرلەمانی عێراق کە تایبەت بوو بە دووبارە گفتوگۆکردنی پەرلەمان لەسەر ڤیتۆکەی تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، (١٣) پەرلەمانتاری کورد، کە دەکاتە (٤/١) رێژەی پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی، بەشداری دانیشتنەکەیان نەکردو غایب بوون.

د.رەئوف عوسمان ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە کۆبوونەوەکەی دوێنێ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بۆ گفتوگۆکردن بوو لەسەر ڤیتۆکردنەکەی تارق هاشمی لەسەر یاساکە، (١٣) پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی کوردستان، کە هەندێکیان مۆڵەتیان پێدراوەو هەندێکی دیکەیان لەبەر جەژن گەڕاونەتەوە دەرەوەی وڵاتو هەندێکی دیکەشیان بە پاساوی دیکە ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون».

لەبارەی گرنگیی دانیشتنەکەو ئامادەنەبوونی ئەو پەرلەمانتارانە، رەئوف عوسمان وتی: «دانیشتنەکە زۆر گرنگ بوو و دەبوو ئامادەبوونایە، ئەو ژمارەیە بۆ ئێمە پێویستبوو، بەتایبەت کە دانیشتنەکە لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکان بوو، ئێمەش لەو یاسایە زولممان لێکراوە».

٢
حکومەتی هەرێم
تاقیگەی پشکنینی ئەنفلۆنزای بەرازی نییە

١٦
یەک ملیۆنو چوارسەد هەزار دۆلاری هەڵەبجە دیار نییە

## یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی لەگەڵ هەمواری دەستووری هەرێمن

**رۆژنامە**

هەردوو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی، کە خاوەنی (١٠) کورسی پەرلەمانن، سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێم داوای پێداچوونەوەی رەشنووسی پرۆژەکەو دووبارە گفتوگۆکردنی برگەو مادەکانی دەکەنەوە.

سەمیر سەلیم، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: هەڵوێستی پێشترمان دەربارەی پرۆژەی دەستوور لە چوارچێوەو دۆخێکی دیکەدا بووە، ئێستا بڕوامانوایە دەبێت ئەو پرۆژە رەشنووسە بهێنینەوە سەرمێزی گفتوگۆی پەرلەمانو تێبینی خۆمانی لەسەر بخەینە روو.

هاوکات د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی وتی: «ئێمە لەگەڵ ئەوەین پرۆژەکە دووبارە بخرێتەوە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، چونکە تێبینیمان لەسەر ئەو ناهەماهەنگییە هەیە، کە لەنێوان دەقەکاندا بەدیدەکرێت، چونکە ناکرێت دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم ئەوەندە زۆربێت، کە سەرۆک وەزیران لە بەرامبەریدا دەورێکی تەشریفاتیو شکلیی پێببەخشرێت».

**لە ل ١٦دا راپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە.**






## مەحمود عوسمان: هەڵەمانکرد، پێویست ناکات خەڵک تۆمەتباربکەین

# سەرۆکایەتی هەرێم لە هەڕەشەی بایکۆتکردن پەشیماندەبێتەوە؟

**سیروان ڕەشید**

هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، تەنگژەیەکی سیاسیی بەدوای خۆیدا هێناو پێدەچێت بەهۆی ناڕەزایی کوردو سوننەوە، پڕۆسەی سیاسیی عێراق تووشی قەیرانێکی قووڵ ببێت.

هەرچەندە هێشتا روون نییە کە ئایا مەرجەعی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان کە سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستانن پێ لەسەر خواستەکانی شەقامی کوردی دادەگرن و بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن ئەگەر خواستەکانی کورد لەیاساکەدا جێنەکرێتەوە، یان سەرئەنجام مل بۆ داخوازییەکانی بەغدا دەدەنو پەشیماندەبنەوە لەو هەڕەشەیەی کە کردیان.

ناڕەزایی کورد بۆ پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان بە دوو شێوازبوو، لە بەغدا تاڵەبانی کە لەسەر پشکی کورد پۆستی سەرۆک کۆماری بەدەستەوەیەو لیستی هاوپەیمانیی ڕەزامەندییان لەسەر یاساکە نیشاندا، بەڵام لە کوردستان لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمو پەرلەمانو زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکانەوە، یاساکە ڕەتکرایەوە کە ئەمەش دەرخەری نەبوونی یەک ستراتیژیەتی سیاسییانەی کوردستانی بوو، جگە لەوەی هەندێک چاودێری سیاسی پێیان وایە، ئەگەر لەهەرێمی کوردستان بزووتنەوەی گۆڕان مەترسیی دەرچوونی یاساکەی نەخستایەتەڕووو ڕای گشتی نەوروژاندایە، ئەگەری ئەوە دەکرا بەخشکەیی یاساکە لەلایەن کوردیشەوە قبوڵبکرایە.

ناڕەزایی شەقامی کوردی لە دەرچوونی یاساکە پەیوەستە بە کەمیی ژمارەی کورسیی سێ پارێزگاکەی هەرێمەوە لەچاو پارێزگاکانی دیکەی عێراقو کەمیی ژمارەی کورسییەکانی عێراقییە پەنابەرەکانی دەرەوەی وڵات، هەرچەندە لە کوردستان، لایەنی دەسەڵاتدار ئۆپۆزسیۆن تۆمەتباردەکات بە موزایەدەچیو تێکەڵکردنی فایلەکانی ئەو مەسەلەیە، بەوەی کە مەسەلەی جۆری دابەشکردنی کورسییەکان جیایە لەیاسای پەسەندکراوی هەڵبژاردن، بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەی جۆری دابەشکردنی کورسییەکانیش وەک مادەیەکی سەرەکی لە دەقی یاسا هەموارکراوەکەدا کە مادەی دووەمە دەڵێت «ژمارەی کورسییەکانی هەر پارێزگایەک بەپێی دوائاماری پشتئەستوور بە فۆرمی خۆراکی سجلی ٢٠٠٩ی وەزارەتی بازرگانی دیاریدەکرێت»، هەروەک د.مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری سەربەخۆی لیستی هاوپەیمانیی لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەڵەبووین، نەدەبوو رازی بین لەسەر زیادکردنی ژمارەی دەنگدەران، ئێمە وەک لیستی هاوپەیمانیو سەرۆک کۆمار، پێش ئەوەی ئیمزامان بکردایە، دەبوایە بمانزانیایە ناوەڕۆکەکەی چییە؟»، مەحمود عوسمان ئاماژەی بۆئەوەشکرد پڕۆسەی هەڵبژاردن بەپێی تۆماری ٢٠٠٩ی وەزارەتی بازرگانیی بڕیاری لەسەر درابوو، «ئێ باشە نابێت بزانین کێشەکەی چی بوو وا بەسەرماندا تێپەڕی، ئێمە عەیبێکمان هەیە، هەر هەڵەیەک ڕوویدات، هەمووی دەخەینە سەر خەڵکی دیکە».

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەزاری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو هەڕەشەی بایکۆتکردنی هەرێمی کوردستانی کرد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی، ئەگەر داخوازییەکانی کورد جێبەجێ نەکرێت، فوئاد حسێن وتی «سەرۆکی هەرێم داوای لەهەموو لایەنە سیاسییەکان کرد، بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆیان لەئەستۆبگرنو نەچنە ناو پڕۆسەیەکی ساختەکاریی گەورەی لەم شێوەیەی کە هەرێمی کوردستانی کردووەتە ئامانج».

هەرچەندە تائێستا نازانرێت هەڕەشەی بایکۆتکردنی لایەنی کوردی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، تەنیا وەک کارتێکی فشاربوو بۆ بۆ بەرزکردنەوەی سەقفی داواکارییەکانی کورد، یاخود تەنیا وروژاندنێکی ئیعلامی بوو و سەرئەنجام سەرۆکایەتیی هەرێم مل بۆ داواکارییەکانی بەغدا دەداو پەشیماندەبێتەوە؟

مەحمود عوسمان وتی «من پێمباش نییە بارزانیو لایەنی کوردی پەشیمانبینەوەو پێویستە فەرزی بکەین».

هەروەها وتیشی: «لەم قانوونەدا بۆ مەسەلەی کەرکوک، کورد هەندێک زەرەری کردووە، بەڵام داخڵبوون لەو پڕۆسەیەدا بەمشێوەیەی ئێستا، زەرەری گەورەتر دەکەین، ئەگەر قانونەکە نەگۆڕێت، بە دۆڕاویی دەچینە پڕۆسەکەوە».

ڕازیبوونی لایەنی کوردی لە بەغداو لە هەرێمی کوردستانیش لەسەرەتاوە بۆ دەرچوونی یاساکە بەدەر نییە لەگوشاری ئەمریکا بۆ تێپەڕاندنی یاساکەو ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا، بەوپێیەی ئەمریکا کە لە کۆتایی ساڵی داهاتوودا بەتەواوەتی لە عێراق دەکشێتەوەو نایەوێت پڕۆسەی سیاسیی لە عێراق تووشی قەیران ببێتو ئەوەشی ڕوویداوە، لەژێر فشاری ئەمریکادا بووە. هەروەک لەمبارەیەوە تاڵەبانی لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لەسلێمانی وتی، کاک مەسعود گوشارێکی زۆری لەسەربوو، شەوی پێش هەڵبژاردنەکە سێجار لەلایەن جۆ بایدنی جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکاوە تەلەفۆنی لەگەڵ کرابوو، وتبووی نەرمیی بنوێنە، ئەم دەربڕینەی تاڵەبانی، مەغزای دیکەشی هەیەو وەک بەرپەرچدانەوەیەکی بەیاننامەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم کە بە بارزانی دەڵێت، «ئەوە هەر من نیم ئیمزام لەسەر پەسەندکردنی یاساکە کردووەو تۆش شەوی پێش بڕیاردان لەسەری، گڵۆپی سەوزت بۆ پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانیی هەڵکردووە».

هەرچەندە بایکۆتکردنی هەڵبژاردن لەلایەن کوردەوە، کۆمەڵێک زیانی سیاسییو ئابووریی لەهەرێمی کوردستان دەدات، بەڵام ئاماژەکان ئەوە نیشاندەدەن کە هەرچۆنێک بێت، سەرئەنجام لایەنی کوردی لە هەرێمی کوردستان لەژێر فشاری ئەمریکادا مل بۆ داخوازییەکانی بەغدا دەداتو پەشیماندەبێتەوە.

پرسیاری لۆژیکی ئەوەیە، کە ئایا بارزانیو لایەنی کوردی توانای جێبەجێکردنی ئەو هەڕەشەیەیان هەیە؟ ئایا لەحاڵەتی پەشیمانبوونەوەو ملدان بۆ یاساکە لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە، دیسانەوە بە زیانی سیاسیی بۆ کورد ناشکێتەوە!؟ وەک ئەو سیناریۆیەی موسڵ کە چەند مانگێک لەمەوبەر لە پارێزگای موسڵ ڕوویداو لایەنی کوردی بڕیاریدا بەشداریی لە ئیدارەو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵدا نەکاتو خۆی ئەنجومەنێک دروستبکات، کە سەرئەنجام جێبەجێی نەکرد، ئایا جێبەجێنەکردنی ئەم هەڕەشەیەش بە زیانی ئیعتیبارو نرخی سیاسیی کورد ناشکێتەوە؟

چاودێرانی کورد پێشبینییان دەکرد، لە پڕۆسەی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردندا، ژمارەی کورسییەکانی کورد لە ٥٨ کورسییەوە بۆ ٦٩-٧٠ کورسی زیادبکات، بەڵام بەپێی ئەو گۆڕانگارییە، کورد ناتوانێت ئەو کورسییانەش بەدەستبهێنێتەوە کە ئێستا هەیەتی، هەروەک بەپێی ئەم یاسایە ئەگەر کورد لە سێ پارێزگاکەی هەرێم ٣٨کورسیو لە کەرکوک ٧کورسیو لەموسڵ ٨کورسیو لە دیالە ٢کورسیو لەکورسییەکانی دەرەوەی وڵاتیش ٢کورسی مسۆگەربکات، کە بەم شێوەیە ژمارەی کورسییە بەدەستهاتووەکان دەگاتە ٥٧کورسیو لێرەدا دەردەکەوێت، هاوکێشەکە لە قازانجی کورد نییەو کورد بە دۆڕاویی بەشداریی لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی عێراقدا دەکاتو ٢١٪ەوە دەبێتە ١٨٪، واتە لەیەک لەسەر پێنجەوە دەبێتە یەک لەسەر شەشو هیچ ڕۆڵێکی کاریگەری نابێت لەناو پڕۆسەی سیاسیی عێراقدا.



**د. مەحمود عوسمان:**

***لەم قانوونەدا بۆ مەسەلەی کەرکوک، کورد هەندێک زەرەری کردووە، بەڵام داخڵبوون لەو پڕۆسەیەدا بەمشێوەیەی ئێستا، زەرەری گەورەتر دەکەین، ئەگەر قانونەکە نەگۆڕێت، بەدۆڕاویی دەچینە پڕۆسەکەوە.***

# ئەنفلۆنزای بەراز لە کەرکوک تەشەنە دەکات

**پشتیوان سەعدوڵلا**

لە پارێزگای کەرکوک (٥٥) حاڵەتی تووشبوون بە پەتای ئەنفلۆنزای بەراز تۆمارکراوەو بەوهۆیەشەوە قوتابخانەیەک داخراوە، هاوکات بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامە (٢٠) کەس لەو ژمارەیە حاڵەتەکانیان مەترسیدارە.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی فەرمانگەی تەندروستی پارێزگای کەرکوک لەماوەی ڕابردوودا لە سنووری پارێزگای کەرکوک (٥٥) هاوڵاتی، کە دوو خوێندکارو مامۆستایەکی تێدایە، تووشی نەخۆشیی ئەنفلۆنزای بەراز بوونو بۆ ڕێگەگرتن لە تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکە لە ئێستادا فەرمانگەی تەندروستیی کەرکوک چەندین تیمی گەڕۆکی دروستکردووە.

د.سدیق عومەر، جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا لە کەرکوک (٥٥) حاڵەتی تووشبوون بە ئەنفلۆنزای بەراز تۆمارکراونو هیچ کام لەو حاڵەتانە مەترسیی مردنیان لێناکرێت.

باسی لەوەشکرد، فەرمانگەکەیان چەند تیمێکی گەڕۆکی دروستکردووەو هاوڵاتییان هۆشیار دەکەنەوە.

هاوکات یوسف سەعید، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە شاری کەرکوک دوو خوێندکارو مامۆستایەک گومانی تووشبوون بە نەخۆشیی ئەنفلۆنزای بەرازیان لێدەکرێت، بەوهۆیەوە دوێنێ قوتابخانەیەکیان داخستووە.

# پسپۆڕێکی سەربازیی: داخستنی کۆلێژە سەربازییەکانی هەرێم کارێکی باشە

**بەرهەم خالید**

بەپێی بڕیارێکی نوری مالیکی لە سەرەتای ساڵی ئایندەوە هەردوو کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالانو زاخۆ دادەخرێن، پسپۆڕێکی سەربازیش بڕیارەکە بە «هەنگاوێکی زانستییانە» بۆ ڕێکخستنەوەی سوپا وەسفدەکات، بەوپێیەی هەرێم مافی ئەوەی نییە سوپای هەبێت، بۆیە دەبێت بیر لە دامەزراندنی کۆلێژی پاسەوانی هەرێم بکاتەوە.

بە گوێرەی بڕیارەکەی مالیکی، کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، دەبێت هەردوو کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالانو زاخۆ دابخرێنو کارەکانیان بگوازرێتەوە بۆ ناوەندی مەشقی سەربازیی، چونکە پێویستە تەنیا یەک کۆلێژی سەربازیی لە عێراقدا هەبێت، کە ئەویش کۆلێژی (ڕۆستەمییە)یە لە بەغدا.

لیوا سەروەر قادر، فەرماندەی پێشووی کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالانو پسپۆڕ لە بواری زانستی سەربازیی لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێشتریش لە ساڵی (٢٠٠٦)دا هەوڵێکی لەو شێوەیە لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە هەبوو، بەڵام بە هەوڵی سەرۆک کۆمارو ئەمریکییەکان ئەوکات جێبەجێنەکرا، بۆیە ئێستاش ئەو بڕیارە لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی سوپادا دەرکراوە بۆ ئەوەی وەزارەتی بەرگریی سەرپەرشتی ئەو بوارە بکاتو تەنیا کۆلێژێک بهێڵرێتەوە ئەویش کۆلێژی ڕۆستەمییەیە، وتیشی: «بە شێوازێکی زانستیو توانایەکی دارایی باش کۆلێژەکە بەڕێوەدەچێت، ئەوەش لەپێناو یەکخستنەوەی سوپایەو بەپێی دەستووریش نابێت حکومەتی هەرێم سوپای هەبێت، بەڵکو هێزی پاسەوانی سنوورو پۆلیسو ئاسایشی هەبێت».

پسپۆڕە سەربازییەکەی هەرێم بە پێویستی دەزانێت؛ حکومەتی هەرێم لەبری کۆلێژی سەربازیی بیر لەوە بکاتەوە کۆلێژی ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم دابمەزرێنێت، بۆ ئەوەی خوێندکاری کورد پێبگەیەنێت، ئەوەش مافێکی دەستوورییەو شێوازێکی زانستیشە بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هێزێکی نیزامیدا.

## ئەگەر زۆرە دووبارە هاشمی یاسای هەڵبژاردن ڕەتبکاتەوە

# هەمواری یاساکە (٤) کورسی بۆ سلێمانیو (٣) بۆ هەولێر زیاد دەکات

**هەستیار قادر**

بە ئامادەنەبوونی سوننەکان پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر دووبارە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان داو بەپێی ئەو هەموارە ڕێژەی کورسییەکانی سلێمانیو هەولێر زیاد دەکەنو بۆ مەسیحەکانیش هەڵبژاردن کرایە یەک بازنەو دوو داوای گرنگی هاشمیش ڕەتکرایەوەو ئەگەرهەیە ناوبراو دووبارە ڤیتۆ بەکاربهێنێتەوە.

سەر لە ئێوارەی دوێنێ پەرلەمانی عێراق بە ئامادەنەبوونی لایەنە سوننییەکانو زۆرینەی دەنگی (١٣٣) ئەندامی لە کۆی (١٥٧)ی ئامادەبوو دەنگی لە بەرژەوەندی هەموارکردنی چەند بڕگەیەکی یاسای هەڵبژاردنداو گرنگترین مادە هەموارکراوەکانی بریتین، لە پشتبەستن بە تۆماری دەنگدەرانی ساڵی (٢٠٠٥) لەگەڵ زیادبوونی بە ڕێژەی ساڵانەی (٢,٨٪)ی دانیشتووان بۆ هەر پارێزگایەک بەشێوەیەک کە بۆ هەر کورسییەک (١٠٠) هەزار کەس دانراوەو بەوپێیەش چاوەڕواندەکرێت ڕێژەی کورسییەکانی پارێزگای سلێمانی لە (١٥) کورسییەوە بۆ (١٩) کورسی زیاد بکاتو ڕێژەی کورسییەکانی هەولێریش لە (١٤)ەوە بۆ (١٧) کورسی زیاد بکاتو دهۆکیش وەک خۆی بە (٩) کورسییەوە بمێنێتەوە، هاوکات بۆ کۆتای مەسیحەکانیش بڕیار درا، کە هەڵبژاردنەکەیان لە سەرانسەری عێراقدا بکرێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن.

هاوکات زۆرینەی پەرلەمانتاران چەند داوایەکیان ڕەتکردەوە، کە پێشتر هاشمی لە ڤیتۆی یاسای هەڵبژاردندا ئاماژەی پێدابوو، لەوانە زیادکردنی ڕێژەی کورسی قەرەبوو (٥٪)ەوە بۆ (١٥٪)و دەنگی دەنگدەرانی دەرەوە بۆ پارێزگاکانی خۆیان بچێتو دەنگە زیادەکان بۆ لیستە بچووکەکان بێت، بەپێی ئەو ڕەتکردنەوەیەش ڕێژەی کورسی قەرەبوو بە (٥٪) مایەوەو دەنگدەرانی دەرەوەش وەک بازنەیەکی داخراوو تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتو دەنگی زیادەکانیش، کە بەشی کورسییەک ناکەن بۆ لیستە بەهێزەکان دەبێت، نەک بۆ بچووکەکان.

لەوبارەیەوە حاکم ئەحمەد ئەنوەر ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێشنیازی پێدانی دەنگە زیادەکان بە لیستە بەهێزە براوەکان لەلایەن لیستی ئیئتیلافو هاوپەیمانییەوە پشتگیریی لێکراوە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەش چوونە دەرەوەی لایەنە سوننییەکان پەیوەندی هەبووە بە هەستکردنی ئەو لایەنانە بە پەسەندنەکردنی پێشنیازەکانی هاشمی بۆ هەموارکردنی یاساکەو ئەگەرهەیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نارەزایی توندی لێبکەوێتەوە، لەوبارەیشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە پێیڕاگەیاندین؛ ئەگەر زۆرە بۆ جاری دووەم تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار یاساکە ڕەتبکاتەوە.

دوای پەسەندکردنی هەموارەکانی یاسای هەڵبژاردنیش بەها ئەعرەجی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا پێشبینی ئەوەی کرد، کە جارێکی دیکە هاشمی یاساکە ڕەتبکاتەوە، وتیشی: «بەوپێیەی دەنگدان لەسەر هەمواری دووەمی یاساکە لە پەرلەماندا بە زۆرینە بووە، گرەنتی ئەوە هەیە کە بۆ جارێکی دیکەش پەرلەمان ڤیتۆی هاشمی ڕەتبکاتەوە.


دانیشتنێکی پەرلەمانی عێراق


تارق هاشمی

# حکومەتی هەرێم تاقیگەی پشکنینی ئەنفلۆنزای بەرازی نییە

**بەرهەم خالید**

کەشوهەوای ساردی هەرێم لەم وەرزەدا مەترسیی تەشەنەسەندنی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز زیاددەکاتو تا ئێستاش حکومەتی هەرێم ناتوانێت پشکنین بۆ حاڵەتەکانی ئەو پەتایە بکاتو پشکنینەکان دەنێرێتە بەغدا، پەرلەمانتارێکیش هۆکاری ئەوە بۆ «کەمتەرخەمیی حکومەت دەگەڕێنێتەوە».

بەپێی لێدوانی د.تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستیی هەرێم، تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان (٢٧) حاڵەتی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز تۆمارکراوە، کە (٣) حاڵەتیان لە شاری هەولێرەو (٩) حاڵەتیش لە شاری سلێمانی هەیەو لە شاری دهۆکیش (٢) حاڵەت تۆمارکراوەو بەوهۆیەشەوە تا دوێنێ دوو کەس لە سلێمانی گیانیان لەدەستداوەو ١٢ کەسی دیکەش لە ژێر چاودێریدان.

وەزیری تەندروستیی هەرێم، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە تائێستا لە کوردستاندا ناتوانن پەتای ئەنفلۆنزای بەراز دیاریبکەنو پشکنینەکان ڕەوانەی بەغدا دەکەن.

د.ڕێباز فەتاح، ئەندامی لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەک تێبینییان کردووە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی سەنتەری ئەنفلۆنزای بەراز لە هەرێم، نەبوونی ئەو ئامێرانەیە، کە پشکنینی ئەو پەتایەی پێ دیاریدەکرێت، هۆکاری ئەوەشی بۆ کەمتەرخەمیی حکومەتی هەرێمو دەزگا پەیوەندیدارەکان گەڕاندەوە، کە نەیانتوانیوە ئامێرو ڤاکسینی دژ بە پەتاکە دابین بکەن، وتیشی: «ئەگەر بەرپرسیارێتی هەبێت هێنانی ئەو ئامێرە هێندە گران نییە، بۆیە بە نیازن لەوبارەیەوە یاداشتێک پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەنو داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیری تەندروستی بکەن».

# پارتی داوای ڕوونکردنەوە لە نوێنەری یەکێتی لە تورکیا دەکات

**بەرهەم خالید**

بڵاوکردنەوەی بابەتێک دەربارەی کوشتنی محێدین ڕەحیم، کێشە لەنێوان پارتیو بەهرۆز گەلاڵی، نوێنەری یەکێتی لە تورکیا دروستدەکاتو وتەبێژێکی پارتی داوا لە گەلاڵی دەکات، ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەویش دەڵێت: بابەتەکە بۆ تێکدانی نێوانی یەکێتیو پارتی بڵاوکراوەتەوە.

پاش بڵاوبوونەوەی بابەتێک لە گۆڤاری ڕێگادا دەربارەی کوشتنی محێدین ڕەحیم، کە یەکێک بووە لە بەرپرسەکانی پارتی دیموکراتی کودستانو لە سەردەمی شەڕی نێوان یەکێتیو پارتیدا لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرا، کە تێیدا لەسەر زاری بەهرۆز گەلاڵی، نوێنەری یەکێتی لە تورکیا نووسراوە، کە گوایە پاراستن دەستی هەبووە لە کوشتنی ئەو بەرپرسەی پارتیدا، هەر بۆیە وتەبێژێک بەناوی پارتییەوە داوای ڕوونکردنەوە لە گەلاڵی دەکات.

لە ڕاگەیەندراوەکەی وتەبێژەکەی پارتیدا، کە سایتی پەیامنێر بڵاویکردووەتەوە هاتووە: لە میانەی بابەتی ئاماژەپێکراوی ئەم گۆڤارەدا بە ناوی کاک بەهرۆز گەلاڵی هەندێک تۆمەت خراوەتە پاڵ پاراستنو پارتی، کە «دەتوانین بڵێین منداڵانەترینو بێبنەماترین تۆمەتنو بۆ چەواشەکردنی مێژوو نووسراونو مەبەست لە بڵاوکردنەوەی، هەوڵی نانەوەی فیتنەو کرانەوەی دەرگای هەڵدانەوەی بەڵگە ناخۆشەکانی ڕابردووە»، هەروەها لە ڕاگەیەنراوی وتەبێژەکەی پارتیدا هاتووە؛ «زۆر شت هەیە کە لەبەر بارودۆخی سیاسیی ئێستا ناتوانین باسی بکەین، بەڵام مانای ئەوە نییە نەزانرابێت کێ لە پشت ڕووداوی شەهیدکردنی (کاک محێدین)ەوە بووە».

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە: «ئێمە نازانین، کە ئایا ئەمە لە کارە فیتنەگێڕییەکانی گۆڤاری ڕێگایە، یا خود کاک بەهرۆز ئەم لێدوانانەی دەربڕیوە؟، بۆیە داوا لە کاک بەهرۆز دەکەین، کە بە ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر ئەم وتانەی بەناوی ئەوەوە کراون دەرببڕێت، تا ئەو کاتە چاوەڕوان دەبین، پێش ئەوەی هەنگاوی دیکە بنێین».

لە ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا، بەهرۆز گەلاڵی لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو «بەهیچ شێوەیەک نە بە چاوپێکەوتنو نە بە تەلەفۆنو نە لەگەڵ هیچ کەسێکی سەر بەو گۆڤارە قسەی نەکردووە»و دەڵێت: بۆیە ئیدانەی ئەو ڕەفتارەی ئەو گۆڤارە دەکەمو تەئکید دەکەمەوە، کە ئەمە بۆ «فیتنەنانەوە» لەنێوان یەکێتیو پارتی دروستکراوە، تەئکیدیش بۆ برایانی پارتی دەکەمەوە، کە ئێستا سەردەمی هاوپەیمانێتیو برایەتیی نێوان هەموو لایەنەکانی کوردستانەو منیش لەو کەسانە نیم، کە بایەخی ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوان یەکێتیو پارتیو لایەنەکانی دیکەی کوردستان نەزانم.

لە بەرامبەردا سۆران عومەر، سەرنووسەری گۆڤاری ڕێگا لە لێدوانێکدابۆڕۆژنامە،ڕاگەیەندراوەکەی وتەبێژەکەی پارتی بە هەڕەشە بۆ سەر گۆڤارەکەی دەزانێت، دەربارەی بابەتەکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ ئەو بەڵگانەیان لە کتێبی «کوردایەتیو هەڵوێست»ی بەهرۆز گەلاڵییەوە دەستکەوتووە، کە ساڵی (١٩٩٧) بڵاویکردووەتەوەو لە بەرگی دووەمیدا بە وردیی کوشتنی محێدین ڕەحیم دەخاتە ئەستۆی پاراستنی پارتی، وتیشی: «ئێمە بەڵگەی دیکەشمان هەیە، کە ئەگەر کاک بەهرۆز گەلاڵی بە ڕەسمیی لێی پەشیمان نەبێتەوە، ئێمە دەتوانین بەکاریانبهێنین، پێشمان سەیرە پارتی ئاگای لەو بەڵگەنامانە نەبێتو داوای هەڵوێستی بەهرۆز گەلاڵی دەکات لەسەر ئەو بابەتەی ئێمە».


بەهرۆز گەلاڵی

### ئاگاداری

گۆڤاری (سەرچاوە) گۆڤارێکی سیاسیی فکرییەو مانگانە لە سلێمانی دەردەچێت. خاوەن ئیمتیازەکەی «ئاوات جەناب نوری»یەو سەرنووسەرەکەی «مەجید سالح عەزیز»ە.

بۆ زانیاریی زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنەوە (٠٧٧٠١٤١٥٤٦٨).


دیلان سیتی
Dylan City
من دیلان سیتی هەڵدەبژێرم، چونکە:
• ڕووبەری شوقەکانی لە هەموو پرۆژەکانی تر زیاترەو نرخەکانیشی لەهەموویان کەمترە.
• نرخی شوقەیەکی (١٠٠م٢) تەنها (٤٢) هەزارو (٤٤٥) دۆلارەو نرخی شوقەیەکی (١٢٠م٢) تەنها (٤٩) هەزارو (٩٣٨) دۆلارە.
• سندوقی نیشتەجێبوون لە (٥٠٪)ی ئەم پارەیەتان بە قەرزی (١٠) ساڵ پێدەدات.
• کۆمپانیا بڕی (٢) هەزار دۆلار دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی کە لە سندوقی نیشتەجێبوون سوودمەند نابن و هەمان بڕیش دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی بە نەقدی شوقەکان دەکڕن.
دوا مۆڵەت بۆ گەڕاندنەوەی فۆرمەکان ٢٠٠٩/١٢/١٥
کۆمپانیای هەستیار
بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان
بە پێشەکیی تەنها (٣) هەزارو (٤٠٠) دۆلار
(١٢٠م٢):
سێ ژووری نوستن
مۆل، مەتبەخ، دوو تەوالێت و
دوو حەمام و باڵکۆنێک
(١٠٠م٢):
دوو ژووری نوستن
مۆل، مەتبەخ، تەوالێت و
حەمام و باڵکۆنێک
DIRECT
بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئۆفیسی پرۆژەکە بکەن: شەقامی سەحەتری - گەڕەکی هۆمەرەکۆیر
٠٧٥٠١١٣٥٣٢٢ - ٠٧٤٨٠١٧٠٥٠٥ - ٠٧٧١٠١٢٢٢٢١

# بزووتنەوەی ئیسلامیی ناکۆکی تێدەکەوێت

# هەڕەشەی هەڵدانەوەی «فایلە چەورەکان» دەکرێت

دلێر عەبدولخالق

بەشداریکردنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق، ناکۆکی ناوخۆیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەشێوەیەک ئەو ناکۆکییە لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکە ڕەنگیداوەتەوە، لە بەیاننامەیەکیشدا ژمارەیەک کادیری ڕاگەیاندنکاری بزووتنەوە لە ئەگەری بەشداریکردن لەو لیستەدا هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەو هەڵدانەوەی «فایلە چەورەکان» دەکەن.

لە بەیاننامەیەکدا، کە دەست ڕۆژنامە کەوتووە، زیاتر لە (٥٠) کادیری ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان دژایەتی خۆیان بۆ هاوپەیمانێتی حیزبەکەیان لەگەڵ یەکێتیو پارتی ڕادەگەیەننو پێیانوایە؛ «بەهۆی هەڵوێستی بەشێک لە ئەندامانی خەولێکەوتووی سەرکردایەتی بزووتنەوە، کە دەیانەوێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبە علمانییەکاندا بکەن، خەریکە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانو ئەو هەموو سەروەرییو ماندوبوونەی شەهیدانی ئیسلام دەخەنە ژێر پێڵاوەکانیانەوە».

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «بۆ هەموو لایەکو ڕای گشتیی ڕووندەکەینەوە، ئەگەر بزووتنەوە بچێتە ئەو هاوپەیمانێتییەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ دەستلەکارکێشانەوەی خۆمان لە ئۆرگانەکان ڕادەگەیەنینو ئۆباڵی دۆڕانو شکستو هەر کۆیلەییەکی بزووتنەوەکەشمان دەخەینە ئەستۆی ئەوانەی لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی موستەفیدنو دەیانەوێت لە ڕێگەی ناشەرعییەوە بزووتنەوە هەستێننەوە».

لە بەیاننامەکەدا، ئەو کۆمەڵە ڕاگەیاندنکارەی بزووتنەوەی ئیسلامیی جگە لە هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوە، لە ڕێی میدیای ئازادەوە ئاماژە بە هەڵدانەوەی هەموو ئەو «فایلە چەورانە» دەکەن، کە لایان پارێزراوە.

یەکێک لە کادیرە نارازییەکانی بزووتنەوە، کە نەیویست ناوی بهێنرێت بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد: ئەنجومەنی شورای بزووتنەوە لەمەڕ بەشداریکردنی هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتی بووەتە دوو بەشەوە، بەشێوەیەک ئەوانەی بەرگرییان لە بەشداریکردنی دەکەنەوە «موسەتەفیدەکانن»و پێکدێن لە مەلا سدیق ڕابەری بزووتنەوە، مەلا محەمەد عومەر عەبدولعەزیز، ئەحمەد وەرتی، محەمەد بازیانی، مەلا بەکر تەماس، گوڵزار، جەمیل سەرسپی.

ئەوانەشی دژی بەشداریکردنی هاوپەیمانییەتەکەن بریتین لە: کامیل حاجی عەلی، ئەنوەر عەنەبی، کەمال ڕەحیم، ئیحسان مەلا عەلی، عیرفان ئەحمەد کاکە مەحمود، عەلی عەبدولعەزیز، ئەحمەد کارەبا، ناسیح مەجید.

بەپێی قسەی سەرچاوەکە «موعارەزەکان لە بنەماڵەدان، لەناو بزووتنەوەشدا بنەماڵە زاڵە، بنەماڵە هەمیشە فریادڕەسی بزووتنەوە بووە». وتیشی: ئەم ناکۆکییە ناوخۆییە تەنیا لە ئاستی مەکتەبی سیاسییو سەکردایەتی نەماوەتەوە، بەڵکو شۆڕبووەتەوە بۆ هەموو مەکتەبەکانو ئۆرگانەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی.

بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو دۆخە ناوخۆییەی بزووتنەوەو هەڵوێستی مەکتەبی سیاسیی بەرامبەر بەیاننامەو کادیرەکانی، ڕۆژنامە پەیوەندیکرد بە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسییەوە، کە یەکێکیان ئاماژە بەوە دەکات بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکێتیو پارتی مەرجیان هەیەو تا جێبەجێکردنی مەرجەکان، چوونە ناو هاوپەیمانییەتییەکە ڕوونەبێتەوە، بەڵام ئەندامەکەی دیکە دەڵێت: «واژۆیان لەسەر هاوپەیمانێتییەکە کردووەو شەراکەتمان لەگەڵ یەکێتیو پارتی هەیە».

ئەنوەر عەنەبی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕەنگە ئەو کۆمەڵە کادیرە ئاگاداری هەڵوێستی ئێمە نەبن کە هێشتا نەچووینە ناو ئەو هاوپەیمانێتییەوە» چونکە مەرجمان هەیە، ئەگەر مەرجەکانمان قبووڵنەکرێت، ئەوا بێگومان بە دڵی ئەو کادیرانەش دەبێت، ئەگەرنا لە کۆبوونەوەی شورا بڕیاری دیکە دەدەین. لە بارەی کاردانەوەیان بەرامبەر بەیاننامەکە عەنەبی ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەوان ڕێز لەو بەیاننامەیەو بۆچوونی هەر کادیرێک دەگرن، کە بیروڕاکانیان بۆ حیزبەکەیان شەرعی بێت، وتیشی: «ئەنجومەنی شورا نەبووەتە دوو بەشەوە، چونکە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شورا، زۆرینە لەگەڵ بەشداریکردن لەو هاوپەیمانێتییە بوون، ئێمەش پەیوەستبووین پێوەی».

لە بەرامبەریشدا، محەمەد بازیانی هاوپۆستی ئەنوەر عەنەبی لە بزووتنەوەی ئیسلامیی، ئەوەی ڕەتکردەوە؛ کە ئەوان مەرجیان هەبێت بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی کوردستانیی بۆ پەرلەمانی عێراقو ڕایگەیاند: «هاوپەیمانێتی ئێمە لەگەڵ یەکێتیو پارتی بڕاوەتەوەو کاندیدەکانمان بە ئامادەبوونی ئەنوەر عەنەبی دیاریکردووەو دوایین دانیشتنی خۆمان لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتیو پارتی کردووەو واژۆمان لەسەر هاوپەیمانێتییەکە کردووە».

بازیانی وتیشی: «بڕیارەکانی بزووتنەوە تاکلایەنە نییە، بەوپێیەی ڕابەر یان جێگرەکەی بیدات، بەڵکو زۆرینەی ئەنجومەنی شورا بڕیار لەسەر پرسە گرنگەکان دەدات، دوای ئەوەی لیستە ئیسلامییەکە دروستنەبوو، پێمانباشبوو لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان بەشداریی بکەین، چونکە لە پەیڕەو و پڕۆگرامماندا داکۆکیکردن لەسەر مافەکانی کورد لەسەر ئاستی عێراق، یەکێکە لە بیروباوەڕەکانمان، بۆیە «شورای ناوەندی وای بە باشزانی لەناو لیستی کورستانی دابەزینو فرسەتێک بەو لیستە ببەخشین، کە گلەیی زۆری لەسەرە»، واتا ئێمە شەراکەتمان هەیە، نەک بەشداربوون، چونکە «ئەگەر پەراوێزبخرێین دەکشێینەوە».

لەبارەی بەیاننامەی ژمارەیەک کادیری ڕاگەیاندنکاری بزووتنەوەکەشیان، محەمەد بازیانی بەیاننامەکە بە «وەهمییو هەڵبەستراو» لەقەڵەمدەداتو پێیوایە؛ درێژەی ئەو پڕوپاگەندانەیە کە لە کاتی هەڵبژاردنەکان بۆیان دروستکراوە.

# حکومەتی هەرێم قەرزەکەی مامۆستایان ناداتەوە

پشتیوان سەعدوڵڵا

ماوەی دوو مانگە مامۆستایانی کوردستان چاوەڕوانی بەڵێنێکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمن، کە تایبەتبوو بە سەرفکردنی دەرماڵەی (٤) مانگیان، هاوکات سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکات؛ بۆ ئەو مەبەستە چەند جارێک داوای ئەوەیان کردووە سەردانی ئەنجومەنی وەزیران بکەن، بەڵام تائێستا ڕێگەیان پێنەداون.

شێخ عەفان نەقشبەندی، سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: حکومەتی هەرێم دەرماڵەی چوار مانگی ساڵی (٢٠٠٨)ی مامۆستایان قەرزارە، کە بڕەکەی (٥٠٠) هەزار دینارە، «چەندجارێک بەڵێنی سەرفکردنی پارەکەیان داوە، بەڵام تائێستا ئەو پارەیە سەرفنەکراوەو دوایانخستووە».

لە سەرەتای دەستپێکردنی دەوامی ئەمساڵی قوتابخانەو خوێندنگەکانی کوردستان، مامۆستایانی کوردستان هەڕەشەی مانگرتنو داخستنی ناوەندەکانی خوێندنیان کرد، تا حکومەتی هەرێم ئەو (٥٠٠) هەزار دینارەی ساڵی ڕابردوویان بۆ سەرفدەکات، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا ئەو بڕە پارەیە سەرف دەکات.

سەبارەت بە هەوڵەکانی یەکێتیی مامۆستایان شێخ عەفان وتی: «ئێمە بە بەردەوامیی لە پەیوەندیداین لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانو چەند جارێک داوای ئەوەمان کردووە بۆ ئەو مەبەستە سەردانی ئەنجومەنی وەزیران بکەین، بەڵام تائێستا ڕێگەیان پێنەداوین، ئێمەش سوورین لەسەر داواکارییەکەی خۆمان».

# «هەڵبژاردنی عێراق دەکەوێتە مانگی شوباتەوە»

پشتیوان سەعدوڵڵا

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، پێیوایە؛ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەوێتە مانگی شوباتی داهاتووەوەو باس لەوەشدەکات، چەند ڕۆژێکە کۆمسیۆن کارەکانی خۆی ڕاگرتووە.

لەگەڵ ئەوەی بڕیاربوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆژی (٢٠١٠/١/١٦) ئەنجامبدرێتو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش (٢٠٠٩/١٠/١٥)ی وەکو دوا وادە دەستنیشانکردبوو بۆ دەرچوونی یاسای هەڵبژاردن، بەڵام نزیکەی ٤٠ ڕۆژ یاساکە دواکەوتو بەوهۆیەشەوە پرۆسەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجامنادرێتو دوادەکەوێت.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی تاریق هاشمی یاسای هەڵبژاردنی ڕەتکردەوەو پاشان گەڕانەوەی یاساکە بۆ پەرلەمان کاتێکی زۆری پێچوو بۆ پەسەندکردنەوەی، لەبەرئەوە هەڵبژاردن لە وادەی خۆی دوادەکەوێتو دەکەوێتە مانگی شوباتەوە، «ئێمە لە کۆمسیۆن چاوەڕوانی ئەوەین دوای دەرکردنی یاساکە، پەرلەمان کاتێکی دیکە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەستنیشان بکات».

بە وتەی بەرپرسانی کۆمسیۆنی باڵا، ماوەی چەند ڕۆژێکە کۆمسیۆن کارەکانی خۆی ڕاگرتووەو چاوەڕوانی دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن بوون.

# لۆگۆی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت بە یاسا پەسەند نەکراون

شارا عەبدولڕەحمان

لۆگۆی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت بە یاسا پەسەند نەکراونو تەنیا بە بڕیاری سیاسیی دانراون، بەوهۆیەشەوە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی کابینەی نوێی حکومەت بە ئاسانی دەتوانن بیگۆڕن.

لۆگۆی هەردوو سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت لە خولی ڕابردووی پەرلەمانو کابینەی پێنجەمی حکومەتدا بە بڕیاری ئەو سەرۆکایەتیانە دانرانو دواتر بە بڕیارێک لە پەرلەمانەوە دەرکراون بەبێ ئەوەی بە یاسا ڕێکبخرێن، بەو هۆیەشەوە بە ئاسانیی سەرۆکی هەر کابینەیەکی حکومەتو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانن بیگۆڕن، ئەمە لەکاتێکدا کوردستان پێویستی بە لۆگۆی یاساییە بۆ هەموو ئەو دامودەزگا نیشتمانیانە.

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیریی، لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لۆگۆی دامودەزگا نیشتمانییەکان پێویستیان بەوە هەیە کە بە یاسا دابنرێن، تا بە ئاسانیی نەتوانرێت دەستکارییان بکرێت، بەڵام ئەو لۆگۆیانەی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت کە ئێستا هەن نایاساییnو بە بڕیاری سیاسیی دانراون، بۆیە پێم باشە لەم خولەی پەرلەماندا کار بۆ ئەوە بکرێت کە لۆگۆکان بەیاسایی بکرێنو گۆڕینیان تەنیا لە دەسەڵاتی پەرلەماندا بێت وەک مەرجەعی یاسادانان».

ئەو ئەندامەی پێشووی پەرلەمان ئاماژەی بەوەکرد؛ «ئەو لۆگۆیانەی کە ئێستا هەن بۆ سەرۆکایەتییەکانی هەرێمو حکومەت هەم لێکدەچنو هەم لە لۆگۆی حیزبیشەوە نزیکن»، بە پێویستیشی زانی «لە ئێستادا سەرۆکایەتی حکومەتو هەرێم خۆیان داوابکەن کە ئەو لۆگۆیانە بخرێنە بەردەمی پەرلەمان تا یاسایان بۆ دەربکات، بۆئەوەی سەرۆکی ئەو دامودەزگایانە نەتوانن بە ئاسانیی بیگۆڕن». وتیشی: «کوردستان پێویستی بە لۆگۆی یاسایی هەمیشەیی هەیە بۆ سەرجەم دامودەزگا نیشتمانییەکانی».

لەلایەکی دیکەوە د. ئەحمەد وەرتی جێگری سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە هەر کاروبارێک پەیوەندی بە لیژنەکەی ئەوانەوە هەبێت چاوی پێدا دەخشێیننەوە، وتیشی: «پێش هەموو لایەک دەبێت سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت کاروبارەکانیان بەیاسا ڕێکبخەن، تەنانەت لۆگۆکانیشیان، چونکە ئەگەر وانەکەن ئەی چۆن چاوەڕوانی لەخەڵکانی خوار ئەوان بکەین بۆ پەیڕەوکردنی یاسا».

د. ئەحمەد تەئکیدیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە «نابێت لۆگۆکانی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت حیزبی بنو پێویستە گوزارشت لەبێلایەنیو سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان بکەنو دووربن لە ئاماژە حیزبییەکان».

## ڕێکخراوەکان لە چنگی وەزارەتی ناوخۆ ڕزگار دەکات

# یاسای ڕێکخراوەکان تۆپەکە دەخاتە گۆڕەپانی پەرلەمانەوە

**هەستیار قادر**

بەپێی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە، مۆڵەت وەگرتنی ڕێکخراوەکان لە دەست وەزارەتی ناوخۆدا نامێنێتو لەبری حکومەت ڕێکخراوەکان پەیوەندییان دەبێت بە پەرلەمانەوە.

### یاساکە کێ دەگرێتەوە؟

بەپێی ئەو پرۆژەیاسایەی، کە هەفتەی رابردوو فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاراستەی پەرلەمانیان کردو ناونراوە پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، سەرجەم ڕێکخراوە ناحکومییەکانو یەکێتیو سەندیکاو سەنتەرەکانی ڕۆشنبیریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان دەکەونە چوارچێوەی ئەو پرۆژەیاسایەوە، کۆمسیۆنێکی تایبەتیش پێکدەهێنرێت بە ناوی دەستەی سەربەخۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانداو کاروباری مۆڵەت وەرگرتنو سەرپەرشتیکردنی ئەو ڕێکخراوانە بەڕێوەدەبات.

### ڕزگاربوون لە وەزارەتی ناوخۆ

کارکردنی پێشتری ڕێکخراوەکان ڕێورەسمەکانی پێکهێنانیان بەپێی بڕیاری (١٩٧)ی ساڵی (١٩٩٩)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ ئیدارەی سلێمانیی‌و یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠١)ی پەرلەمانی کوردستان، ئیدارەی هەولێر بەڕێوەبراوەو بەپێی هەردوو یاساکە دەبوو ڕێکخراوەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە مۆڵەتیان پێبدرایە، بەڵام بەپێی پرۆژەیاسا نوێیەکە ئەو مافە دراوە بە دەستەی سەربەخۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

سەروەر عەلی پارێزەر لە ڕێکخراوی (DHRD) ئاشکرایکرد، کە کاری ڕێکخراوەکان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا جیاوازە، کە سروشتێکی پۆلیسیی هەیەو کارەکانیان زۆر ناگونجێن بەیەکەوەو ئاماژەی بە موعاناتی ڕێکخراوەکانیش کرد لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە مۆڵەت پێدانو وتی: «جاری وا هەبووە وەڵامی مۆڵەت پێدانێک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ساڵونیوێکی پێچووە، ئەوەش وای لە خەڵک دەکرد بێزاربنو واز لە پێکهێنانی ڕێکخراوو گرووپ بهێنن».

### حیزب ڕێ بە یاساییبوونی ڕێکخراوەکانی دەدات؟

لەپاڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان، کە پرۆژە لە ڕێکخراوە نێودەڵەتییەکان وەردەگرن لە هەرێمی کوردستاندا چەند ڕێکخراو و سەنتەرو یانەو یەکێتی هەن، کە لەلایەن دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەوە پارەدار دەکرێنو لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا لەفەلەکی سیاسەتو تێڕوانینی ئەو دووحیزبەدا دەخولێنەوە، ئەمە جگە لە دابەشکردنی بەرپرسیارێتی سەندیکاکان بەشێوەیەکی تەوافوق بەسەر خۆیانداو هەندێکجاریش کارکردن بە بنەمایماڵجیاییی‌و بوونی دوو ڕێکخراو، یان دوو سەندیکایی هەمان بواریان هەبووە لە تەنیا یەک شارداو پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو دوو حیزبە زاری دەبن ڕێکخراوە پاشکۆکانیان لە چوارچێوەی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا کاربکەن؟

لەوبارەیەوە کاردۆ محەمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکیسۆنی گۆڕان، ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەو حیزبانەی لە کوردستاندان شێوازێکیان پەیڕەو کردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێکخراوەکان بۆ بەرژەوەندی حیزب تا کارەکانیان بچێتەوە ژێر بەرنامەو کاری حیزبەوە، وتیشی: «ئەوە یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا کایە جیاجیاکان ڕێکدەخاتو ئەگەر لە هەرێمی کوردستان کاری ڕێکخراوەکان بە یاسا ڕێکبخرێن ئەوکاتە ڕێکخراوەکان ڕۆڵی خۆیان دەبینن بۆ سەربەخۆییبوونو بەشداریی لە بڕیارە گرنگەکاندا، کە پەیوەندی بە کاری مەدەنیی‌و پشتگیریی دیموکراسییەوە هەیە.


نوێنەری فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پرۆژەیاساکەیان دەدەنە پەرلەمانی کوردستان

### یاساکە چی دەگۆڕێت؟

سەروەر عەلی پارێزەر لە ڕێکخراوی (DHRD) جیاوازی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ بڕیاری (١٩٧)ی سەرۆکایەتی هەرێمی ئیدارەی سلێمانیی‌و یاسای ژمارە (١٢)ی پەرلەمانی کوردستانی ئیدارەی هەولێر بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە لە پاڵ قوتاربوونی ڕێکخراوەکان لە مۆڵەت پێدانیان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بڕیاری پێکهێنانی ڕێکخراو یان گرووپ لەلایەن ئەندامانی گرووپەکە خۆیانەوە دەدرێتو مۆڵەت وەردەگرنو پارەدار کردنیشیان بەپێی پرۆژە دەبێت، نەک مووچەی مانگانەو بۆ ئەو مەبەستەش لە یاساکەدا داوا کراوە ساڵانە بەشێک لە بودجەی هەرێم بۆ ئەو بوارە تەرخان بکرێت.

بەپێی وتەی سەروەر عەلی پرۆژەیاساکە ڕێکخراوەکان دەبەستێتەوە بە پەرلەمانەوە، نەک حکومەت تا ڕێ لە دەستێوەردانی حکومەتو پەنابردنە بەر گوشار بگیرێت بۆ سەر ڕێکخراوەکانو مافی چاودێریکردنی کاری حکومەتو پەرلەمانو دادگاو ڕەوشی مافی مرۆڤو بەدەستهێنانی زانیاریشیان پێدەدرێت، وتیشی: «بەپێی پرۆژەیاساکە ڕێکخراوەکان مافی ئەوەیان هەیە ڕاپۆرت لەسەر بوارە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بڵاو بکەنەوەو خۆپیشاندانو چالاکی مەدەنی ڕێکبخەن.

## «زمانحاڵی خەڵکی کەرکوک دەبێت»

# تەلەفزیۆنی گۆڕان لە کەرکوک دەست بە پەخش دەکات

**کەرکوک — ئارام جەمال**

ئامادەکارییەکانی دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵیی سەر بە کۆمپانیای وشە لە شاری کەرکوک تەواوبووەو لەم ڕۆژانەدا دەست بە پەخشی ئەزموونیی کەناڵەکە دەکرێت، هاوکات خەڵکی کەرکوک بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی کەناڵەکە دەکەنو خوازیارن کەناڵەکە بەشێوازێکی پیشەیی‌و واقیعی لە شارەکەیاندا پەخش بکاتو ئەو کەموکوڕیی‌و نیگەرانیانەی خەڵکی شارەکە کە پێشتر کەناڵە لۆکاڵییەکانی دیکەی کەرکوک کاریان لەسەر نەکردووە، ئەم کەناڵە بە ڕاستگۆیی‌و ئەمانەتەوە بیانگەیەنێت بە دەسەڵات.

ئاسۆ جەمال موختار، سەرپەرشتیاری تەلەفزیۆنی گۆڕان لە کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانەوە هەمیشە خەونی کاک نەوشیروانو برادەرانی بزووتنەوەی گۆڕانو کۆمپانیای وشە ئەوەبوو، کە چەند دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن لە شاری کەرکوک دابمەزرێنن، بەتایبەت کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لۆکاڵیی کە لەم قۆناغەدا ئەرکێکی پێویست بوو، سەرئەنجام توانرا ئەو کارە بکرێت.

وتیشی: «ماوەی زیاتر لە مانگێکە کار لە دامەزراندنی کەناڵەکەدا دەکرێتو لە ئێستاشدا سەرجەم کارەکانی تەواوبووەو لەم ڕۆژانەدا پەخشی ئەزموونیی کەناڵەکە دەستپێدەکات».

لەبارەی توانای مەودای کەناڵەکەو کاتی پەخشکردنییەوە ئاسۆ جەمال موختار ڕایگەیاند: ئامێری پەخشی کەناڵەکە یەک کیلۆ واتەو لەسەر سیستمی UHF پەخشدەکاتو بەهۆی بەرزیی شوێنی پەخشی کەناڵەکەوە لەناو شاری کەرکوک، هەندێک ناوچەی دەوروبەری شاری کەرکوکیش بەباشی ڕوومال دەکاتو وەک زۆربەی کەناڵە لۆکاڵییەکان لە شەو و ڕۆژێکدا نزیکەی (١٢) کاتژمێر پەخشدەکات، لەئێستاشدا چەندجارێک تێستی کەناڵەکە کراوەو سەرکەوتوو بووە.

هاوکات خەڵکی شاری کەرکوک بە جیاوازی نەتەوەییانەوە بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی گۆڕان دەکەنو خوازیارن کەناڵەکە ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانیان بێت.

هێمن محەمەد تەمەن (٢٤) ساڵ دانیشتووی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوک، لەبارەی کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی گۆڕانەوە دەڵێت: «چاوەڕوانی کردنەوەی کەناڵی گۆڕانمو بەهیوام ئەو کەناڵە بەشێوازێکی ڕاستگۆیی‌و واقیعی مامەڵە لەگەڵ کەرکوکدا بکاتو ببێتە ئاوێنە بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە خۆیانی تێدا ببیننەوە». وتیشی: «ئەو کەناڵانەی ئێستا لە کەرکوکدا کاردەکەن وەک پێویست بە جورئەتەوە دەستناخەنە سەر کەموکوڕییەکان یاخود کەمتر خۆیان لە کێشەکانی خەڵکو گەندەڵیی ئیداریی دەدەن، بۆیە دەبێت کەناڵی گۆڕان کەناڵێکی جیاوازبێتو دەستبخاتە سەر کەموکوڕییەکان».

یوسف عەلی هاوڵاتی تورکمان تەمەن (٣٢) ساڵ دانیشتووی گەڕەکی موسەڵای شاری کەرکوک، لەبارەی کردنەوەی کەناڵی گۆڕانەوە دەڵێت: «لەکاتی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە بڕوام بە بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان کردووەو پێموایە، بزووتنەوەیەکی واقیعبینەو مامەڵەی دروست لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکان دەکات، بەتایبەتی تورکمان، بۆیە خۆشحاڵ دەبم بە کردنەوەی کەناڵی ئەو بزووتنەوەیە لە کەرکوکو وایدەبینم کە کەناڵێکی ڕاستگۆو واقیعی بێتو نەک تەنیا مینبەری کورد، بەڵکو مینبەری هەموو نەتەوەکانی ئەم شارە دەبێت بەبێ جیاوازی، بۆیە من لەئێستاوە لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانمو پێموایە ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە جێگەی هەموومانی تێدا دەبێتەوە».


کەرکوک لە چاوەڕوانی کەناڵێکی جیاوازدا

ئەبو ئەحمەد، هاوڵاتی عەرەب تەمەن (٣٠) ساڵ دانیشتووی گەڕەکی یەکی ئازاری شاری کەرکوک، سەبارەت بە کردنەوەی تەلەفزیۆنی لۆکاڵیی گۆڕان بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەگەڵ بەشێکی زۆر لە خزمو کەسە نزیکەکانمان بڕیارمانداوە کار بۆ بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، بۆیە خۆشحاڵم بە کردنەوەی کەناڵی تەلەفزیۆنی گۆڕان لە کەرکوکو پێموایە، ئەم کەناڵە ڕۆڵێکی باشی دەبێت لە سەرنجڕاکێشانی هاوڵاتییانی عەرەب لە سنووری کەرکوک، بەتایبەت ئەگەر بەرنامەکانی لایەنداریی بۆ نەتەوەیەک تیایدا ڕەنگنەداتەوە، بۆیە کردنەوەی ئەم کەناڵە بۆ خەڵکی ڕەسەنی کەرکوک دەبێتە دەستکەوتو خوازیارم گرنگی بە خۆشیی‌و ناخۆشییەکانی خەڵکی کەرکوک بدات».

لەبارەی ناوی کەناڵەکەو جۆرو سیاسەتی بەرنامەکانی، سەرپەرشتیاری کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵیی گۆڕان لە کەرکوک ڕایگەیاند: ناوی کەناڵەکە گۆڕان دەبێتو بەرنامەکانی شێوازی هەمەڕەنگ دەبێتو بەپێی تایبەتمەندیی شاری کەرکوک پەخشدەکات، کە لە سەرەتاوە بە زمانی کوردیی‌و عەرەبیی‌و دواتریش هەوڵدەدەین بە زمانی نەتەوەکانی دیکە بەرنامەکانی پەخشبکرێت، بەڵام کەناڵێکی کەرکوکی دەبێتو بەپێی واقیعی شاری کەرکوکو ڕاستگۆیی‌و پیشەییەوە کاردەکەینو هەوڵدەدەین واقیعی شارەکەو ئەو کەموکوڕییانەی کە هەیە کاریان لەسەر بکەین، بەئومێدی ئەوەی بتوانین کەناڵەکە بە ڕاستگۆییەوە بەردەوامیی پێبدەین.

وتیشی: «بەشێکی زۆر لە کادیرانی کەناڵەکە ئامادەکراون، کە خەڵکی شارەکەنو لە داهاتووشدا بەپێی پێویستیی کادیری دیکەی بۆ وەردەگیرێتو هەوڵیشدەدرێت لە داهاتوودا کەناڵەکە برەوی پێبدرێتو پێشبخرێت».

## فراکسیۆنەکانی گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵو بزووتنەوەی ئیسلامیی:

# پرۆژەی دەستووری هەرێم پێویستی بە هەموارکردنە

دلێر عەبدولخالق

فراکسیۆنەکانی گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵو بزووتنەوەی ئیسلامیی بە ئامانجی پێداچوونەوەو هەموارکردنەوەی بەشێک لە برگەکانی ئاماژە بە پێویستیی دووبارە گەڕاندنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ بەردەستی پەرلەمانتارانی خولی سێیەم دەکەنەوە، لە بەرامبەریشدا جێگری فراکسیۆنی کوردستانی پێیوایە پرۆژەکە پێویستی بە گەڕانەوە بۆ پەرلەمان نییەو ئەو حاڵەتەش «بە کودەتا بەسەر خولی پێشوودا ناودەبات».

## پەسەندکردنی پرۆژەکە

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە کۆتاییەکانی خولی دووەمی پەرلەمان پەسەندکرا، کە لە دیباجەیەکو (١٢٢) مادە پێکهاتووەو بەسەر هەشت دەروازەی سەرەکیدا دابەشکراوە، ئەگەرچی بیرۆکەی پێشنیازکراوی پرۆژەکە بۆ سەرەتاکانی خولی یەکەمی پەرلەمان لەساڵی (١٩٩٢) دەگەڕێتەوە، بەڵام هەلومەرجە سیاسییو بارگرژییە ناوخۆییەکانی هەرێم پرۆژە دەستوورییەکەی بە نووستوویی لە پەرلەماندا هێشتەوە، تائەوەی لەمانگی نۆڤەمبەری (٢٠٠٢)و لە خولی دووەمی پەرلەماندا لیژنەیەکی دیکەی بۆ دروستکراو بە دەستکارییەوە پرۆژەیەکی دیکەی بۆ گەڵاڵەکرا، لیژنەکە دوای تەمەنێک دوایین پرۆژەی خۆی ئامادەکردو لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی خولی دووەم پەسەندیکرد.

## ناڕەزاییەکان

پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم، هاوکات بوو لەگەڵ بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتیی هەرێم، دەرئەنجامی تێپەڕاندنی دەستوورەکە ناڕەزاییەکی گەورەی لەناوخۆی هەرێمدا دروستکرد، کە بەشێوەیەکی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان وەک چوارچێوەیەکی سیاسیی ڕابەرایەتی دەکرد، دواتریش لەسەر ئاستی عێراقو نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئەو ناڕەزایەتییە رەنگیدایەوە، ئەمەش دوای ئەوەی پارتیو یەکێتی مەبەستیان بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموز راپرسی لەسەر رەشنووسی دەستوورەکە ئەنجام بدەن.

**پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو: هەڵوێستی پێشترمان دەربارەی پرۆژەی دەستوور لە چوارچێوەو دۆخێکی دیکەدا بووە**

## گۆڕانی هەڵوێست

ئێستا پێکهاتەی سیاسیی خولی سێیەم بە بەراورد بە خولی دووەمی پەرلەمان جیاوازە، بەتایبەت دوای هاتنەکایەی بزووتنەوەی گۆڕانی خاوەنی (٢٥) کورسیو بزووتنەوەی ئیسلامیی خاوەن (٢) کورسی، بەوپێیەی پێشتر ئەم دوو هێزە ئامادەییان لەو دەسەڵاتەدا نەبوو، هاوکاتیش هەڵوێستی بەشێک لەو حیزبە سیاسییانەی لە رابردوودا لەگەڵ تێپەڕاندنی پرۆژەکە بوونو ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتیش یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامی، کە خاوەنی (١٠) کورسی پەرلەمانن جەخت لە پێداچوونەوەی پرۆژەکەو دووبارە گفتوگۆکردنی برگەو مادەکانی دەکەنەوە، بەڵام تەنیا ئەم جەختکردنەوەیە بەس نییە، چونکە گەڕانەوەی پرۆژەکە پێویستی بە ڕێژەی (٢/٣)ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، ئەو واقیعەش روونە ئەو ڕێژەیە نە بە فراکسیۆنی دەسەڵاتو نە بە بەرەی ئۆپۆزسیۆن تەواو نابێت.

سەمیر سەلیم، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: هەڵوێستی پێشترمان دەربارەی پرۆژەی دەستوور لە چوارچێوەو دۆخێکی دیکەدا بووە، هەرچەندە رەزامەندیشمان لەسەردا، بەڵام تێبینیمان لەسەر رەشنووسەکە هەبووەو قسەی خۆمان کردووە. ئێستا بڕوامان وایە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ چوارچێوە یاساییەکان بەشێوەیەک بتوانین ئەو پرۆژە رەشنووسە بهێنینەوە سەرمێزی گفتوگۆی پەرلەمانو تێبینی خۆمانی لەسەر بخەینە روو. ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی یەکگرتووئاماژەی بەوەشکرد؛ لەژێر رۆشنایی ئەو کاردانەوە گەورەیەی لە ناوەندە میدیایی، سیاسییو جەماوەرییەکان لەسەر رەشنووسەکە دروستبوو، مافی خۆیەتی پرۆژەکە بێتەوە پەرلەمان، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دروستکردنی ئەزموونێکی دیموکراسیدایە، کە پێویستە کەمترین رەخنە لەسەر دەستوورەکەی هەبێت.

ئەندامێکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیش پێیوایە؛ جۆرێک لە نا هەماهەنگی لەنێوان دەقەکانی رەشنووسەکەدا بەدیدەکرێت، بەشێوەیەک بە پێچەوانەی سیستمی پەرلەمانی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم زۆرەو لە بەرامبەریشدا رۆڵی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە تەشریفاتیو شکڵیی دەردەکەوێت.

د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی وت: «ئێمە لەگەڵ ئەوەداین پرۆژەکە دووبارە بخرێتەوە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانو گفتوگۆی لەسەربکرێت، چونکە تێبینیمان لەسەر ئەو ناهەماهەنگییە هەیە کە لەنێوان دەقەکاندا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە کە ئێمە سیستمی پەرلەمانیمان هەبێت، نابێت دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم ئەوەندە زۆربێت، کە سەرۆک وەزیران لەبەرامبەریدا دەورێکی تەشریفاتیو شکڵیی پێبببەخشرێت». بەرزنجی بڕوای وایە تا ئەوەی کۆکبوونی نیشتمانی لەسەر پرۆژەکە نەبێت، ناکرێت بچێتە خانەی راپرسییەوە، ئاماژە بەوەش دەدات؛ پاساوەکانی ئەوان سیاسییو ئایدیۆلۆژی نین، بەڵکو دەیانەوێت دەستوورێکی لەبار هەبێت، کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لێی رازیبنو هەوڵبدرێت هاوسەنگیی لەنێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنو یاسادانانو دادوەریی هەبێت.

پێشترو بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی پرۆژە دەستوورییەکە چەندین یاداشتو سەرنجو تێبینیی لەلایەن پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، پسپۆڕانو شارەزایانو نوخبە جیاوازەکانی هەرێمەوە ئاراستەی لیژنەی دەستووریی پەرلەمان کراوە، کە بەشێک لە تێبینییەکان شکڵینو بەشەکەی دیکەش پەیوەندیی بە ناوەڕۆکەوە هەیە.

## گۆڕان، نەگۆڕی هەڵوێست

د.زانا رەئوف، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، هەڵوێستی نەگۆڕی فراکسیۆنەکەیانی بەرامبەر پرۆژەی دەستووری هەرێم دووپاتکردەوەو ئاماژەی بەوەکرد؛ پێویستدەکات ئەو پرۆژەیە پێداچوونەوەی گشتگیری تێدابکرێت، بۆئەوەی ببێتە بناغەی هاوسەنگی راگرتنی کۆمەڵایەتیو بناغە دارێژەری بە دامەزراوەکردنی دەسەڵات بێت.

بە بڕوای زانا رەئوف، کە خۆی پسپۆڕی یاسای دەستووریشە، پرۆژەی دەستوری هەرێم ئەو ئامانجانە ناپێکێت کە لە بنەڕەتدا دەستووری لەپێناو دروستبووەو روونیکردەوە گرنگترین ئامانجە سەرەکییەکانی دانانی دەستوور لەهەر وڵاتێکدا، بریتییە لە دەستنیشانکردنی قەوارەی دەوڵەت، ڕێکخستنی چۆنێتی گرتنە دەستی دەسەڵات، ڕێکخستنی چۆنێتی پەیوەندیی ئەو دەسەڵاتانەو چۆنێتی زامنکردنی مافی هاوڵاتی لە بەشداریی سیاسییو پاراستنی مافە سەرەکییەکان، بەڵام ئەگەر ئەم بنەمایانە بەسەر ئەو پرۆژە دەستوورییەدا پراکتیزەبکەین، دەبینیت دووچاری کەلێنی گەورە دەبین. لەوبارەیەوە نموونەی ئەوەی هێنایەوە پرۆژەکە «سەرکەوتوو نەبووە لە دیاریکردنی سنوورێکی راستەقینەی هەرێم، ئەو سنوورەی لە بنەڕەتدا بە سنووری سروشتیی هەرێم دادەنرێت»، چونکە بۆ دیاریکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانو پرسی ناوچە جێناکۆکەکان خۆی بەستووەتەوە بە مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقییەوە، لەکاتێکدا کێشەی گەورەمان جێبەجێنەکردنی ئەو مادەیەیە.

## بزووتنەوە، داوای پێداچوونەوە دەکات

بزووتنەوەی ئیسلامیی هێزە زیندووبووەکەی دوای هەڵبژاردنی (٢٥) تەممووزە، ئەگەرچی ئەو هێزە بەشداریی کابینەی ئیداریی هەرێمی کردووەو لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا نییە، بەڵام بەپێی لێدوانی سەرۆکی فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمان، لەگەڵ پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوورەکەنو پێشتریش سەرنجی خۆیان وەک بزووتنەوەی ئیسلامیی بۆ لیژنە پەرلەمانییەکە ناردووە.

د.ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی، بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو دەستوورە خاڵی نییە لە کەموکورتییو تێبینیی خۆمان لەسەری هەیە، لەو ڕووانگەوە پێمانوایە مافی ئەم خولەی پەرلەمانە پێداچوونەوە بەو پرۆژەیە بکاتو قسەو گفتوگۆی لەسەر بکات، چونکە پەرلەمان نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکاتو دەتوانرێت خاڵە لاوازەکانی دیارییبکرێتو چاکبکرێت، ئەمەش بەو ئامانجەی زۆرینەی چینو توێژو لایەنە سیاسییەکان لەسەر دەستوورەکە کۆکو تەبابن».

دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژە دەستوورییەکەدا، یەکێکە لەو خاڵانەی جێگای سەرنجی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی هەرێمە. زانا رەئوف، پەرلەمانتارەکەی لیستی گۆڕان پێیوایە؛ یەکێک لە کێشەکانی پرۆژەکە خراپیی ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانو پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکانەو وتی: «سیستمی پەرلەمانیی جیاکردنەوەی نەرمونیانی بۆ دەسەڵاتەکان کردووە، بەڵام پێدەچێت هەوڵێک هەبێت بۆ قەتیسکردنی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، هەروەک زیادکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەسەر حسابی حکومەت لەلایەکو پەرلەمان لەلایەکی دیکە مەترسیدارە، ئەم مەترسییەش پەیوەندیی بە کەسەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە پۆستەکەوە هەیە، کە دەبێتە بناغەیەک بۆ دیکتاتۆریی».



## کوردستانی: دەستوور گۆڕانکاریی جەوهەریی تێدا ناکرێت

کوردستانی، فراکسیۆنە یەکەمەکەی پەرلەمان کە خاوەنی (٥٩) کورسییەو نوێنەرایەتی پارتیو یەکێتی دەکات، ئەو بەشەی پەرلەمانە کە جەخت لەسەر تێپەڕاندنو نەگەڕاندنەوەی پرۆژەکە دەکات بۆ ناو پێکهاتە نوێیەکەی دەسەڵاتی یاسادانان، چونکە پێیانوایە؛ «پرۆژەکە هەموو شتە جەوهەرییەکانی تێدایەو پێویست ناکات بگەڕێتەوە پەرلەمان».

دڵشاد بارزانی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی، بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو پرۆژەیە تەواو کامڵەو دیراسەکراوەو بەشێکی هەرە زۆری داخوازییەکانی گەلی کوردستانی تێدایە، هەربۆیە بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی خولی پێشوو پەسەندکراوە، زۆربەی ئەو لایەنە سیاسییانەی پێشتر لە پەرلەماندا بوون جگە لە گۆڕان ڕەزامەندبوون لەسەری، هاوکات هیچ واقیعێکی نوێش نییە تا پێویست بە پێداچوونەوەی ئەو پرۆژەیە بکات». جێگری فراکسیۆنی کوردستانی ئاماژە بەوە دەکات؛ لەگەڵ ئەوەی پرۆژەکە لەجێی ئومێدی هەموومان نییە، بەڵام بۆ ئەم قۆناغە زۆر گرنگە، کە پێویستدەکات هەوڵبدرێت دەرفەتێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی راپرسی لەسەر بکرێت، نەک بگەڕێتەوە پەرلەمان، چونکە ئەگەر بشگەڕێتەوە مومکین نییە گۆڕانکاریی جەوهەریی تێدابکرێت. وتیشی: «پێویستە ڕێز لە ئیرادەی پەرلەمان بگیرێت، ناکرێت ئەم خولەی پەرلەمان شتێکی پێ باش نەبێت، کاری خولی پێشوو ڕەفز بکات، پێموایە ئەمە کودەتایە».

## ئۆپۆزسیۆن، بڕیاریداوە نەبێتە دەسەڵات!

بەبڕوای دڵشاد بارزانی ئەو پاساوانە بێهێزن کە داوای هەموارکردنو گفتوگۆی دووبارەی پرۆژەیاسای دەستوری هەرێم کە دەکەن، لەو بارەیەوە پێیوایە؛ پێویستە تێڕوانینەکان یاسایی بن، نەک بۆ پۆستو کەسەکان بێتو وتی: «دەوترێت دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم زۆرە، کەواتە بۆچی پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێم پێش رەشنووسەکە کەس ناڕەزایی لەسەر نەبووە، پۆستەکان بۆ داهاتووی وڵاتن نەک بۆ کەسەکان، واتە ئەمرۆ سەرۆک بارزانی بەڕێوەی دەبات کاتێکی دی بۆ یەکێکی دیکەیە، بەدیوێکی دیکەدا نە ئێمە تا دنیا هەیە لە دەسەڵات دەبینو نە ئۆپۆزسیۆنیش هەمیشە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام رەخنەکان بەشێوەیەکن واپێدەچێت ئۆپۆزسیۆن بڕیاری دابێت نەبێتە دەسەڵات».

**د. زانا رەئوف: پرۆژەی دەستووری هەرێم ئەو ئامانجانە ناپێکێت کە لە بنەڕەتدا دەستووری لە پێناودا دروستبووە**

# ـــــە کۆنگرەکەی بەغدا پووچەڵکردەوە


کۆنگرەی نیشتمانیی کەرکوک بەغدا ١٩-٢٠٠٩/١١/٢١

زمانی جیاوازو دەستگرتن بە زمانی دایکی خۆیانەوە، کارێکی ئاساییە.

لەو بارەیەوە عەلی مەهدی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیستی بەرەی تورکمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە بە وەفدێک بەشداریمان کرد، کۆنگرەکە بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەبوو کە تایبەت بوو بە کێشەی موڵکداریی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی کۆنگرەکەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە وەکو میوان بانگهێشتکرابوو، تەداخولی مەسەلەی کەرکوکی کردو باسی لە مادەی (١٤٠)کرد، بەوهۆیەوە ئێمەو عەرەبەکان کۆنگرەکەمان بەجێهێشت، ڕۆژانی دواتر ئێمە بە مەرج هاتینەوە ناو کۆنگرەکە، بەڵام دیسانەوە پەرلەمانی کوردستان تەداخولیانکردەوە».

## پڕۆژەی هلسنکی

پڕۆژەی ئاشتبوونەوەی هلسنکی بە دوو دیدار لە شاری هلسنکی لە فنلەندا لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو نوێنەری پێکهاتەکان دەستپێکردووە، کۆبوونەوەی یەکەم لە مانگی ئەیلولی (٢٠٠٧)و کۆبوونەوەی دووەمیش لەمانگی نیسانی ساڵی (٢٠٠٨)دا ئەنجامدراو دواتریش لەمانگی تەمموزی ساڵی (٢٠٠٨)دا دیدارو کۆبوونەوەکان لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوک، لەبەغدا درێژەی پێدرا.

## بنەماکانی ڕێکەوتنەکە

بنەماکانی ڕێککەوتننامەی هلسنکی لە (١٧)بەند پێکهاتووەو مانگی ئایاری ساڵی (٢٠٠٩) لە لایەن (٣٢)ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە لە کۆی (٤١)ئەندام ئیمزاکراوەو پێکهاتووە لە پابەندبوون بە یەکێتیی خاکی عێراقو دەستوورو کارکردن بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور بەپێی بنەما پەسەندکراوەکانو پابەندبوون بە ڕێگاچارەکانی ئاشتیو دیموکراتیو پابەندبوونی هەموو لایەنەکان بە ئەنجامی دانوستاندنو گفتوگۆکانو پشتبەست بەدەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتو ڕەتکردنەوەی دەستێوەردانی دەرەکیو هەرێمی لە کاروباری ناوخۆو ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤو پاراستنی ئازادییە سەرەکییەکانو ڕێزگرتنی کەمینەکانو ڕێزگرتنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییو بەشداریی ئازادانەی هەموو هێزە نیشتمانییەکان لە کاروباری سیاسیی وڵاتدا بەپێی بنەما دیموکراتییەکانو پەیوەندبوون بە بنەبڕکردنی گەندەڵییەوەو چەند بنەماو ڕێوشوێنێکی دیکە.

لەوبارەیەوە ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەم کۆنگرەیە تەواوکەری کۆنگرەی (هلسنکی)یەو بەمەبەستی تایبەتمەندکردنی کەرکوکو ئەو گرفتانەی لە شارەکەدا هەن، بەسترا، ئامانجی کۆنگرەکە بریتیبوو لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشەکان، بە تایبەتی مەسەلەی (کێشەی موڵکداریی، گەشەپێدانو میزانییە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک)و ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی باشەو سوودی هەیە».

## بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکە

کۆنگرەی نیشتمانیی کەرکوک کە لە بەغداو لەژێر ناونیشانی (ڕێککەوتننامەی هلسنکیو ئایندەی کەرکوک کە لە ڕۆژانی ١٩-٢١ی تشرینی دووەم لە بەغدا بەڕێوەچوو، کۆتایی بە کارەکانی هێنا بە بەیاننامەیەکی کۆتایی کە لە لایەن هاشم تائی، سەرۆکی لیژنەی هەرێمو پارێزگاکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خوێندرایەوەو تیایدا هاتووە:

بەشدارانی کۆنگرەکە لە نیگەرانییەکان تێدەگەن کە پەیوەندییان بە ئایندەی کەرکوکەوە هەیەو جارێکی دیکە جەخت دەکەنەوە لە گرنگی درێژەپێدانی گفتوگۆ لە چوارچێوەی بنەماکانی ڕێککەوتننامەی هلسنکی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە گفتوگۆ لەگەڵ شارەزا نێودەوڵەتییەکان ئەنجامبدرێت لەماوەیەکدا کە لە یەکی نیسانی ساڵی (٢٠١٠) تێپەڕنەکات.

# قایمقامی کەرکوک: لەبەرئەوەی باسی گەندەڵیم کرد، ئەنجومەن لایبردم


پشتیوان سەعدوڵڵا

دوای لابردنی لە پۆستی قایمامی کەرکوک لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە، ئیحسان گلی، قایمقامی پێشووی کەرکوک بڕیارەکە بە پیلانێکی حیزبی وەسفدەکاتو پێیوایە؛ هۆکاری دوورخستنەوەی لەو پۆستە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕەخنەی لە بەرپرسان گرتووە، هەرچەند بە وتەی بەرپرسانی ئەنجومەن، ناوبراو سەرپێچی یاسایی کردووە.

ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٧) ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەبەر ڕۆشنایی چەند نووسراوێکی پارێزگاری کەرکوک بڕیاری لابردنی ئیحسان گلی، قایمقامی کەرکوکی داو بە (١٣) دەنگ بەرامبەر بە (١٢) دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، ناوبراو لە پۆستەکەی دوورخرایەوە.

دوای لابردنی لە پۆستەکەی ئیحسان گلی، بە توندی ڕەخنەی ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کردو ئاماژە بەوەش دەکات، ئەو بڕیارە لەژێر فشاری لقی (٣)ی پارتیدا بووە، هاوکات بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامەش ناوبراو بەنیازە سکاڵا لە دژی ئەنجومەنی پارێزگا تۆمار بکات.

ئیحسان گلی، قایمقامی پێشووی کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕیاری لابردنی من لە پۆستی قایمقامیەت پیلانێکی حیزبی بوو، نەک بڕیارێکی ئیداریی، لە کەرکوکدا کێشەیەکی زۆر هەیەو چەندینجار داوای هاوکاریم کردووە، بەڵام هیچ بەرپرسێکی کەرکوک هاوکاری نەکردووین، من لە ماوەی کارکردنمدا تەنیا قسەی ڕاستم وتووەو ڕەخنەم گرتووەو باسی گەندەڵیم کردووە، من باسی ئەوەم کردووە، کە بەشێک لە بەرپرسەکانی کورد



لە کەرکوک لەبری کوردایەتی حیزبایەتییان کردووەو خزمەتی خەڵکی شارەکەیان نەکردووە، هۆکاری لابردنم بۆ هەڵوێستەکانم دەگەڕێتەوە، نەک بەهۆی ئەوەی کە بە مەبەست هەندێک شتیان بۆ دروستکردووم.

بەوتەی بەرپرسانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە(٢٠٠٩/١١/٥) پارێزگاری کەرکوک نووسراوێکی ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگا کردووە بۆ ئەوەی هەڵوێست وەربگرێت بەرامبەر ئیحسان گلی، بەهۆی ئەوەی ناوبراو چەند سەرپێچییەکی یاسایی کردووە، لەوانە (بەجێهێشتنی دەوام، هێرشکردنە سەر لێپرسراوانی کەرکوک).

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگا لە ڕێگەی پارێزگاری کەرکوکەوە نووسراوێکمان بۆ هاتو بەپێی نووسراوەکە قایمقامی کەرکوک دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندووەو جگە لەوەش لە ڕاگەیاندنەکاندا هێرشیکردووەتە سەر دامودەزگای حکومییو حیزبی لە کەرکوک، هەروەها بۆ ماوەیەک دەوامی جێهێشتووە، بۆیە بڕیاری لابردنی درا لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە.

## هەواڵ

### بەرپرسی موسڵی بەرەی تورکمانی کوژرا



پۆلیسی موسڵ ڕایگەیاند، ڕۆژی(١١/٢٢) ژمارەیەک چەکداری نەناسراو، یاوز ئەحمەد حسێن، ئەندامی لیژنەی تەنفیزی بەرەی تورکمانیو سەرۆکی لقی موسڵیان لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە (حەی ئیعلام) لە باکووری موسڵ کوشتووە.

لەلایەکی دیکەوە هەر لە موسڵو ژمارەیەک چەکدار، شێخ فازڵ جارو، یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانی شەبەکیان لە ناوچەی سەقاقییە کوشت.

### ئێزدییەکان داوای شەش کورسی دەکەن

فەرەج خەیری، ئەندامی لیستی ئێزدییە سەربەخۆکان بە ئاژانسی ئەسواتولعێراقی ڕاگەیاند: لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا داوای شەش کورسی دەکەن، پێنجیان لە پارێزگای موسڵو یەک کورسی لە پارێزگای دهۆک، بەوپێیەی ژمارەی ئێزدییەکان لەو دوو پارێزگایەدا زیاتر لە (٥٠٠)هەزار کەسە، لەکاتێکدا بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ هەر (١٠٠)هەزار دەنگدەرێک کورسییەکی پەرلەمان تەرخانکراوە، وتیشی: «ئەگەر داواکارییەکانمان لەیاسای هەڵبژاردندا جێبەجێ نەکرێت، ئەوکاتە پەنادەبەینە بەر دادگای دەستوورییو شکات دەکەین».

### ڕێژەی دەنگدان لە موسڵ کەمدەبێتەوە



موحسین سەعدون، پەرلەمانتاری عێراق، لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ڕایگەیاند: کێشەکانی پارێزگای نەینەوا کە بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لیستی برایەتییو لیستی حەدبای دەسەڵاتدارەوە دروستبوون، کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئاستی بەشداریکردنی دەنگدەرانی موسڵ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

بە وتەی سەعدون، هاوڵاتییانی نەینەوا بەرهەمی دەنگدانیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نەچنیوەتەوە بەهۆی ناکۆکییە ئیدارییەکانەوەو ئەمەش هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی گشتیی عێراقدا.

### جێگرێکی پارێزگاری دیالە دەستگیرکرا



سەرچاوەیەکی ئەمنیی لە پارێزگای دیالە ئاشکرایکرد، ڕۆژی یەکشەممە هێزەکانی پۆلیس، محەمەد جاسم حسێن جبوری، ئەندامی لیستی چاکسازیی یەکگرتوو، جێگری دووەمی پارێزگاری دیالەیان دەستگیرکردووە بەپێی یاداشتێکی دادگاو بەپێی مادەی (٤)ی تیرۆر.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ، لەوکاتەی جبوری پۆستی جێگری پارێزگاری وەرگرتووە، سەردانی پارێزگای نەکردووەو سەرپەشتی یەکێک لە هێزە چەکدارەکانی کردووەو دواتر پەیوەندی کردووە بە هێزەکانی سەحوەوە.

## کۆنگرەی کەرکوک بۆ دۆزینەوەی بەدیلی دیکە بووە؟

# پەرلەمانتارانی کوردستان، پلانی پەردەپۆشکردنی مادەی (١٤٠)یان لـــ

بەهادین یوسف
پشتیوان سەعدوڵڵا

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە، بەشداریکردنی نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەی نیشتمانیی کەرکوک کە لە بەغدا بەڕێوەچوو، تێکشکاندنی ئەو نەخشانەبوو کە داڕێژرابوون بۆ پەردەپۆشکردنی مادەی (١٤٠)و مانای ڕۆڵی کاریگەری پەرلەمان دەگەیەنێت لە کێشە چارەنووسسازەکانداو بە وتەی ڕاوێژکارێکی پەرلەمانیش، بەشداریی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچەند جیاوازی هەبێت، بەڵام لە کێشە چارەنووسسازەکاندا یەکهەڵوێستن.

بە بەشداریی (٤٠)کەسایەتیی سیاسیی و پەرلەمانیی و عەشائیریی و بە بەشداریی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک شارەزای نێودەوڵەتی لە ئێرلەندای باکوورو باشووری ئەفریقا، ڕۆژانی (١٩-١١/٢١) کۆنگرەی نیشتمانیی کەرکوک لە بەغدا لەژێر ناوی (ڕێکەوتننامەی هلسنکیی و ئایندەی کەرکوک) بەڕێوەچوو و تەوەری سەرەکیی کۆنگرەکە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە موڵکدارییەکان و کاراکردنی ئەو لیژنە تایبەتەی بۆی پێکهێنراوە، هەروەها تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت لەگەڵ هەمووارکردنەوەی یاسای تایبەت بە چارەسەری کێشە موڵکدارییەکان و هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و بەشدارانی کۆنگرەکە لەکۆتاییدا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە کۆنگرەیەکی دیکە ببەسترێت لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی شارەکەو ئایندەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی.

کۆنگرەکە ماوەی سێ ڕۆژی خایاندو ئامادەبووان دابەشکران بەسەر سێ گرووپدا، گرووپی یەکەم، ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و گرووپی دووەم، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و گرووپی سێیەم، ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ئامانجی لێکنزیکردنەوەی بیرو بۆچوونەکان و هەر گرووپێکیش شارەزایەکی نێودەوڵەتی لەگەڵیدا بەشداربوو.

### لە بەغدا، کورد یەکهەڵوێستە

تاریق جەوهەر سارمەمی، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی سەباحی ڕاگەیاند: بەشداریکردنی کوتلەکانی کوردستانی و گۆڕان و یەکگرتوو لە کۆنگرەکەدا، نیشانەی یەکهەڵوێستیی کوردە بەرامبەر مەسەلە ستراتیژییەکان کە پەیوەستن بە کوردەوە، لەوانەش مەسەلەی کەرکوک بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی بیروبۆچوونەکانەوە لەناو پەرلەمانی کوردستان و گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش نیشانەی ژیانی دیموکراتییە لە کوردستاندا.

### بەشداریی کورد، ڕێی لە پەردەپۆشکردنی (١٤٠) گرت

عەدنان عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی گۆڕان کە یەکێکبوو لە بەشداربووانی کۆنگرەکە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: گرنگی بەشداربوونی نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەکەدا لە دوو ڕووەوە بوو، ڕوویەکیان ئەوەیە کە بەشداربوونی پەرلەمانی کوردستان لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا گرنگە، چونکە ئەرکی پەرلەمانە کە لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا قسەی هەبێت و کەرکوک بەشێکە لە مەسەلە چارەنووسسازەکان، گرنگییەکی دیکەی بەشداریکردنەکە ئەوەبوو کە خودی کۆنگرەکە بە دیوێکیدا هەوڵدانێک بوو بۆ پەردەپۆشکردنی مادەی (١٤٠)و هەموو ئەو هەوڵانەی تائێستا دراون و هەوڵدانێک بوون بۆ قسەکردن لەسەر ڕێگەچارەی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، بەشداریکردنی وەفدی پەرلەمانی کوردستان تێکشکاندنی ئەو نەخشانە بوو کە داڕێژرابوون بۆ پەردەپۆشکردنی مادەی (١٤٠)، وەفدی پەرلەمانی کوردستان یەکێک بوو لە وەفدە سەرەکیی و گرنگەکانی کۆنگرەکە، سەرباری ئەوەی کە هەندێک لایەنی تورکمانیی و عەرەبی بەشداریکردنەکەی پەرلەمانی کوردستانیان پێ ناخۆش بوو.

وتیشی: «مەسەلەی کەرکوک تەنیا لە چەند بڕیارێکی میکانیکیدا نییە، بەڵام مەبدەئی یەکترقبووڵکردن لەگەڵ یەکترو گفتوگۆکردن کارێکی باشە، دەبێت بەردەوام لە دیالۆگو دانیشتندا بین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمە شتێکی باشە، بەڵام هەوڵدان بۆ پەردەپۆشکردنی ئەسڵی مەسەلەکان، بە تایبەتی مادەی (١٤٠)، کارێکی خراپەو نابێت هیچ لایەنێکی کوردی ئەوە قبوولبکات».



### کورد، عەرەب و تورکمانەکانی تووڕەکرد

کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە وتەیەکیدا بە زمانی کوردی پێشکەشیکرد تەئکیدی لەسەر پێکەوەژیانی برایانەی نێوان پێکهاتەکانی کەرکوک کردەوە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانداو ئاشکراشیکرد، پارێزگای کەرکوک لە چوارچێوەی نەخشەی عێراقدا دەمێنێتەوە، هەرچەندە بۆچوونی جیاواز هەبێت لەبارەی ئایندەی ئەم پارێزگایەوە، هەروەک داکۆکی لەسەر ئەوەش کردەوە کە نەخشەی ڕێگای چارەسەری کەرکوک بریتییە لە مادەی (١٤٠)ی دەستوور.

لەکاتی پێشکەشکردنی وتەکەیدا، بەشێک لە تورکمان و عەرەبەکانی بەشداری کۆنگرەکە لە هۆڵەکە چوونەدەرەوەو شارەزا بیانییەکانی بەشدار لە کۆنگرەکە پێیانوابوو، بوونی

---

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەبیرکراوە

پشتیوان سەعدوڵڵا

چاودێران و شارەزایانی کێشەی کەرکوک پێیانوایە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناتوانێت بگاتە داڕشتنەوەی یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی کەرکوک و بەوهۆیەشەوە هەڵبژاردنەکە لەوکاتە زیاتر دوادەکەوێت کە بۆی دانراوە.

د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی، وتی: «هەرچەند بەپێی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، دەبێت لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەربکات، بەڵام لەئێستادا ئەنجومەنی نوێنەران ناتوانێت هیچ یاسایەک بەو مەبەستە دەربکات و بەوەش وادەی یاسایی بەسەردەچێت، بەڵام لەوکاتەدا سێ سەرۆکایەتییەکە دەتوانن ڕێوشوێنی گونجاو دابنێن بۆ ئەو هەڵبژاردنە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستنیشانکردنی وادەی ئەو هەڵبژاردنە دەکەوێتە خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران.

بەپێی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان ساڵی (٢٠٠٨)، لە مانگی تشرینی دووەمدا لیژنەیەکی حەوت کەسیی پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کەرکوک، لە دوو نوێنەری کوردو عەرەب و تورکمان و یەک نوێنەری مەسیحی، هەرچەند پێویستبوو تا (٢٠٠٩/٣/٣١) ڕاپۆرتێک ئامادەبکەن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی کەرکوک و پێداچوونەوە بە تۆماری ڕەگەزنامەو دەنگدەران و زیادەڕەوییەکان و لە کۆتایشدا دانانی یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی کەرکوک، بەڵام دوای شکتی لیژنەکە کێشەکە گەڕایەوە ئەنجومەنی نوێنەران. بەپێی هەمان مادە پێویستە پەرلەمانی عێراق یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە دەربکات و لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەنجامبدرێت.




سیروان کاکەیی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هێشتا ماوەی یاسایی بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ماوە، بەڵام بە بۆچوونی من زۆر زەحمەتە پەرلەمانی عێراق بتوانێت یاسایەکی تایبەت بۆ کەرکوک دەربکات، بەتایبەت دوای ئەو مشتومڕە زۆرەی کە لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ڕوویدا.

هەروەها لەمادەی (٢٣) باس لەوەدەکات، ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران نەیتوانی یاسایەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەربکات، ئەوکاتە هەرسێ سەرۆکایەتی ( کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نوێنەران) ڕێوشوێنی تایبەت بەو هەڵبژاردنە دابنێن.

هەروەک سیروان کاکەیی دەڵێت: «بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەگەر پەرلەمان نەیتوانی یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەربکات، ئەوا دەبێت هەر سێ سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەران ڕێوشێونی گونجاو بۆ ئەو هەڵبژاردنە دابنێن.

وتیشی: «لەساڵی داهاتوودا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجامدەدرێت و هەروەها پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووانیش دەکرێت، بۆیە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەوە زیاتر دوادەکەوێت و بەمزووانە ئەنجامنادرێت.

## لەنێوان هەڕەشەکەی بارزانیو ئیمزاکەی تاڵەبانیدا

# کورد سوودی لە ڤیتۆکەی هاشمی وەرگرت

**بەهادین یوسف**



تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق نامەکەی سەرۆکی ئەنجومەنو سەرۆک کوتلەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ڕەتکردەوە کە ڕۆژی یەکشەممە ئاراستەی کرا بۆ پاشگەزبوونەوە لە ڤیتۆکەی، سەبارەت بەیاسای هەڵبژاردنەکان، ئێوارەی دوێنێش ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ جاری دووەم بڕگەی یەکەمی یاساکەی هەموار کردەوەو بەوپێیەش پشت بە تۆماری ساڵی ٢٠٠٥ دەبەسترێت لەگەڵ زیادکردنی ساڵانەی ڕێژەی (٢,٨٪) بۆ هەر پارێزگایەک.

بەم هەوڵەش، دووبارە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گەڕایەوە بازنەی یەکەمیو کوتلەی هاوپەیمانیی کوردستانیش دەیەوێت لە ڕێی ڕەتکردنەوەکەی هاشمییەوە، قەرەبووی ئەو هەڵانەی بکاتەوە کە لەکاتی پەسەندکردنی یاساکەدا بەسەریدا تێپەڕیون.

دوای (١١)کۆبوونەوەی لەسەر یەکو چەند هەفتەیەک دانوستاندنو گفتوگۆ، سەرئەنجام ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٨) بەدەنگی (١٤١)پەرلەمانتار لە کۆی (١٩٦)ئەندامی ئامادەبوو، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەمواری یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەڵبژاردنی پەسەندکرد، سەرەڕای ئەوەی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆمارو عادل عەبدولمەهدی، جێگری یاساکەیان پەسەندکرد، بەڵام ڕۆژی (١١/١٨) تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق ڤیتۆی بەکارهێناو یاساکەی بە ئیمزا نەکراویی گەڕاندەوە بۆ پەرلەمانو داوایکرد، بڕگەی یەکەمی هەمواری یاساکە دەستکاری بکرێتو ڕێژەی کورسی قەرەبوو (٥٪)ەوە بکرێتە (١٥٪)، بۆ ئەوەی ڕێژەی کورسیی دەنگدەرانی دەرەوەی عێراق زیاد بکرێت.

### کورد، گەڕانەوە بۆ داوایەکی تورکمانو عەرەبەکان

هاوکات لەگەڵ دانوستاندنەکاندا لەسەر یاسای هەڵبژاردن، عەرەبو تورکمانەکان داوایانکرد، کە پشت بە تۆماری دەنگدەرانی ساڵی (٢٠٠٤)ببەسترێتو لەو بارەیەوە ئیمزای نزیکەی (١٣٠)پەرلەمانتاریان بۆ ئەو مەبەستە کۆکردەوە، لەبەرامبەردا لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، ڕاستەوخۆ ئەو پێشنیازەیان ڕەتکردەوە، بەو پێیەی بەشێکی زۆری ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوک لە دەنگدان بێبەشدەکاتو سووربوون لەسەر ئەوەی پشت بە تۆماری ساڵی (٢٠٠٩) ببەسترێت.

دوای پەسەندکردنی یاساکە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی داهاتووی عێراقی بە (٣٢٣)کورسی دەستنیشانکرد، بەپێی بنەمای هەر (١٠٠)هەزار هاوڵاتییەک کورسییەکو بەمەش ڕێژەی کورسیی پارێزگاکانی عێراقی دەستنیشانکرد، دەرکەوت بۆ هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، تەنیا (٣)کورسی زیادبووە، بەرامبەر (٧٧)کورسی زیادبوو بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بۆ ئەمەش چەند پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانی دانیان بەوەدانا، هەڵەیانکردووە کە یاساکەیان بەو داڕشتنەوەیەوە پەسەندکردووە.

لەگەڵ ڕەتکردنەوەی یاساکە لەلایەن تاریق هاشمییەوە، لیستی هاوپەیمانی داوایکرد، دووبارە پێداچوونەوە بە دابەشکردنەوەی کورسییەکاندا بکرێتو بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە تۆماری ساڵی (٢٠٠٥) ببەسترێت لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی (٣٪) بۆ هەر پارێزگایەک، ئەمە لەکاتێکدایە کە پێشتر خۆیان دژی پشتبەستن بوون بە تۆمارەکانی(٢٠٠٤و ٢٠٠٥).

### هاوپەیمانیی ئاگاداربوو کە فێڵی لێدەکرێت

دوای دەرکەوتنی ژمارەی کورسیی پارێزگاکان، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕاستەوخۆ کەوتنە لێدوان لەسەر ئەوەی کە کورد فێڵی لێکراوە لە زیادنەبوونی ژمارەی کورسییەکانیدا، بەڵام سەرچاوەیەکی پایەبەرزی بەغداو نزیک لە وەزارەتی بازرگانیی عێراق، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد، کە پێش سێ مانگ لیستی هاوپەیمانیی لە داتاکانی وەزارەتی بازرگانی ئاگادارکراونەتەوەو مەترسییەکانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکانی دیکەی عێراقیان پێڕاگەیاندوون لە بەرامبەر هەرێمی کوردستاندا.

### ڕەتکردنەوەکەی هاشمی

تاریق هاشمی لە ڕەتکردنەوەی یاساکەدا داوایکردووە، ڕێژەی کورسییە قەرەبووەکان کە پشکی ئاوارەکانی دەرەوەشی تێدایە (٥٪) زیادبکرێت بۆ (١٥٪)، لەبەرامبەردا نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیازێکی ئاڕاستەی ئەنجومەنی نوێنەران کرد کە ڕێژەی کورسیی قەرەبوو (٥٪)ەوە زیادبکرێت بۆ (١٠٪)، ئەو ڕێژەیەش تەنیا بۆ دەنگدەرانی دەرەوە بێتو (٨)کورسی کۆتای کەمینەکان لەو ڕێژەیە دەربکرێت.

پێش ڕەتکردنەوەکەی هاشمیش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم هەڕەشەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کرد ئەگەر پشکی پارێزگاکانی هەرێم بەوجۆرە بمێنێتەوە.

### دوا پێشنیازەکان

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، چەند پێشنیازێک لەلایەن کوتلەکانەوە خراوەتەڕوو، لەوانەش لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی پێشنیازیکردووە، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، پشت بە تۆماری ساڵی (٢٠٠٥) ببەسترێت بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی ڕێژەی ساڵانەی (٣٪) بۆ هەر پارێزگایەک.

پێشنیازی دووەم ئەوەیە، کە پشت بە تۆماری دەنگدەرانی ساڵی (٢٠٠٥) ببەسترێت بە لەبەرچاوگرتنی زیادەی (٢,٨٪) بۆ هەر پارێزگایەکو کورسیی ئاوارەکانی دەرەوەی عێراقو (٨)کورسیی کۆتای کەمینەکان لە لە کورسیی قەرەبوو دەربکرێت، کورسیی کۆتای کەمینەکان لە کورسیی ئەو پارێزگایانە تەرخانبکرێت کە کەمینەکانی تێدایەو دەنگدەرانی دەرەوە دەنگ بە پارێزگاکانی خۆیان بدەن.

یەکێکی دیکەش لە پێشنیازەکان ئەوەیە، کە کۆتای کەمینەکان لە کورسیی ئەو پارێزگایانە دەربکرێت کە کەمینەکانی تێدایەو دەنگدەرانی دەرەوەش وەک یەک بازنە دانەنرێنو هەر دەنگدەرێک دەنگ بۆ بازنەی پارێزگاکەی خۆی بداتو ڕێژەی (٥٪)ی کورسیی قەرەبووش بۆ کەمەنەتەوەکانو هاوڵاتییانی دەرەوە نابێتو دەدرێتە ئەو لیستەی زۆرترین کورسی بەدەستدەهێنێت.

دوای چەندین کۆبوونەوەی سەرۆکی کوتلەکانو فراکسیۆنەکان، سەرئەنجام ئێوارەی دوێنێ بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پێشنیازی دووەم پەسەندکرا بەمەش کورد توانی سوود لە ڕەتکردنەوەکەی تارق هاشمی وەربگرێت بەرامبەر ئیمزاکەی تاڵەبانی.

> «پێش پەسەندکردنی یاساکە، لیستی هاوپەیمانی لە ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی ئاگادارکراوەتەوە»

# لیستی «کەسنەزانییەکان» ئینشیقاقی تێدەکەوێت

**هەستیار قادر**

لیستی وەحدەی نیشتمانیی عێراقی کە نەهرۆ کەسنەزانی سەرۆکایەتی دەکات، لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق بێبەش دەکرێتو بەرپرسێکی ئەو گرووپەش بڕیارەکە دەخاتە ئەستۆی بەرپرسێکی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی.

لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا عەلی لامی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی عێراقی ڕایگەیاند، دەستەکەیان مافی نەداوە بە لیستی هاوپەیمانی وەحدەی نیتشمانیی عێراقی کە لەلایەن نەهرۆ محەمەد عەبدولکەریم کەسنەزانییەوە سەرکردایەتی دەکرێتو ڕێیان پێ نادرێت بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بکەنو هۆکاری بێبەشکردنی ئەو لیستەشی لە هەڵبژاردن، گەڕاندەوە بۆ باگراوندی بەعسیی لیستەکە.

لیستی هاوپەیمانیی وەحدەی نیشتمانیی عێراق کە لە تەریقەتی کەسنەزانییەوە نزیکە، لە تکریتو دیالەو ئەنبارو دیالەو سلێمانی بڵاوبوونەتەوە، لە (٧)ی مانگی نۆڤەمبەری ڕابردوو بە سەرۆکایەتیی نەهرۆ محەمەد عەبدولکەریم کەسنەزانی ڕاگەیەنراو هەریەک لە لایەنەکانی گردبوونەوەی وەحدەی نیشتمانیی عێراقیو بەرەی دیالۆکی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتیی خەڵەف علەییانو گردبوونەوەی (ئیصلاء) بە سەرۆکایەتیی فازیل مالیکیو ڕێکخراوی (انصار الرسالة) بە سەرۆکایەتیی مازن مەکیە لەخۆدەگرێتو لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا، گردبوونەوەی وەحدەی نیشتمانیی عێراقی توانی (٥) کەسی ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدین بەدەستبهێنێتو لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٨)یشدا توانییان پۆستی جێگری پارێزگای ئەنبار بەدەستبهێنن.

> خەلەف علەییان: لیستەکەمان پەیوەندی بە بەعسەوە نییەو دەستەی لێپرسینەوەو داد پەروەریش بە ڕەسمی دانەمەزراوە

دەنگۆی سڕینەوەی لیستی هاوپەیمانیی وەحدەی نیشتمانیی عێراق کاردانەوەی توندی لە نێو بەرپرسانی ئەو لیستە لێکەوتەوەو لەوبارەیەشەوە نوری زێدان، بەرپرسی نووسینگەی سەڵاحەدینی ئەو لیستە، ڕەخنەی لەو بڕیارە گرتو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «تائێستا بە شێوەیەکی ڕەسمیی ئەو بڕیارەمان پێنەگەیشتووەو ئەوەی کە هەیە، پەیوەندی بە عەلی لامی سەرۆکی جێبەجێکاری دەستەی لێپرسینەوەو دادپەوەرییەوە هەیەو ئەوە بڕیاری دەستەکە نییە».

هاوکات خەڵەف علەییان، سەرۆکی ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانیی عێراق کە لە نێو لیستی هاوپەیمانی وەحدەی نیشتمانیی عێراقیدایە، ئەوەی ڕەتکردەوە کە دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەی مافی سڕینەوەی لیستەکەی هەبێت لە هەڵبژاردنی داهاتووداو بۆ ڕۆژنامە وتی «دەستەی لێپرسنەوەو دادپەروەری مافی کارکردنو بڕیاردانی نییە، بەوپێیەی تائێستا نووسراوی ڕەسمیمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی نوێنەران نەکردووە سەبارەت بە دەستبەکاربوونی دەستەکە».

سەبارەت بە پاساوی سڕینەوەی لیستەکەشیان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، علەییان وتی «ئێمە لیستی بەعسییەکان نینو ئەو تۆمەتە پوچەڵە».

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پارێزگای سەڵاحەدینەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «لە دوای پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییە نوێیەوە ئینشیقاق کەوتووەتە نێو لقی تکریتی گردبوونەوەی وەحدەی عێراقییەوەو بەهۆیەوە هەندێک لە کوردەکانی ئەو گرووپە جیابوونەتەوەو هۆکاری جیابوونەوەکەشیان پەیوەندی هەبووە بە ناسنامەی عێراقیو کوردستانیبوونی لیستەکەوە»، بەڵام نوری زێدانی بەرپرسی لقی سەڵاحەدینی گردبوونەوەکە، بێئاگایی خۆی لە ئینشیقاقێکی لەوجۆرە دەربڕیو ڕەتیکردەوە.

# ئەم نەبەردییەشتان دۆڕاند



مەجید ساڵح

ئەو شێوازی چەواشەکردنەی ڕای گشتی مێژوویەکی دورودرێژی هەیەو دیارترین تاقیکردنەوەش ڕاگەیاندنەکانی ئەڵمانیای نازیو یەکێتیی سۆڤیەتو ڕاگەیاندنی بەعسییەکان بوو، دواجار جگە لە خۆیان کەس باوەڕی پێ نەدەکردن

(١)

هێشتا پەرلەمانتارەکانی عێراق کە دەستی ڕەزامەندییان بۆ یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق بەرزکردبووەوە بە تەواوەتی دەستیان دانەبەزاندبوو، هێشتا پەرلەمانتارە عەرەبو تورکمانەکانی ناو پەرلەمانی عێراق بە تەواوەتی باوەڕیان بەو سەرکەوتنەی کە لە ڕۆژی ١١/٨/٢٠٠٩ بە دەستیانهێنابوو، نەکردبوو، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان، فوئاد مەعسوم سەماعەکەی گرت بە دەستەوەو یەکسەر خالید عەتیەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش وەک موراقبی پۆل، هەموو پەرلەمانتارەکانی دانیشتاندەوەو ئاگاداری کردنەوە کە گوێ بۆ قسەکانی ڕاگرنو ئەویش بە حەماسەتەوە پیرۆزبایی لە گەلی عێراق کرد بۆ «ئینجازکردنی ئەو عەمەلە جەبارە».

(٢)

هەر ئەو ئێوارەیە، ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی دەستیانکرد بە شاییو لۆغانو ڕایانگەیاند کە ئەوان «ئەو نەبەردییەشیان بردەوە»و دوو ڕۆژ دوای ئەوەش، کاتێک بزووتنەوەی گۆڕان ڕاستییەکانی بۆ خەڵک ئاشکرا کردو وتی، نوێنەرەکانمان لە بەغدا (جگە لە لیستی یەکگرتوو) بە سەرۆک کۆمارە کوردەکەشەوە کە بەپەلە ئیمزای لەسەر یاساکە کردبوو، فێڵیان لێکراوەو کورد ئەمجارە لە بەغدا ژمارەی کورسییەکانی زۆر کەمتر دەبێت لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی، لە جیاتی شیکردنەوەو لێکدانەوەی بۆچوونەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە شێوەیەکی لۆژیکی، کەچی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیو بە تایبەتیش لە ناویاندا سەرنووسەری کوردستانی نوێ وایان بڵاوکردەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان موزایەدەیان بەسەرەوە دەکاتو دەیانەوێت لە گەورەیی ئەو نەبەردییەی نوێنەرانو سەرۆک کۆمار کەم بکەنەوە!! تەنانەت ڕۆژنامەیەکی وەک ئاسۆ کە ئەمریکییەکان تەمویلی دەکەنو سەر بە باڵی دکتۆر بەرهەمە، تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵ بزووتنەوەی گۆڕان کە لەگەڵ بەعسییەکاندا هاوڕان!!

(٣)

کاتێک فراکسیۆنی گۆڕان مەسەلەکەی بردە ناو پەرلەمانو هەم پەرلەمانو هەم سەرۆکی هەرێم هەڵوێستی توندیان نواندو هەڕەشەی بەشداری نەکردنیان کرد لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەی عێراقدا، دوای ئەوەی خەڵک بۆی دەرکەوت قسەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕاستنو بە ڕاستی کڵاو کراوەتە سەر نوێنەرەکانمان لە بەغدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕاگەیاندنێکی شەرمنانەی بڵاو کردەوەو پشتیوانی لە هەڵوێستی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم کرد.

وا ئێستا سەرۆک کۆماری عێراقیش هاتووەتەوە سەر خەتو لە وتەو لێدوانەکانیدا دەیەوێت شانی لە ژێر ئەو مەسەلەیە خاڵی بکاتو گوناهی ئیمزاکردنەکەی بخاتە سەر پەرلەمانتارەکانی کوردستانو لایەنەکانی دیکە.

لەم کەینوبەینەدا،

ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیو سەرنووسەری کوردستانی نوێ قرتوقەپیان لێکردو لەو بارەوە نووزەیان لێوە نایەت، بەڵام بۆ داپۆشینی ڕیسواییەکەیان، هێرشەکانیان بۆ سەر بزووتنەوەی گۆڕانو شەخسی یەکەمی بزووتنەوەکە، نەوشیروان مستەفا توندتر کردووە.

(٤)

ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان پێی هەستاوە ئەرکی نیشتمانی خۆیەتیو نابێت خۆی پێوە هەڵکێشێت، چونکە ئەرکی خۆیەتیو خەڵک بۆ چەند حاڵەتێکی لەو شێوەیە دەنگیان پێداوەو گرنگی ئۆپۆزسیۆنیش لەوەدایە کە لە جیاتی خەڵک چاودێر بێتو کار وا بڕوات بزووتنەوەی گۆڕان لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ئەوەی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی پێی هەڵدەستن، ئەو مەدحو سەنایەی کە بۆ بەرپرسە کوردەکانی دەکەن لە بەغداو ئەو هێرشو تۆمەتانەی بۆ ئۆپۆزسیۆنی دەکەن، جگە لە چەواشەکردنی ڕای گشتیی کوردستان بۆ ئەو ئاڕاستەیەی کە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانی ئەو حیزبەدایە، هیچی دیکە نییە.

ئەو شێوازی چەواشەکردنەی ڕای گشتی مێژوویەکی دورودرێژی هەیەو دیارترین تاقیکردنەوەش ڕاگەیاندنەکانی ئەڵمانیای نازیو یەکێتیی سۆڤیەتو ڕاگەیاندنی بەعسییەکان بوو، دواجار جگە لە خۆیان کەس باوەڕی پێ نەدەکردن.

# ئەحمەد شەبەک: یاسای هەڵبژاردن کەموکورتەو زەرەرە بۆ کورد

پشتیوان سەعدوڵڵا

**ئەحمەد شەبەک، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو نوێنەری شەبەک لە لیستی هاوپەیمانیی، پێیوایە؛ جیاکردنەوەی شەبەک لە کورد مەبەستی سیاسیی لە پشتەوەبووەو ڕەخنە لە لیستی هاوپەیمانیش دەگرێت، کە هیچ گرنگییەکیان بەو مەسەلەیە نەداوە. ئەحمەد لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا دەڵێت: «داوایەکمان لەسەر ئەم بابەتە ئامادەکردووەو تەئکیدیشمان کردووەتە سەر ئەوەی دانانی کۆتا بۆ شەبەک دەستووریی نییەو چاوەڕێی جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردن دەکەین بۆ ئەوەی داواکە بەرزبکەینەوە بۆ مەحکەمەی ئیتحادی».**

**ڕۆژنامە: ئێوە وەکو شەبەک کەموکورتی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە چیدا دەبیننەوە؟**

*لەڕاستیدا یاسای هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کەموکورتیو زەرەری بۆ کورد زۆری تێدایە، ئەگەر سەیری مادەی یەک بکەین دەبینین (٥٪)ی کورسییەکان تەرخانکراوە بۆ تەعویزی، کەواتە تەنیا (١٦) کورسییە، ئەگەر (٨) کورسی کۆتاکانی لێ کەم بکەینەوە (٨) کورسی بۆ تەعویزی دەمێنێت، ئەم (٨) کورسییەش بەپێی ئەم یاسایە لەسەر کۆی دەنگەکانی ناوەوەو دەرەوەی عێراقدا دابەشدەکرێت بەپێی موعەدەلی ئینتیخابی، کەواتە لە باشترین حاڵەتدا کورد لە (٢) کورسی زیاتر ناهێنێت، لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا زیاتر لە (٧) کورسی بەدەستهێنا، کەواتە لانیکەم کورد (٦) کورسی زەرەر دەکات، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ئەمە بە پێچەوانەی دەستووری عێراقە، چونکە بەپێی مادەی (٤٩)ی دەستووری عێراق دەبێت بۆ هەر (١٠٠) هەزار کەس کورسییەک تەرخانبکرێت، بەپێی ئاماری وەزارەتی کۆچو کۆچبەرانی عێراقیو (UN) زیاتر لە (٣) ملیۆن عێراقی لە دەرەوە هەیە، ئەگەر حیسابی دەنگەکانی ناوەوەو دەرەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەنگە (٢) کورسی زیاتر بۆ هاوڵاتییانی عێراقی لە دەرەوە نەمێنێت.

هەروەها مادەی یەکی کۆتا بۆ ئێزدییەکانو شەبەک تەرخانکردووە، لەڕاستیدا ئەمە مەبەستی سیاسییە، نەک دابینکردنی ماف، چونکە ئەمە بە مەبەستی جیاکردنەوەیانە لە کوردو ئەگەر وانەبێت بۆ خاوەنی ئەم پرۆژەیە داوای ئیستحقاقیان بۆ ناکەن، چونکە ئێزدییەکان لە (٥٠٠) هەزار کەس زیاترن، کەواتە ئیستحقاقیان لانیکەم (٥) کورسییە، شەبەک لە (٣٥٠) هەزار کەس زیاترە، کەواتە لانیکەم (٣) کورسی ئیستحقاقیانە، بەڵام هەڵگرانی ئەم پرۆژەیە ئەگەر نیو کورسیشیان بدەنێ قبوڵیانە، چونکە مەبەستی سەرەکییان ئەوەیە بە پێکهاتەیەکی جیاواز لە کورد لە قەڵەم بدرێن، بەداخەوە هاوپەیمانی کوردستانیی هیچ گرنگییەکیان بەو مەسەلەیە نەدا، ئەگەر ئێزدییەکان وەک پێکهاتەیەکیش لە قەڵەم بدرێن ڕێی تێدەچێت، لەبەرئەوەی ئاینێکی جیاوازیان هەیە، هەر چەندە نابێت ئەوەش قبوڵبکرێت، چونکە دەتوانین ئەم مەسەلەیە لە دەستووری کوردستاندا چارەسەر بکەین، بەڵام شەبەک بۆ پێکهاتەیەکی جیاواز بێت؟! کەمینەیەکی دینی نیین، چونکە موسڵمانن وەکو زۆرینەی خەڵکی عێراق، لە ڕووی نەتەوایەتییەوە بە زاراوەی (گۆران) قسە دەکەن، زۆربەی هەرە زۆری خێڵەکانی خێڵی کوردین، هەروەها لە هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیدا وەکو پێکهاتەیەک لە قەڵەم نەدراوە، هەموو مێژوونووسەکانی کوردو ڕۆژهەڵاتناسەکانو زۆربەی هەرە زۆری مێژوونووسەکانی عەرەب شەبەک (شاباک) بە بەشێک لە کورد لە قەڵەمدەدەن.



ئەحمەد شەبەک

هەروەها بەپێی برگەی (٤)ی مادەی (٢) کورسی شاغرەکان لەسەر لیستی براوەکان دابەشدەکرێت، بەڕای من ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە کورد (١ بۆ ٢) کورسی لە بەغداو سەلاحەدین لەدەست بچێت، چونکە لەوانەیە کورد لەم دوو پارێزگایەدا ڕێژەی ئینتخابی بەدەست نەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک.

بەپێی برگەی (٢)ی مادەی (٦) هەروەک (٥٠) ئەندام پەرلەمان دەتوانن داوای پێداچوونەوە بە ئاماری هەر پارێزگایەکدا بکەن، بەڵام مەرجێکی تێدایە ئەوەیش ئەوەیە، کە پەرلەمانی عێراق بە ڕێژەی زۆرینەی ئاسان ئەم داواکارییە پەسەند بکەن، بۆیە بە بۆچوونی من هیچ پارێزگایەک پێداچوونەوەی ئاماری تێدا ئەنجامنادرێت، چونکە لەوانەیە ڕێژەی پێویستی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست نەهێنێت، ئەمە جگە لە پارێزگای کەرکوک، کە پەرلەمان (١٠٠٪) دەنگ بۆ پێداچوونەوەی ئاماری دەدەن، کەواتە ئامانجی دانانی ئەم مەرجە بەڕای من هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە.

هەروەها برگەی (٥)ی مادەی حەوت جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی، کە لە حاڵەتی دەرکەوتنی زیادەیەکی نایاسایی لە هەر پارێزگایەکی گومانلێکراو ئەندامانی پەرلەمانی ئەو پارێزگایە بە ڕێژەی ئەو زیادبوونە نایاساییە دەچنە سەر کورسییەکانی نیشتمانیی، کەواتە ئەندامێتییان هەڵناوەشێتەوە، بەڵکو تەنیا لەسەر کورسییەکانی ئەو پارێزگایە حیساب ناکرێن، بە بۆچوونی من ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، چونکە لە پارێزگای کەرکوک ئەگەر یەک کورسی نایاسایی هەبێت، بەڵام بەرامبەر ئەوە دەبینین لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق وەکو (موسڵو نەجەفو کەربەلاو بەسرە هەندێکی دیکە) ڕێژەی زیادبوونیان زۆرە لانیکەم (٢٠) کورسییان نایاسایی دەبێت، بە واتایەک کورسی بەرامبەر (٢٠) کورسی دەبێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە بەڕای من ئەم خاڵە پێچەوانەی دەستوورە، چونکە ئەو ئەندام پەرلەمانانە وەکو ئەندام پەرلەمان دەمێننەوە لەسەر ئەساسێکی نایاسایی، چونکە مەبدەئێکی یاسایی هەیە، کە دەڵێت: (ما يبنى على باطل فهو باطل).

بۆیە ئەم یاسایەم بەدڵ نییە دەتوانم بڵێم؛ زۆر برگەی دژ بە یاساو دەستوور تێدایە، هەروەها وا دەبینم کە ئەم یاسایە دارێژرابێت بۆ بەرژەوەندی ئیئتیلافی شیعی لەبەر ئەوەی هەموو داواکارییەکانیان لەناو ئەو یاسایە چەسپاوە، بۆ نموونە: (١) (٥٪)ی مەقاعدی تەعویزی، (٢) لیستی کراوە، (٣) کۆتای شەبەک، (٤) چەند بازنەیی، (٥) دابەشکردنی کورسی شاغر بەسەر لیستی براوەکاندا، (٦) مەرجی پەسەندکردنی داواکاری (٥٠) ئەندام پەرلەمان بۆ پێداچوونەوەی ئاماری پارێزگا گومانلێکراوەکان، (٧) دەرنەکردنی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی، کە لە ڕێژەی زیادبوونی نایاسایی ئەندام پەرلەمانن هەر وەک لە برگەی (٥)ی مادەی حەوتدا ئاماژەمان پێکرد.

**ڕۆژنامە: ئایا لیستی هاوپەیمانیی پشتگیریی کردوون؟**

* نەخێر من هەر بۆ خۆشم نامەوێتو دەمێکیشە ئەو بڕیارەمداوە.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەکو شەبەک خۆتان بە کورد دەزانن؟**

*ئێمە بێگومان بە زاراوەی (گۆران) قسەدەکەین، شەبەک نەتەوەیەکی تایبەت نییە جیاواز لە کورد، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری خێڵەکانی خێڵی کوردین، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد وەکو (زەنگەنە، باجەلان، داودە، زراری، ڕۆژبەیانی، ماموسی، هتد...)، بەڵام بەداخەوە هەندێ کەس لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانو بەهۆی مەزهەبەوە خۆیان بە کورد نازانن و دەیانەوێت شەبەک وەک نەتەوەیەکی تایبەت بناسرێت بۆ ئەوەی بتوانن پۆستێکی سیاسیی لە عێراقدا وەربگرن.

**ڕۆژنامە: جیاکردنەوەی شەبەک لە کورد لە هەڵبژاردندا زیانی دەبێت؟ زیانەکان چین؟**

*دانانی کۆتا بۆ شەبەک، نەک زیانی بۆ شەبەک هەیە، بەڵکو زیانێکی گەورە بە مافی کورد دەگەیەنێت، چونکە ئەمە پیلانی دوژمنانی کوردەو مەبەستی سیاسیی لە پشتەوەیە، کە ئەویش جیاکردنەوەی شەبەکە بە هەمان شێوە برا ئێزدییەکان لە نەتەوەی کورد، بۆ ئەوەی قەوارەی کورد کەمبکەنەوە، هەروەها درێژەپێدانە بە سیاسەتی تەعریبکردنی ناوچەکە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە.

**ڕۆژنامە: بۆچی لیستی هاوپەیمانیی دانانی کۆتای بۆ شەبەک قبووڵکرد؟**

* ئەسڵەن هاوپەیمانیی کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆی بەو مەسەلەیە نەداوەو ئەم پرۆژەیە لەلایەن کەسانێکەوە، کە گومانیان لێدەکرێتو پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەبێت، چ لە ناو ئیئتیلافی شیعیو چ لەناو لیستەکانی دیکە پشتگیریکراوە هەروەک شۆڤێنییەکان کە بە لۆژیکی ئەگەر شەبەک عەرەب نەبێت با کوردیش نەبێت، بڵاودەکەنەوە.

**ڕۆژنامە: بەڕای ئێوە کورد بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردن بکات باشترە، یان بە چەند لیستێکی جیاواز؟**

* بەڕای من ئەمە سیستمی دیموکراتییە هەر کەسو لایەنێک تێیدا ئازادە چۆن بەشداریی هەڵبژاردن دەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە هاوهەڵوێستیان لە بەغدا بەرامبەر کێشەکانی کورد هەبێت، هەروەها تەنسیقیشان لە پەرلەمانی عێراقدا هەبێت، تەسەور دەکەم بەو شێوەیە کورد قورسایی خۆی بپارێزێتو کاریگەریشی دەبێت لەسەر ڕەوتی سیاسیی لە عێراقدا، بەڵام زۆر بە گرنگی دەزانم، کە لە پارێزگاکانی موسڵو کەرکوکو دیالەو سەلاحەدینو بەغدا، کورد بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، چونکە فرەلیستی دەنگی کورد لەم پارێزگایانەدا پەرشوبڵاو دەکاتەوە، ڕەنگە ببێتە هۆی لە دەستدانی دوو تا سێ کورسی، ئەمەش بەهۆی دابەشکردنی مەقاعدی شاغیر، چونکە ئەگەر لیستە کوردییەکان بە یەکەوە بن، باقی دەنگەکانیان ڕەنگە کورسی شاغیرەکە بەدەستبهێنن، نەک کورسییەکە بڕوات بۆ لیستێکی دیکە، بەڕای من کێشەیەک نییە ئەگەر لەو پارێزگایانەدا بە یەک لیست دابەزن، چونکە هەر ئەندام پەرلەمانێک لە دوای هەڵبژاردن دەتوانێت بگات بە لیستەکەی خۆی، بەڕای من کورد هەرچەند لیستی جیاوازی هەبێت لە پەرلەمان ناتوانێت ئیش لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەکات، چونکە هەر لیستێکی لەم چوارچێوەیە دەربچێت جەماوەری خۆی لە کوردستان لە دەستدەدات.

**ڕۆژنامە: پێتوایە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ڕێژەو سەنگی کورد لە بەغدا کەمبببێتەوە؟**

* ئەگەر یاساکە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، دابەشکردنی کورسی سەر پارێزگەکان بەپێی ڕاگەیاندنی (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن) بێت، بە بۆچوونی من لانیکەم کورد (١٠-١٢) کورسی لە پەرلەمانی داهاتوودا لە دەست دەدات، کەواتە ڕێژەی کورد (٢١٪)، کە ئێستا لە پەرلەمان هەمانە دادەبەزێت بۆ (١٨٪)، بەڕاستی بەمشێوەیە کاریگەریی کورد لە بەغدا کەمدەبێتەوە، بەهەمانشێوە ئەم ڕێژەیە کاریگەریی دەبێت لەسەر (١٧٪)ی بودجەی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی ئەمە قابیلی قبووڵ نییە، دەبێت کورد بە مەنتقی دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێراقدا ئیشبکاتو هەوڵی چەسپاندنی نەریتی تەوافقی لە عێراقدا بدات، چونکە ئێمە ئەگەر (٣٠٪)ی زیاتریش بەدەستبهێنین، دیسان هەر کەمینە دەمێنینەوە بەرامبەر بە عەرەب، بۆیە ئەگەر ڕەوتەکە وا بڕوات کورد بەشداریی هەڵبژاردن نەکات باشترە، هەروەکو بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانەکانیدا ئاماژەی پێکردووە.

**ڕۆژنامە: ئایا بەنیازن سکاڵا لە ئەنجومەنی نوێنەران تۆمار بکەن؟**

* بەڵێ، داوایەکمان لەسەر ئەم بابەتە ئامادەکردووە تەئکیدیشمان کردووەتە سەر ئەوەی دانانی کۆتا بۆ شەبەک دەستووریی نییە، چونکە دەستوور بە هیچ شێوەیەک شەبەکی وەک پێکهاتەیەکی جیاواز لە قەڵەم نەداوە، چونکە موسڵمانن، بە واتایەکی دیکە هیچ پێوەرێک نییە لەسەری کە کۆتا بۆ شەبەک تەرخان بکرێت، ئێستا چاوەڕێی جێبەجێکردنی یاساکە دەکەین بۆ ئەوەی داواکە بەرزبکەینەوە بۆ مەحکەمەی ئیتیحادی.

## ٢٥ی نۆڤەمبەر، لەیادی پەپوولەکاندا

# ئایا ڕۆژێک بەسە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی؟




**چیمەن محەمەد ڕەشید**

### ڕووداوو یادی ڕۆژی (٢٥)ی نۆڤەمبەر

لە (٢٥)ی تشرینی دووەمـی ساڵی (١٩٦٠)دا، سـێ خـوشـک کـە نـاویـان باتریشیامیراباڵ لەدایکبووی (١٩٢٤) بوو، مینیرفامیراباڵ لەدایکبووی (١٩٢٦) بوو، ماریاتیرزامیراباڵ لەدایکبووی (١٩٣٥) بوو، کە بەخوشکانی میراباڵ «میرابال سسترز» ناوزەند دەکرێن، ئەم خوشکانە چالاکوانی سیاسی بوون لەبزووتنەوەی خەباتی نیشتمانی دژی دیکتاتۆری کۆماری دۆمینکان، ڕافایل تروخیلو خەباتیان دەکرد، ئەم دیکتاتۆرە زۆرداره بۆماوەی (٣٠)ساڵ لەساڵانی ( ١٩٣٠-١٩٦١) حوکمی دۆمینکانی کردو لەساڵی (١٩٦٠)دا دوای ئەوەی کەمینی بۆ ئۆتۆمبێلی ئەم خوشکانە داناو دەستگیریکردن، بەشێوازێکی زۆر دڕندانە بە ئازارو ئەشکەنجەدان و لێدان هەرسێکیانی کوشت.

لە تەمموزی (١٩٨١)داو لەیەکەم کۆبوونەوەی بزووتنەوەی ژنان لە ئەمریکای لاتین لە ڕۆژانی( ١٨-٢١)ی مانگدا کە لە بۆگۆتای کۆڵۆمبیا سازدرا، بەشداربووان بڕیاریاندا بۆ بەرزراگرتنی یـادی ئەم خوشکانە، ڕۆژی (٢٥)ی نۆڤەمبەر بکرێتە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ئەمەریکای لاتین.

لە (١٧)ی کانونی یەکەمی (١٩٩٩)دا نەتەوەیەکگرتووەکانیش بە بڕیاریژمارە (١٣٤/٥٤) ئەم ڕۆژەی کردە ڕۆژی جیهانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان.

لەساڵی (١٩٩٤)دا ژنەچیرۆکنووس جولیا ئەلفاریز کە خەڵکی کۆماری دۆمینکان بــووە، بـەڵام لەتەمەنی (١٠) ساڵیداو لەساڵی (١٩٦٠)دا لەبەر زۆرداریی لەگەڵ خێزانەکەی هەڵهاتوون بۆ ئەمریکا، چیرۆکی خوشکانی میراباڵی نووسیووە لەژێر ناوی « لەسەردەمی پەپولەکان» flies in the time of the butter « ئەم نۆڤڵێتە بۆ چەندین زمانی جیهان وەرگێڕدراوە، لەو کاتەوە پەپولەکانیش بوو بەناوێکی تر بۆ خوشکانی میراباڵ.

### توندوتیژیی چییە؟

پێناسە بۆ توندوتیژیی بەپێی پێوەری ئەخلاقیو سیاسیو هەروەها پسپۆڕیی دەگـۆڕێـت، لای پسپۆڕانی کۆمەڵناس جیاوازە لەگەڵ یاساییدا،

لە ڕووی زمانەوانییەوە دژی بەزەیی «رفق»یان نەرمی دەگەیەنێت، لە ڕووی یاساوە بەتایبەت تیۆرە تەقلیدییەکانەوە تـەرکـیـز لـەسـەر هـێـزی مـادیو مومارەسەکردنی هێزی جەستەیی دەکرێتو واتە تەرکیز لەسەر ڕوکنی مادیی دەکات کە ئامرازی بەکارهێنانی توندوتیژییە، بەڵام لە فیقهی هاوچەرخدا بەفشارو زۆرلێکردنی ئیرادە دێت بەبێ ئـەوەی تەرکیز بخاتە سەر ئامرازەکە، بەڵکو پێیوایە خۆی لە زۆرلێکردنی ئیرادەی کەسانە بە ئامرازی جۆراو جۆر.

توندوتیژیی بەگشتی بریتییە لە: بەکارهێنانی ناشەرعی هێز یان هەڕەشە بە ئامانجی زیانگەیاندن بە بەرامبەر، یان زەوتکردنی ئیرادەی بەرامبەر، یان دەستکەوتێک بە بەنادادوەریی لەبەرامبەر، یـان ڕەفـتـارێـکـە ئـازار بەخەڵک دەگەیەنێتو بۆی هەیە ئازارەکە جەستەیی یان دەروونیی بێت.

### توندوتیژیی دژی ژنان:

بـانـگـەوازی جـیـهـانـیـی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنـان، کە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچــووە، پێناسەی توندوتیژیی دژی ژنان دەکات بەوەی: «هەر دەستدرێژییەک لەسەر بنەمای ڕەگەز بکرێتە سەر ژنانو ببێتە هۆی ئازارگەیاندن، جەستەیی بێت یان دەروونیی، هەروەها هەڕەشەکردن بە ئەنجامدانی ئەم دەستدرێژییە یان فشار بۆهێنان، یان بێبەشکردن لە ئازادییەکان لەژیانی گشتیی یـان تایبەتدا»، بەڵام توێژینەوە کۆمەڵناسیو دەرونزانییەکان وایان ناساندووە: بریتییە لە بەکارهێنانی هێز لەلایەن پیاوەوە لەپێناوی زاڵبوون بەسەر ژندا، یان پەراوێزخستنی، لەئەنجامی ئەم دەسەڵاتو هێزەوە ژنان ڕووبەڕووی شێوازی جۆراوجۆری توندوتیژیی دەبنەوە بە جۆرێک بە پەراوێزخراوی دەمێننەوەو ناتوانن بەشداریی کۆمەڵایەتیو زانستییان هەبێت.

لـە(٢٠)ی کانونی یەکەمی (١٩٩٣)دا نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری بانگەوازیدا بـۆ بـەرەنـگـاربـوونـەوەی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان.

### جۆرەکانی توندوتیژیی:

توندوتیژیی دژی ژنان دیاردەیەکی کۆنەو لە هەموو کۆمەڵگەیەک ئەنجام دەدرێــت، شـێـوازو جـۆرو قـەبـارەی لە شوێنو کاتێکەوە بۆ شوێنو کاتێکی تر دەگۆڕێتو لەزۆر شوێن بە شتێکی ئاسایی سەیری دەکرێت وەک تەقلیدێکی ئاساییو مەشروع.

دەکرێت جۆرەکانی توندوتیژیی بە پێی جۆرو کاریگەریی پۆلێنبکرێن وەک:

١) جەستەیی: لێدان، کوشتن .. هەموو ئازاردانێکی جەستە.

٢) دەروونیی: قسەپێوتن، جنێودان، هەرکارێک کاریگەریی لەسەر دەروونی ئەو کەسە بەجێبهێڵێت.

٣) سێکسی: ئەمیش لایەنی دەروونیی وەک قسەو توانجی سێکسیی، تەحەروشی سێکسیی، دەسـتـدرێـژیـی سێکسیی دەگرێتەوە.

٤) مـادیـی: بێـبـەشـکـردن لەهەر پێداویستییەکی مادیی.

جۆرەکانی توندوتیژیی کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەیە، بۆ نموونە کەسێک ئـازاری جەستەیی بدرێت کاریگەریی دەروونـیـشـی دەبـێـت لـەسـەری، یان توندوتیژیی سێکسیی کاریگەریی جەستەییو دەروونیشی هەیە ،....بـەو جۆرە.

دەکرێت توندوتیژیی بەپێی جوگرافیای ژیان پۆلێن بکرێت وەک: هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی، کە لـەسـەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، لەهەموو شوێنێک لەژیانی ژناندا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

١)توندوتیژیی لە چوارچێوەی ماڵدا، واتە خێزان: توندوتیژیی جەستەیی (لێدان، خەتەنەکردن، کوشتن) لێرەدا پێویستە ئاماژە بە لەباربردنی منداڵ بدرێت کاتێک دەزانرێت ئەو منداڵە کچە، جگە لەوانەش لەچوارچێوەی خێزاندا دەستدرێژیی سێکسیی ڕوودەدات لەلایەن کەسانی نـزیـکـەوە، یـان لـەلایـەن هـاوسـەرەوە بـەزۆر ئەنجامدانی سێکس یەکێکە لە پێشێلکارییەکان دژی ژنان.

٢) تـونـدوتـیـژیـی لـە کـۆمـەڵـدا: هەراسانکردنو دەستدرێژیی سێکسی، بازرگانیکردن بە ژنانەوە لەناوخۆ یان نـاردنـەدەرەوەیـان، توانجو قسەپێوتن، قسەهەڵبەستن، ناچارکردن بۆ لەشفرۆشی.

٣) توندوتیژیی لـەسـەر دەستی دەوڵەت: وەک ئەو توندوتیژییانەی لەلایەن پاسەوانانی بەندیخانە، پیاوانی حکومەت، لـێـرسـراوان، یـان ئـەو توندوتیژییانەی حکومەتەکان دژی پەنابەران ئەنجامی دەدەن.

### ژمارە ترسناکەکان لە جیهاندا سەبارەت بە توندوتیژیی دژی ژنان:

ژمــارەو ئـامـاری ورد سـەبـارەت بەتوندوتیژیی دژی ژنــان کارێکی زەحمەتە، لەبەرئەوەی هەموو ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژیی بوونەتەوە پەنا بۆ دادگا نابەنو ڕووداوەکە بەشاراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵام نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی هەوڵی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییانداوە لەسەر توندوتیژیی دژی ژنان لە ڕێژەی ژنان کە دەکاتە (٤٩,٧٪)ی ژمـارەی دانیشتووان، هەندێک لەو ژمارانە بریتین لە:

* نـزیـکـەی (٦٠) مـلـیـۆن کـچ کە ئێستا دەبـوو لەژیاندابن، بەڵام بەهۆی لەباربردنیانەوە لەبەرئەوەی کچ بوون، یان چاودێریی پێویست نەکراونو بووەتە هۆی مردنیان.

* دەستدرێژیی سێکسیی، توندترین جۆری توندوتیژیی سێکسییە کە جگەلەوەی چەندین دەرەنجامی تری لێدەکەوێتەوە وەک سکپڕبوون، لەبارچوون، نەخۆشییەکانی بەهۆی سێکسەوە دەگوازرێتەوە وەک کەمی بەرگریی « ئایدز». لـەزۆر شوێن تائێستا پەنا بۆ دادگا نابرێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی دەستدرێژیشە بۆ سڕینەوەی لەکەی شەرەف، ژنە پەلاماردراوەکە دەکوژرێت. جێی ئاماژەیە کە لەپێنج ژن، یەک ژن ڕووبـەڕووی دەستدرێژیی دەبێتەوە لەژیانیدا، یان هەوڵی دەستدرێژیکردنە سەری دەدرێت.

* سـاڵانـە (٢)مـلـیـۆن کـچ خەتەنە دەکرێن.

* (٨٢) ملیۆن کچ لە تەمەنی (١٠-١٧) ساڵیدا دەدرێن بەشوو، واتە پێش تەمەنی (١٨) ساڵی.

* ژنان قوربانیی جەنگ، ناکۆکییەکان، (٨٠٪)ی پەنابەران ژنو منداڵن، (٨٥٪)ی ژنـــانو کچان لـە شوێنەکانی جەنگو ناکۆکی بازرگانییان پێوەدەکرێت، ژنانی ئەو شوێنانەی جەنگیان تیا ڕوودەدات، ڕووبــەڕووی دەسـتـدرێـژیـی سێکسیی دەبنەوە، بۆنمونە لە ڕواندا (٢٠٪)، لە کۆنگۆی دیموکراتی (٥٠٠٠) ژن کە دەکاتە ڕۆژی (٤٠) ژن، لە عێراق (٤٠٠)، لە بۆسنەو هەرسک (٢٠-٥٠) هەزار ژن، کۆسۆڤۆ (٣٠٪ -٥٠٪)، لەسیرالیۆن (٩٤٪)ی خێزانە پەنابەرەکان ڕووبەڕووی دەستدرێژیی بوونەتەوە.

* یەک لەسەر سێی ژنان ڕووبەڕووی لێدان، یان جۆرێک لە توندوتیژیی دەبنەوە.

* (٤٠٪)ی کوشتنی ژنـان لەلایەن هاوسەر، یان کەسی نزیکەوە، لەمەشدا هەندێک دەوڵەت هێڵی سووری بەزاندووە وەک ئوستراليا، ئیسرائیل، باشووری ئەفەریقا، کەنەدا.. کە گەیشتووەتە (٧٠٪).

* (١٣٪-٦١٪)ی ژنـان ڕووبــەڕووی توندوتیژیی جەستەیی دەبنەوە.

* (١١٪-٣٢٪) کـچـان بـە منداڵی ڕووبەڕووی هەراساندنی سێکسیی دەبنەوە.

* (٢) ملیۆن کچ لە تەمەنی(٥-١٥) ساڵیدا بازرگانییان پێوەدەکرێت.

* (٢٠٪-٧٠٪) کچ، یان ژن لە ڕووی سـۆزەوە فەرامۆشکراون لە قۆناغێک لە ژیانیاندا.

* هــەزاران کـچ، یـان ژن لەپێناوی ناوبانگی خێزانو بنەماڵەدا کوژراوان.

* لەعێراق ڕێژەی نەخوێندەواریی لەناو ژناندا دووئەوەندەی پیاوانە.

* (٣٣٪) ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژیی دەروونییو (٢١٪) جەستەیی دەبنەوە.

ژنانی کوردستانیش ڕووبەڕووی هەمو جۆرەکانی توندوتیژیی دەبنەوە، لەچەندین سەرچاوەوە ئامارکراوەو بەڕێوەبەرێتیی توندوتیژیی دژی ژنـان لە زۆر شوێن کـراوەتـەوە، بـەڵام تۆمارکردنو ڕوو لە دادگاکردن تائیستا نەبووەتە نەریت، لەبەر ئەوە ژمـارە تۆمارکراوەکان بە بـەراورد لەگەڵ ژمارە ڕاستەقینەکاندا زۆر جیاوازن.

### ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی:

* بە ڕێگای یاسا:

یاسا باشترین ڕیگایە ئەگەر کۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤو جیاوازیکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز بکرێت، بەڵام زۆر دەوڵەت ئەو یاسایەی بەرەنگاربوونەوەی نییە، تا ساڵی (٢٠٠٣) ژمارەی ئەو وڵاتانەی یاسای جیاوازی نەکردنی لەسەر بنەمای ڕەگەز هەبوو (٥٤) بوون. لەساڵی (١٩٩٤-٢٠٠٣) نەتەوەیەکگرتووەکان سەرنجیدا یاسای زۆر وڵات بەسەر چـــووە، (٧٩) وڵات یاسای توندوتیژیی خێزانیان نییە، یان یاساکانیان ناڕۆشنن، یان ورد نین، (٥١) وڵات دانی بە دەستدرێژیی سێکسیی لەلایەن مێردەوە ناوە (١٦) وڵاتیش یاسای دەستدرێژیی سێکسیی هەیە.

* لەگەڵ بوونی یاسادا، پێویستە ژنان پەنای بۆبەرنو دەوڵەت ژنان نائومێد نەکات لە بەدەنگەوەچوونو ئیجرائاتکردن.

*هۆشیاریی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە، شیکردنەوەی هەندێک چەمک وەک: مافی تاک، ئازادیی، کارکردن بەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییانەی لەبارەی توندوتیژینو کارکردن پێیان.

* چـــاودێـــریـــی بـــەردەوامـــی نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوەکان سەبارەت بە ڕەوشی ژنان.

* بـاشـکـردنـی بـارودۆخـی ژنـانو ئاسانکاریی بەشداریکردنیان لە بوارەکانی ژیاندا.

* ڕۆڵـی ڕاگەیاندنو ڕێکخراوەکان لە هۆشیارکردنەوەی ژنان، کۆمەڵ، جگە لەهەڵمەتی دژ بەو دیاردەیە.

ئەم دیاردەیە هێندە بە قەبارە گەورەو بە کاریگەری نامرۆڤانەیە کە بە تەنیا ڕۆژێک ناکرێت بەرەنگاری بکرێتەوە، بۆیە پێویستە ساڵانە ئاماربکرێتو خوێندنەوەی ورد بۆ ئەنجامو هۆکارو چارەسەرەکان بکرێت.

*** نزیکەی ٦٠ملیۆن کچ کە ئێستا دەبوو لەژیاندابن، بەڵام بەهۆی لەباربردنیانەوە لەبەرئەوەی کچ بوون، یان چاودێریی پێویست نەکراونو بووەتە هۆی مردنیان**

*** ساڵانە دووملیۆن کچ خەتەنە دەکرێن**

*** ٨٢ملیۆن کچ لە تەمەنی (١٠-١٧) ساڵیدا دەدرێن بەشوو، واتە پێش تەمەنی ١٨ساڵی**

# بۆ بێدەنگن؟



شالاو فەتاح

**«له هەر دامودەزگایەکی گـــــەورەدا، زۆر زۆر سەلامەتتره لەگەڵ زۆرینەدا هەڵە بیت، نەک ڕاست بیتو بەتەنیا بیت».***

چیرۆکەکە کۆتایی نەهات... ئەمجارەش میدیای نەرویجیو پیتەر گـالـبـرێـس، نـەوتو هەرێمو گەندەڵییو پشکو... هتد جێی باسن. پیتەر گاڵبرێس پاڵـەوانـەکـەی سەربەخۆیی گـەلی کـوردو «باڵـیـۆزە گەردوونییەکە»، ئەوەی کە له جیهاندا ناسراوە به بانگەشەکاری پاراستنی مافی کەمینە، ئەو کەسەی له «کۆتایی عێراقدا» پێماندەڵێت: کوردستانێکی سەربەخۆ چارەسەرە.

دیارە پاڵەوانەکەمان دوای ئەوەی زانی کە سوودی بزنسی نەوت له ڕاوێژکاریی سەرۆک باشترە، به سەرۆکی فەرموو: گەورەم کۆمپانیا دادەنێمو ڕاوێژکارییت دەکەم، بەڵام بەخۆڕاییو به نارەسمیی! هەرێمیش هەر دوو ڕۆژ دوای قدوومی کۆمپانیاکەی، گرێبەستی کارکردنی له یەکەمین کێڵگەی نەوتی کوردستاندا بۆ مۆرکرد، کە (٥٪)ی بۆ ڕاوێژکارە دڵسۆزەکەمان بوو. بیرمان نەچێت، «خۆڕایی» کارکردنی ڕاوێژکار حیکمەتی خۆی هەبوو، کە دواتر دەردەکەوێت.

چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت... پیتەر گاڵبرێس دەبینێت کۆمپانیایەکی نەرویجی پێی خستووەتە ناو هەرێمەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ دەکاتو ئەوانیش دەیکەنە ڕاوێژکار.

ئەوەی دیارنییە ئەوەیە لەسەر چ بنچینەیەک پیتەر گاڵبرێس بووەتە ڕاوێژکاری کۆمپانیایەکی نەوتی نەرویجی، ئەوەشی دیارە ئەوەیە پیتەر گاڵبرێس (١٠٪) پشکەکانی کێڵگەی نەوتی تاوگی پێبەخشراوە، له ساڵی (٢٠٠٤)دا.

ئەوەشی ڕێککەوتە ئەوەیە، کاتێک گاڵبرێس دەبێتە ڕاوێژکاری ڕەسمیی کۆمپانیای (دی.ئێن.ئۆ) ڕاستەوخۆ ڕەسمیی بوونی خۆی وەک ڕاوێژکاری بەرپرسانی هەرێم بەتاڵدەکاتەوەو ڕاوێژکارییان پێدەکات، «بەڵام بەخۆڕایی».

لەیادمان بێت، خۆڕایی کارکردنی گاڵبرێس گرنگی خۆی هەیەو دواتر دەردەکەوێت.

ڕەنگە چیرۆکەکە هەرگیز کۆتایی نەیەت... دوای ئەوەی گاڵبرێس دەبێتە ڕاوێژکاریی ڕەسمیی (دی.ئێن.ئۆ) ڕاستەوخۆ دەچێتە ژووری نووسینەوەی دەستوورو لەگەڵ سیاسییە عێراقییەکاندا نەخشە بۆ گشت خەڵکی عێراق دادەڕێژێت، ئەم نەخشەدانانەش بەدەر نییە له دیاریکردنی چۆنێتی دابەشکردنی نەوتو دەسەڵاتی هەرێمەکان، کە هەر هەمووی کاریگەرە به بەرژەوەندییە شەخسییەکانی گاڵبرێسی ڕاوێژکاری کۆمپانیایەکی نەوتی بیانی.

دەکرێت بپرسین، ئەگەر پیتەر گاڵبرێس ڕاوێژکارێکی نارەسمیی بوو، ئەوە بۆ بەشداریکرد له شێوەبەخشین به دەستووردا؟ به چ بەهانەیەک ڕایەکانی دەخستەڕوو؟ بەخۆڕایی کارکردنی ئەوەی دەهێنا کاریگەریی هەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسیی؟

چیرۆکەکەمان ناتەواوە... دەشێت هێشتا چەندین لایەنی شاراوە هەبن لەم چیرۆکەدا، کە نە میدیای نەرویجیو نە نیۆرک تایمز توانیویانە ئاشکرای بکەن، ئەوەشی ئاشکرایە بەرپرسانی هەرێم پیتەر گاڵبرێس هێشتا «دۆست»یانە. دیارە «دۆست»ی دیکەیشمان زۆرە، هەر بۆ نموونە، جەی گارنەر، ئێستا کۆمپانیای بزنسی داناوەو ئەویش پشکی هەیە له کێڵگەیەکی نەوتی هەرێمی کوردستانو له دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیایەکی نەوتی کەنەدی گەورەش کار دەکات.

زاڵمای خەلیلزاد، ئەم ئۆفیسێکی داناوە بۆ مۆچیاری کۆمپانیا بازرگانییەکان، دیارە تەنیا له بەغدا نا، بەڵکو هەولێریش.

بەهەر حاڵ پیرۆزیان بێت، بەڵام بۆچی دەبێت بازرگانییو بەدواکەوتنی پارە لەلایەن ئەوانەوە ببێتە هۆی شێوەبەخشین به سیاسەتی ئێمەو دیاریکردنی چارەنووسی خۆمانو نەوەکانیشمان؟، بۆچی دەبێت بەرژەوەندی شەخسیی کەسێک چارەنووسی گشت میللەت ئاراستە بکاتو دواتریش له وەڵامی پرسیاری ئەوەی بۆچی لەپێناو بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیدا کاریکردووە بڵێت: «من ڕاوێژکارێکی ڕەسمیی نەبووم»؟ پرسیارێکی گرنگتر ئەوەیە، بۆچی دەبێت بەرپرسانی هەرێم بێدەنگ بنو «پۆزش»ێکیان نەبێت لەسەر ئەم کێشەیە، لەکاتێکدا به دانپێدانانی خودی گاڵبرێس «ئاگاداربوون» له کێشەکە؟!!!

*** ئابووریناس جۆن کێنیز گاڵبرێس، باوکی پیتەر گاڵبرێس**

# پرۆژەی کرانەوەی کورد له سوریا

ڕۆژنامە

پرۆژەی کرانەوەی کورد، له تورکیا کاریگەریی هەیە بۆ سەر تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تیا دەژی واتە سوریاو عێراقو ئێران. کاریگەرییەکەش تەنیا لەسەر ئاستی چارەسەربوونی ئەو کێشانەوە نییە، کە به هۆی پەکەکەوە دروستدەبوون، وەک ئەوەی له نەوەدەکاندا زۆری نەمابوو جەنگ له نێوان سوریاو تورکیا لەسەر پەکەکە بەرپابێت، بەڵکو ئەو دەستپێشخەرییە وایکردووە وڵاتانی دەوروبەریش بیر له چارەسەرکردنی کێشەی کەمینەی کوردی وڵاتەکانیان بکەنەوە. هەرچەندە کێشەی کورد له ئێرانو عێراقدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام له سوریا کێشەی کورد به هەمانشێوەی تورکیا کێشەی دانپێدانەنان به کلتوورو زمانی کۆمەڵە خەڵکێکدایە.

هەربۆیە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە له تورکیا وای له سوریا کردووە بیر له چارەسەرکردنی کێشەی کورد له وڵاتەکەی بکاتەوە.

## لێبووردنی گشتیی بۆ چەکدارانی پەکەکە

له ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی تورکی-ئینگلیزی سەندەی زەماندا باس له کاریگەریی پرۆژەی کرانەوەی کورد له تورکیا بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ دەکرێت.

له ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: حکومەتی سوریا بڕیاریداوە کێشەی ئەو (٤٠٠,٠٠٠) کوردە چارەسەر بکات، کە له ساڵی (١٩٦٢)وە بێ نیشتمانن لەو وڵاتەدا.

به جۆرێک ئەو کوردانەی کە هاوڵاتی تورکن لەسەر ویستی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ تورکیاو ئەوانەش کە دەیانەوێت بمێننەوە، دەبنە هاوڵاتی سوریا.

ئیدارەی سوریا، کە پاڵپشتێکی بەهێزی پرۆژەی کرانەوەی کوردە له تورکیا، خۆی ئامادەکردووە بۆ هەنگاونان به ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد له وڵاتەکەی خۆیدا، پرۆژەی چارەسەرییەکەی لێبووردنی گشتیی بۆ چەکدارانی کوردی سوریای ناو پەکەکە له باکووری عێراق تێدایە. سوریاو تورکیا کە ڕازیبوون کێشەی کورد له وڵاتەکانیاندا چارەسەر بکەن، ئێستا پێکەوە هاوکاریی یەکتر دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

سوریا له کاتێکدا زۆر به پەرۆشە بۆ چارەسەرێکی گشتگیریی کێشەی کورد، بەڵام پێشبینی ئەنجامی کورتخایەن له ئاکامی چارەسەرەکەی ناکات.

## کوردانی بێ نیشتمانو پێناس

هەنووکە خەمڵاندنەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە کوردی سوریا ژمارەیان (٢) ملیۆن کەسە، کە دەبنە گەورەترین کەمینەی ئەو وڵاتە. له دوای سەرژمێرییەکەی ساڵی (١٩٦٢)ەوە ڕژێمی بەعسی سوریا (٣٠٠) هەزار کەسی وەک بێ نیشتمان هێشتەوە.

***ئیدارەی سوریا، کە پاڵپشتێکی بەهێزی پرۆژەی کرانەوەی کوردە له تورکیا، خۆی ئامادەکردووە بۆ هەنگاونان به ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد له وڵاتەکەی خۆیدا***

لەم ژمارەیەش (٢٥٠) هەزاریان وەک بیانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکراو (٧٥) هەزاریشیان وەک کۆمەڵێک خەڵک مامەڵە دەکران، کە شووناسیان نادیارە.

ئەم کوردە بێ نیشتمانانە پێناسێکی پەمەییان هەڵگرتووە به هۆیەوە وەک گەشتیار دەناسرێن.

بەپێی ئەرشیفی دەوڵەتی فەرەنسا ئەو کوردانەی له تورکیاوە کۆچیان کردووە بۆ سوریا له ساڵی (١٩٣٢)دا (٢٢) هەزار کەسبوون، ڕژێمی بەعسی سوریا به جدیی کاری بۆ گەڕاندنەوەیان کردووە بۆ تورکیا، بەڵام حکومەتی تورکیاش ئارەزووی وەرگرتنەوەی ئەو کوردانەی نەبووە، به بیانووی ئەوەی پێدەچێت له گرووپە یاخییەکانەوە هەڵاتبن بۆ سوریا.

ڕژێمی بەعسی سوریا پێناسی پرتەقاڵی بەسەر زۆرێک لەوانەدا دابەشدەکرد، کە له سوریا دەژیان، بەڵام ئەم پێناسەش به کوردە بێ نیشتمانەکان نەدەدرا، کە وا پێناسیان دەکردن «خەڵکانێک ئەسڵیان دیارنییە». موڵکی ئەم کوردانەش لەلایەن حکومەتەوە دەستی بەسەردا دەگیرا.

بەشار ئەسەد، کە له دوای حافز ئەسەدی باوکی بووە سەرۆکی سوریا، پێڕەوی سیاسەتێکی نەرمتر لەگەڵ کوردەکان دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باشبوونی پەیوەندییە دوولایەنەکانیان لەگەڵ تورکیا.

## پرۆژەکەی سوریاو فشاری نێودەوڵەتی

پرۆژەی کرانەوەی کورد له تورکیا بووە خاڵی وەرچەرخان بۆ کوردە بێ نیشتمانەکانی سوریا، حکومەتی سوریا پێشتر پەیمانی دابوو کێشەی ئەو کوردانەی پێناسی پرتەقاڵی هەڵدەگرن، له ساڵی (٢٠٠٥)ەوە بەڕەسمیی بناسێت، بەڵام هیچ پەیمانێکی بۆ کوردە بێ نیشتمانەکان نەدابوو، بەڵام بەهۆی پرۆژەی کرانەوەی کوردی تورکیاوە ئێستا گۆڕان له هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی سوریا ڕوویداوە بەرامبەر کوردە بێ نیشتمانەکان. بەهۆی فشاری نێودەوڵەتییەوە سوریا ڕازیبووە به سەرژمێریکردنی کوردە بێ نیشتمانەکان، کە له ناوچە کوردییەکان دەژین.

دەسەڵاتدارانی سوریا باس له ژمارەی ئەو کوردانە ناکەن، بەڵام ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ژمارەی ئەو کوردە بێ نیشتمانانەی له سوریا دەژین به نزیکەی (٢٢٥) هەزار کەس دەخەمڵێنن.

ئێستا دەسەڵاتدارانی سوریا خەریکی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکن، کە پرسیار له بارەی باری خێزانییو بنەچەی خێزانیی له کوردەکان دەکرێت، ئەو کوردانەی سەرژمێریی دەکرێن پەیمانی پێدانی هاوڵاتیبوونیان پێدەدرێت.

له ئاکامی فشاری زۆری نێودەوڵەتییەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەرانەی لەو کوردانە کەوتووە، حکومەتی سوریا ناچاربووە لەگەڵ حکومەتی تورکیا کار بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

جیا لەمەش دیمەشق بڕیاریداوە، کە یاسایەکی نوێ دەربکاتو تێیدا کوردەکان چەند مافێکی کلتوورییو کۆمەڵایەتیو دینییان پێبدرێت، بۆ ئەمەش کۆمیتەیەکی کاتی دروستدەکەن، کە سەرکردەی خێڵە کوردییەکانیشی تێدا دەبێت، کاری کۆمیتەکە پرسینو کۆکردنەوەی داخوازیی کوردەکانە.

کوردەکانی سوریا ڕێگەیان پێنەدراوە ئازادانە گوزارشت له شووناسی خۆیان بکەنو کلتووری خۆیان ئەزموون بکەن.

ئەوان ڕێگەیان پێدەدرێت، کە ئاهەنگی نەورۆز بگێڕن، بەڵام ڕێگەیان پێنەدراوە به زمانی دایک بدوێن.

## کوردانی سوریا کۆچدەکەن بۆ تورکیا

دوای ئەوەی (٣٤) ئەندامی پەکەکە چوونە خاکی تورکیاوەو تورکیاش وەک هاوڵاتی خۆی حسابی بۆ کردن، بووەتە هۆی هیوابەخشین به کوردەکانی سوریا.

ئێستا واتەواتی ئەوە هەیە تورکیا پێناس دەبەخشێتە کوردە بێ نیشتمانەکان، هەربۆیە زۆرێک له کوردەکانی سوریا، کە بێ پێناسو شووناسن ئارەزووی کۆچکردن دەکەن بۆ تورکیا.

پێدەچێت بڕێکی زۆر له کوردەکان بەهۆی بێکارییەوە سنووری تورکیا ببڕن، ئەوانەی کە به نایاسایی له تورکیا کۆچیانکردووە، ئێستا دەیانەوێت بیسەلمێنن، کە هاوڵاتی تورکن.

هەربۆیە ئێستا چەندین کەیسیان بۆ خۆیان له دادگاکاندا دروستکردووە.



ڕۆژنامە
ژمــارە (557) سێشەممە 2009/11/24
nawxo.rozhnama@yahoo.com

## فاروقی مەلا مستەفا:

# کۆمپانیای ئاسیاسێڵ زیاتر لە (٥٠٠) ملیۆن دۆلار قەرزارە

**ڕۆژنامە**

سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ ئاشکرایکرد: ژمارەی بەشداربووانی کۆمپانیاکەی گەیشتووەتە زیاتر لە (٧) ملیۆن بەشداربوو، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆمپانیاکەی زیاتر لە (٥٠٠) ملیۆن دۆلار قەرزارە.

فاروقی مەلا مستەفا، سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ ڕایگەیاند «لەسەرانسەری عێراقدا زیاتر لە (٧)ملیۆنو (٣٠٠)هەزار بەشداربووی ئەکتیڤیان هەیەو (٣٥٠٠)مۆلیدەی کارەباش بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ پێدانی خزمەتگوزارییەکانی مۆبایل بۆ هاوڵاتییان بەکاردەهێنن».

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا فاروقی مەلا مستەفا ئاماژەی بەوەشکردووە کە کۆمپانیاکەیان بە دەست قەرزارییەوە دەناڵێنێتو زیاتر لە (٥٠٠)ملیۆن دۆلاریان لە فراوانکردنی تۆڕەکاندا خەرجکردووە کە دەکاتە (٩٠٪)ی ئەو قەرزەی لەسەریانە.

سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ وتیشی «قازانجی مانگانەی کۆمپانیاکەی لە چەند ملیۆن دۆلارێک تێپەڕ ناکات».

پێشتریش سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بە KNNی ڕاگەیاندبوو «لە سەرتاسەری عێراقدا زیاتر لە (٧)ملیۆن بەشداربوویان هەیەو قازانجی هەریەکەشیان مانگانە (١٣)دۆلارە کە کۆی گشتی دەکاتە زیاتر لە (١٠٠)ملیۆن دۆلار بۆ هەر مانگێک».

ماوەیەک لەمەوبەر لیژنەی کارو خزمەتگوزاریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویکردەوە کە کۆمپانیاکانی مۆبایل لە عێراقدا لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە زۆر لاوازنو داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەنو سزای داراییان بەسەردا بسەپێنن.

# گەندەڵیی، کرمی سەرەخۆرەی وڵات

**شاسوار مامە**

ڕەنگە لە یەکەم تێڕوانیندا ئەم دەستەواژەیە بە بابەتێکی تازە بێتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر بەناو مێژوودا بگەڕێینو توێژینەوەیەکی زانستیانە لەسەر ناوەڕۆکەکەی بکەین، واتە گەندەڵیی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە نەک لە ڕووی دەستەواژەی بەکارهاتوو سەیربکەین، دەبینین ئەم بابەتە مێژوویەکی زۆر دوورو کۆنی هەیە، ڕەنگە پەیوەست بێت بە سەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆیی.

زۆر لە توێژینەوەکان بوونی گەندەڵیی‌و تۆمارکردنی دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن بەپێی ئەو دیکیۆمێنتە کۆنانەی دەستکەوتووە لە یاساکانی وەک حامورابی‌و تا دەگاتە یۆنانی‌و فیرعەونییەکانیش، باس لە گەندەڵیی کراوە. لەبەرئەوەی کێشەی گەندەڵیی سنووری وڵاتانی بەزاندووەو بووەتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی هەر وەک کێشەی کۆیلەو ئەشکەنجەدانو بازرگانیکردن بە مرۆڤو جیاکاریی‌و ...هتد.

لەبەرئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ڕووخسارە تازەکەیەوە هەوڵی خستووەتەگەڕ بۆ بنەبڕکردنی ئەم کێشەیە، گەندەڵیی بووەتە دیاردەیەکی جیهانیی، هەر لە وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە بگرە تا دەگاتە هەرێمو وڵاتانی جیهانی سێیەم بەدەست ئەو دیاردەیەوە دەناڵێنن، بەڵام ڕێژەکەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی جیاوازە.

دیاردەی گەندەڵیی لەلایەن پسپۆڕانەوە بە (کرمی سەرەخۆرەی وڵات) دادەنرێت، کرمێک کە هەموو داهاتو بەرهەمی وڵات دەخواتو وردە وردە وڵات بەرەو کەمیی خوێنو شێرپەنجەی ئابووریی دەبات. گەندەڵیی یەکێک لەو هۆکارە هەرە کاریگەرانەیە کە هەمیشە وڵات دوا دەخات لە پرۆسەی پێشکەوتنو بەرەو دواوەی پەلکێش دەکات. وڵاتی گەندەڵ فریای هیچ ناکەوێتو هیچ شتێکیش بەشی ناکات. گەندەڵیی نەک هەر تەنیا سیستمی ئابووریی وڵات ئیفلیج دەکات، بەڵکو سیستمی پەروەردەیی‌و ئیداریی‌و سیاسی‌و ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەییش دووچاری نەخۆشیی ئێسکە نەرمە دەکاتو هەرگیز ڕێگەیان پێنادات بکەونە سەر پێو بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێن، لەبەرئەوە دیاردەی گەندەڵیی بەشێوەیەکی گشتیی گوزارشت لە شتێکی خراپ یان نادروست دەکات، بریتییە لە دەرچوون لە یاساو ڕێساکانی ئەخلاقی‌و لادان لە ڕەفتاری ڕاستو دروست، یان بریتییە لە ئیستغلالکردنی دەسەڵاتی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی تایبەت.

کەواتە بەگشتیی گەندەڵیی بریتییە لە بەدەستهێنانی سوودی تاکەکەسی‌و دابینکردنی بەرژەوەندیی خودی‌و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتیی بۆ سوودی تایبەتی یان تاکەکەسی، ئەوەش لە سوودوەرگرتن لە و دەسەڵاتەی یان ئەو زانیارییەی کە لەژێر دەستیەتی، کە زۆرجار بۆ سوودی خودی خۆی یان خزمەکەی، یان هاوڕێکەی یان هاو حیزبەکەی یان ئایینەکەی بە کاری دەهێنن، ئەوەش پێچەوانەی یاساو ڕێنماییەکانە. گەندەڵیی زۆر جۆری هەیە، بەڵام گەندەڵیی ئیداریی زیاتر قسەی لەبارەوە کراوەو دەکرێت بڵێین کوشندەترینیانە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بەتایبەتی پێناسەیەکی گەندەڵیی ئیداریی بکەین، ئەوا: بریتییە لە بەکارهێنانی خراپی دەسەڵاتی گشتیی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی تایبەت، ئەمەش لە ڕێگەی وەرگرتنی بەرتیل لەلایەن فەرمانبەرێکی فەرمیی یان داواکردنی یان ئاماژەدان یان هەر شێوەیەکی دیکەی داواکردن لە ڕێگەی ئیستغلالکردنی دەسەڵاتە وەزیفییەکەی. گەندەڵییش هەر بە دەسەڵات ناکرێت، بەڵکو تاکیش دەگرێتەوە.

ڤایتۆ تانزی دەڵێت: گەندەڵیی بە ئەنقەست گوێنەدانە بە بنەمای پەیڕەوکاریی بەو مەبەستەی ئەو کەسە خۆی یان ئەو کەسانەی پەیوەندییان پێوەی هەیە سوودمەند بن لەو ڕەفتارە. بنەمای پەیڕەوکاریی ئەوە دەخوازێت کە لە بڕیارداندا پەیوەندییە کەسییەکان یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی دیکەی نێوان بەشدارانی مامەڵەکە کاریگەرییان نەبێت، ئەم بنەمایە بەشێکە لە کارکردنی بازاڕی تەواو، کە بە بازاڕێکی دوور لە بازاڕی بە کەسی کراو پێناسە دەکرێت.

بەگشتیی زۆر لایەن دەتوانن بەشداربن لەم دیاردەیە، لە سەرووی هەموویانەوە دەسەڵاتداران، گەندەڵیی گەورە لەنێو گەورە بەرپرسانی حکومەت ڕوودەداتو دزە دەکاتە نێو پڕۆژەو بەرنامە گەورەکانی حکومەت. حکومەت زۆرجار سوودی دارایی زۆر گەورە دەگوازێتەوە بۆ کۆمپانیا گەورە تایبەتییەکان لە ڕێگەی گرێبەستی خاوەنێتی‌و بەخشیشی حکومەتەوە، بەرتیلکاریی‌و قۆرغکردن دەگوازێتەوە بۆ وەگەڕخەرە تایبەتییەکان لەگەڵ پشکێک بۆ بەرپرسە گەندەڵەکان.

> گەندەڵیی گەورە لەنێو گەورە بەرپرسانی حکومەت ڕوودەداتو دزە دەکاتە نێو پڕۆژەو بەرنامە گەورەکانی حکومەت. حکومەت زۆرجار سوودی دارایی زۆر گەورە دەگوازێتەوە بۆ کۆمپانیا گەورە تایبەتییەکان لە ڕێگەی گرێبەستی خاوەنێتی‌و بەخشیشی حکومەتەوە، بەرتیلکاریی‌و قۆرغکردن دەگوازێتەوە بۆ وەگەڕخەرە تایبەتییەکان لەگەڵ پشکێک بۆ بەرپرسە گەندەڵەکان

بەرپرسە هەرە بەرزەکان ڕەنگە چەند پڕۆژەیەک هەڵبژێرنو بەنرخێکی ناماقووڵ کڕینو فرۆشتن بکەن. لایەنی دووەم خەڵکی ئاسایی (ئەوەی ڕەشوەت دەدات بە نموونە): لەبەرئەوەی کات پارەیە، کۆمپانیاو هاوڵاتی داماو پارە دەدات تا کارەکەی لێ دوانەخرێت. لە گەلێ وڵاتدا هێڵی تەلەفۆن یان پاسپۆرتو یان مۆڵەتی شۆفێریی بە نموونە وا بەئاسانی بەدەستنایەت تا پارە وەک بەرتیل نەدەیت. هەندێکجار خزمەتگوزارییەکە بەردەستە تەنیا بۆ کەسە گەندەڵەکان نەوەک بۆ هاوڵاتی شایستەو خۆگر، کە ئەوانەو چەندانی دیکە هۆکارن بۆ گەندەڵیبوونی کەسی ئاسایی.

ئاراستەی سێیەم: بە کۆمەڵ (زۆر جار گرووپێک ئەو کارە دەکەن): خاوەنی کارو بازرگانە نایاساییەکان هەمیشە هەوڵدەدەن کارەکەیان بە مسۆگەریی بکەن لە ڕێگەی بەرتیلدان بە پۆلیسو سیاسەتمەدارو دادوەرەکان یان لە ڕێگەی شەریککردنی ئەو بەرپرسانە لە قازانجی بازرگانە نایاساییەکەیان، کەواتە لێرەدا گرووپ دروستبوونو گەندەڵەکان بە کۆمەڵ گەندەڵیی دەکەن، جا هاوڵاتی ئاسایی بن یاخود دەسەڵاتدار، بەڵام ئەمجۆرە کارو بازرگانیانەش زۆر موعەڕەزن هەڕەشەیان لێبکرێت بۆ پارە لەلایەن گرووپی دیکەوە، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا هەندێ کارو بازرگانیی شەرعی زۆر بەتایبەتی موعەڕەزن بۆ دزەکردن بۆ نێو چوارچێوەی تاوانەوە.

تاوانی ڕێکخراو بە گرووپ سوودو قازانجێکی زۆری هەیە بۆ تاوانباران، بەڵام هەناوی دەوڵەت دەخواتو بۆگەنی دەکات. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەڵقەیەکی بەرژەوەندیی خودی پەیوەندیی بەرتیلدەرو بەرتیل وەرگر بە نموونە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

Shaswar.press@yahoo.com



ژمـارە (557) سێشەممە 2009/11/24
nawxo.rozhnama@yahoo.com
ڕۆژنامە

# داوادەکرێت «سوو»ی سەر سندوقی نیشتەجێبوون لاببرێت

سەنگەر جەمال

لە دوو یاداشتنامەی جیادا داوادەکرێت ئەو ڕێژە «سوو»ە لاببرێت کە دەچێتە سەر پارەی سلفەی خانووبەرەو سندوقی نیشتەجێبوون، لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئایینی پەرلەمانی کوردستانیش لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکان دەکاتو سەرۆکی لیژنەکە دەڵێت: «دیراسەی دەکەینو هەوڵدەدەین بگەینە ئەنجامێکی باش».

دوای دەستبەکاربوونی سندوقی نیشتەجێبوون، لەکاتی پێدانی قەرزەکاندا حکومەت بڕێک پارە لە هاوڵاتییان وەردەگرێت، بەشێوەیەک (٢٪) ئەگەر قەرزەکە بۆماوەی (٥) ساڵ بێت، (٣٪) ئەگەر قەرزەکە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بێت.

هەرچەندە ئەوە لەسەرەتادا نارەزایی لەسەری دەربڕاو زۆرێک لە هاوڵاتییان ئامادەنەبوون پارەکە وەربگرن، بەوهۆیەوە کە «سوو»ی دەچێتە سەر، بەڵام بۆ چارەسەری ئەوگرفتە پارەکە کرا بە رسوماتو بە وەسڵ وەردەگیرێت، بەڵام بەشێکی پیاوانی ئایینی پێیانوایە پارەکە سووەو لە دوو یاداشتنامەی جیاشدا کە ئاراستەی پەرلەمانو حکومەت کراون داوادەکرێت ئەو بڕە پارەیە کە «سوو»ە لاببرێت.



هەندێک پسپۆڕی ئابووریی ڕەخنە لەو سیستمە دەگرنو ئاماژە بەوە دەکەن؛ لە هیچ وڵاتێکی دنیادا حکومەت لە چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبووندا قازانج ناکاتو پارەش تەرخاندەکرێت. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئیمارات ئەگەر زووتر ئەو قەرزی سندوقی نیشتەجێبوونە بدرێتەوە ڕێژەیەکی لێخۆش دەبن، بەڵام لە کوردستان بەپێچەوانەوەیە، بەشێوەیەک کە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە لەوکاتەوە کە عەقار کراوەتەوە حکومەت نزیکەی (٢) ملیار دینار سووی لە خەڵک وەرگرتووە.

لە لێداوانێکی پێشوویدا بۆ ڕۆژنامە یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی وەبەرهێنان لە سلێمانی ڕەتی دەکاتەوە، کە ئەو پارەیە سووبێتو دەڵێت: «لە هەر وڵاتێکدا کە پارە لە بانک وەربگیرێت بەبێ سوود نادرێت، ئێمەش ئەوپەڕی هەوڵمانداوە کەمترین پارە وەربگیرێت ئەویش وەکو سوو نا، لەبەرئەوەی لەگەڵ وڵاتی ئێمە ناگونجێت، ئەو پارەیە بەناوی مەساریفی ئیدارییەوەیە، چونکە ئێستا بەڕێوەبەرێتیی سندوقی نیشتەجێبوونی بۆ دامەزراوە، کە بەڕێوەبەرو کارمەندو خەرجیی هەیەو پارەکە لەوشوێنانە خەرجدەکرێتەوەو حکومەت بە دوای قازانجی ئەوەوە نییە».

لەبارەی لابردنی سوو لەسەر قەرزی سندوقی نیشتەجێبوون د.بەشیر خەلیل، سەرۆکی لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان، وتی «دوو یاداشتنامەمان لە یەکێتیی زانایانی کوردستان لقی هەولێرو ژمارەیەک مامۆستایانی ئایینی شارەزوورو گەرمیانمان پێگەیشتووە، داوای ئەوە دەکەن ئەو پارەیە (سوو)ەو لاببرێت لەسەر سلفەی عەقار، ئێمەش بەنیازین لە داهاتوودا لەگەڵ چەند پسپۆڕێکی بواری فیقهی ئیسلامیو ئابووریی و بانکی وەبەرهێنان دابنیشین بۆئەوەی مەسەلەکە تاووتوێ بکەین، ئەگەر کرا لای دەبەین ئەگەرنا لانیکەم شێوازەکەی بگۆڕین بەشێوەیەک کە خەڵک بتوانێت وەریبگرێت».

لەلایەکی دیکەوە عومەر جۆلا، بەڕێوەبەری سندوقی نیشتەجێکردن لە سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد، ئاگاداری ئەو یاداشتانەو هەوڵەکان نیە بۆ لابردنی ئەو بڕە پارەیەو وتی «بەڵام ئەو بڕە پارەیەی وەردەگیرێت زۆرکەمەو خەرجی ئیدارییە»، هەرچەندە لەو بڕوایەدا نییە کە (٢) ملیار لە هاوڵاتییان وەرگیرابێت، بەڵام وتیشی «زیاتر لە ٣ هەزار کەس فۆڕمیان پڕکردوەتەوە، بەڵام ئەو پارەیە نادرێتە هیچ فەرمانگەیەکی ترو پارەکە دەدرێتەوە بەخەڵک».

بەڵام د. بەشیر باس لەوەدەکات، کە لیژنەی باڵای فتوای یەکێتیی زانایان پێیانوایە بەوشێوە رسوماتەی ئێستا هەمان عەمەلیەی سووەکەیە، بەڵام ناوەکەی گۆڕاوە، لەبەرئەوە ئەوان بە «سوو»ی دەزانن، ئاماژە بەوەش دەکات؛ ئێستا دوو فتوا لەوبارەیەوە لە ئارادایە، کە یەکێتیی زانایانی هەولێر بە حەرامی دەزانن‌و بۆ کەسانێک کە زۆر ناچاربن بازنەکەی بچووک دەکەنەوە، بەڵام یەکێتیی زانایانی سلێمانی پێیانوایە کەسێک ناچاربێتو نەتوانێت خانوو بکرێت یا دابینیبکات دەتوانێت ئەو قەرزە وەربگرێت.

د.بەشیر وتیشی: «هەرچەندە تائێستا دانیشتنمان نەکردووە، بەڵام ڕای ئێمە ڕای شەرعە، بەدڵنیاییەوە لە هەموو ڕوویەکەوە قسەی لەسەر دەکەین، چونکە دین فراوانەو لایەنی ئابووریی و بەرژەوەندیی هاوڵاتیی و کۆمەڵ دەگرێتەوەو دیراسەی هەموو ئەو لایەنانە دەکەین، من گەشبینم بەوەی دەگەینە ئەنجامێکی باش».

# ساڵی ڕابردوو (٦٢٥) تەن هەنگوین لە کوردستان بەرهەمهێنرا
# تۆپبارانەکانی ئێرانو تورکیا بەرهەمی هەنگوینیان دابەزاندووە

ئەحمەد باڵەکی

تۆپبارانەکانی تورکیاو ئێران کە بەردەوام ناوچە سنوورییو شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، بووەتە هۆی کەمبوونی هەنگ لەو ناوچانەو ئەمەش کاریگەریی کردووەتە سەر دابەزینی بەرهەمی هەنگوین لە هەرێمی کوردستاندا.

جەدیجە خەلق شێخ زادە، کە هاوڵاتییەکی دانیشتووی ناحیەی سیدەکانەو خاوەنی زیاتر لە (١٠٠)کۆڵەس هەنگە دەڵێ «بەردەوامیی تۆپبارانەکان لەلایەن ئێرانو تورکیاوە بۆ ناوچە سنوورییەکان، بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەربوومی هەنگوین، چونکە جاری وا هەبووە زیاتر لە دووهەفتە نەمانتوانیوە بچینە ناو هەنگەکانمان، ئەمەش وای دەکرد کە زۆرێک لە هەنگەکان بمرن».

ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی گرنگن بۆ بواری کشتوکاڵو سامانی ئاژەڵو هەنگ بەخێوکردن، جگە لەوەی لەوەڕگەیەکی باشو دارستانێکی چڕ پێکدەهێنن، بەڵام تۆپبارانەکانی ئێرانو تورکیا بووەتە هۆی لەناوچوونی بەشێکی زۆری ئەو سەروەتە نیشتمانییانە.

بە وتەی جەدیجە خەلق شێخ زادە لەم کاتەدا کە هەنگەکانیان بەرەو مردنو لەناوچوون دەچن، «حکومەتو کۆمەڵەی هەنگەوانان وەکو پێویست هاوکاریی هەنگەوانانیان نەکردووە، تەنها چەند جارێک سندوقی هەنگو دەرمانیان داوە بە هەنگاوانەکان».

هەنگوینی ئەسڵ بووەتە یەکێک لە بەنرخترین بەرهەمەکانی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی هاتنی هەنگوین لە دەرەوەی وڵاتەوە ئەم هەنگوینەش نرخی کەمبووەتەوە، ئەمەش هەنگەوانانی نیگەران کردووە.

جەدیجە دەڵێت «ئێمە تەنها داوکاریمان لە حکومەت ئەوەیە کە نەهێڵێت هەنگوین لە وڵاتە درواسێکانمانەوە بێتە کوردستان، چونکە ئەمە کار لە بەرهەمەکەی ئێمە دەکات، هەرچەندە ئەو هەنگوینەی ئەوان باش نییە، بەڵام بە هەرزان دەیفرۆشن».

بەپێی ئامارێکی تۆڕی هەنگەوانانی کوردستان ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستاندا (٦٢٥)تەن هەنگوینی خۆماڵی بەرهەمهاتووە، بەڵام لە ئەمساڵدا ئەم ڕێژەیە کەمیکردووە بۆ نزیکەی (٥٥٠)تەن هەنگوین.

عارف شێروانی، سەرۆکی تۆڕی هەنگەوانانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «ئەم هەنگوینەی لە ئەمساڵدا بەرهەمهاتووە لە مانگی ئابەوە بوو، بەڵام بەهۆی خراپی کەشو هەواوە ڕێژەکەی لەچاو ساڵانی ڕابردوودا زۆرکەمی کردووە».

شێروانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زۆرترین هەنگەوانان لە سنوری پارێزگای هەولێر کەوتوونەتە ناوچە سنوورییەکان، وەکو شارۆچکەی حاجی ئۆمەرانو سیدەکانو دۆڵی باڵەیانی سەر بە شارەدێی قەسرێو قەزای چۆمان.

سەرۆکی تۆڕی هەنگەوانانی کوردستان پێیوایە: «هەنگوینی هەرێمی کوردستان باشترین هەنگوینە لەسەر ئاستی جیهانو زۆرترینو باشترین بەرهەمی هەنگوینیش لەسنووری پارێزگای هەولێردایە».

بەهۆی باشی هەنگوینی هەرێمی کوردستانەوە، داواکاری لەسەر هەنگوینەکەی هەیە لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی نەبوونی کارگەی لەقتونانی هەنگوینو تاقیگەی تایبەت بەدیاریکردنی جۆری هەنگوینەکە، ناتوانرێت بنێررێتە دەرەوە.

لای خۆیەوە سەرۆکی تۆڕی هەنگەوانانی کوردستان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کاربکەن بۆ ڕاگرتنی تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان، بۆ ئەوەی هەنگەوانەکان بە ئازادییو بەبێ ترسو دڵەڕاوکێ کاری خۆیان بکەن.



# «لەجەژندا ئیستغلالکردن زیاد دەکات»

ئەلەند مەحوی

بازارکردن لە سەرەتای ئەم هەفتەیەوە لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا زیادیکردووەو نرخی کاڵاکانیش ڕوو لەزیادبوون دەکەن، پسپۆڕێکی ئابووریش هۆشداریی دەدات کە لە بۆنەکاندا ئیستغلالکردنی ڕوو لە زیادبوون دەکات.

ئەیوب سماقەیی، پسپۆڕی ئابووریی لە زانکۆی سەلاحەدین، لەڕووی ئابوورییەوە بەرزبونەوەی ئاستی فرۆش لەبازارەکانی هەرێمی کوردستاندا لەم بۆنانەدا بەکارێکی ئیجابیی دەزانێت، ئەگەر ئیستغلالکردنی تێدانەبێت.

سماقەیی هۆشداریی دەدات «لەئێستادا لە بازارەکانی هەرێمدا ئیستغلالکردن زۆرەو نرخ زۆرە بەبەراورد بە کوالێتی کاڵاکانو نرخەکانیان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان».

سەبارەت بە هۆکارەکانی قەرەباڵغی بازارەکان لە بۆنەکاندا سماقەیی پێیوایە «هاوڵاتییانی کەمدەرامەت زیاتر لە بۆنەکاندا دەتوانن پێویستییەکانیان بکڕن، چونکە لە ڕۆژانی ئاساییدا پارەیان پێ نییەو ناتوانن بەردەوام پێویستیەکانیان بکڕن، بەڵام بۆ بۆنەکان پارەش کۆدەکەنەوەو مووچەش وەردەگرن»، جگە لەوەی ئەم قەرەباڵغیە بەجۆرێک لە عادەتیش دەزانێت.

جگە لە خۆئامادەکردنی هاوڵاتییان بۆ جەژنی قوربانی پیرۆز، لە ئێستادا بەشێک لە هاوڵاتییان کە خۆی لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا دەبینێتەوە، ماڵەکانیان بەکاڵای نوێ بۆ سەری ساڵ نوێ دەکەنەوە، ئەمەش هۆکارێکی تری قەرەباڵغی بازارەکانە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سەلاحەدین لەم بارەیەوە دەڵێت «نوێکردنەوەی کاڵاکان لەسەری ساڵدا پێشکەوتن نییە، هێندەی عورفو عادەتە، بەڵام ئەگەر ئیستغلالکردنی تێدا نەبێت تا زۆرتر فرۆش هەبێت، قازانج زۆرتر دەبێت لە بازارەکانی هەرێمدا».

لەبارەی کردنەوەی بازارەکان لە شەودا کە تا ئێستا زۆرتر بازارەکان لەڕۆژدا دەکرانەوە ئەیوب سماقەیی وتی «بۆ هاوڵاتییان تا کاتی نمایشکردن زیاتربێت، کاڵای باشتری دەستدەکەوێت، بۆ فرۆشیارانیش زۆرتر دەفرۆشێتو قازانج زیاتر دەکات، بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە خەڵکی هەرێمی کوردستان زیاتر لەگەڵ بازارکردنن لە ڕۆژدا».

هەموو ساڵێک هەفەیەک پێش هاتنی جەژنو بۆنەکان بازارەکانی هەرێمی کوردستان قەرەباڵغی بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکانیش فشارێکی گەورە لە هاوڵاتییان دەکاتو هەندێکجاریش قەرزاریان دەکات.

# بەڵێنەکانتان بۆ خەڵکی زێڕینۆک جێبەجێ بکەن

گەڕەکی ئاوارەکانی زێڕینۆک، کە بە خانووە سەد مەترییەکانیش ناسراوە دەکەوێتە خوارووی خۆرهەڵاتی سلێمانی، لەسەر جادەی شەستیەکەو لەنزیک پردەکەی وڵوبەیە، ئەوخانووانەی کە ئێستا خەڵکی ئاوارەو خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانیشی تیادا نیشتەجێن لەساڵی (١٩٩٦) بۆ ئاوارەکانی هەولێرو کەرکوک دروستکراوە.

دانیشتووانی ئەم گەڕەکە دەڵێن کۆنترین گەڕەکی سلێمانییە، کە لەدوای راپەڕینەوە دروستکرابێت، کەچی دوای سیانزە ساڵ لە دروستکردنی، تائێستاش پشتگوێخراوترین گەڕەکی سلێمانییە.

تائێستاو دوای سیانزە ساڵ لە دروستکرنی ئەم گەڕەکە خانووەکانی لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆنەکراوە، ئەگەرچی بەر لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)و لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا جێگری سەرۆکی حکومەت بەڕێز عیماد ئەحمەد بە ئامادەبوونی زۆربەی بەرپرسانی حکومیو حیزبیی شارەکە لە (٥/١٤) لە گۆڕەپانی وەرزشیی چیا لەگەڵ دانیشتووانی گەڕەکەکانی خەبات، وڵوبە، شێخ عەباسو زێڕینۆک کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا دانیشتووانی گەڕەکی ئاوارەکانی زێڕینۆک داوایانکرد کە خانووەکانیان بۆ تاپۆبکرێت، جێگری سەرۆکی حکومەت لەو کۆبوونەوەیەدا بەڵێنی بە خەڵکەکە دا لە کەمترین ماوەدا خانووەکان لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆبکرێت، بەڵام تائێستاو دوای شەش مانگی تەواو هیچ هەنگاوێکی دیارو بەرچاو بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی کاک عیماد نەنراوە.

کێشەو گرفتی دانیشتووانی ئەو گەڕەکە هەر لە تاپۆنەکردنی خانووەکانیاندا نییە، بەڵکو ئەوەی کێشەی سەرەکیو گرفتی رۆژانەی خەڵکەکەیەتی، ئەوەیە کە خزمەتگوزاریی پێویستی نییە، جادەو کۆڵانەکانی بەهۆی نەبوونی قیرو کۆنکرێتەوە لە زستاندا دەبێتە قوڕو چڵپاوو لە هاوینیشدا خۆڵو تەپوتۆز خەڵکەکەی هەراسانکردووە.

کێشەیەکی دیکەی ئەو گەڕەکە ئەوەیە ئاوەڕۆیەکی سندوقی هەردوو گەڕەکی خەباتو حاجییاوا بەناو گەڕەکی ئاوارەکانی زێڕینۆکدا تێپەڕدەبێت، ئاوەڕۆکە لەناو ئەو گەڕەکەداو لە زۆر شوێنیدا بەشی سەرەوەی کۆنکرێتەکە بەدەرەوەیەو دانەپۆشراوە.

بەهۆی پشتگوێخستنو لانەکرنەوە لەو گەڕەکە زۆربەی سەری مەنهۆڵەکانی زێرابەکە خەڵک خۆی بە لەوحو چینکۆو پارچە تەنەکە دایانپۆشیوە، ئەمەش گرفتی بۆ خەڵکەکە دروستکردووە، بۆنی زێرابەکەو مشکو جرج ماڵەکانی هەراسانکردووە.

لەبەرئەوە دانیشتووانی ئەو گەڕەکە داوا لە شارەوانیی سلێمانی دەکەن کە جادەو کۆڵانەکانیان بۆ قیرتاوو کۆنکرێت بکاتو ئاوەڕۆکەشیان بۆ چاکبکرێت.

عەتا مستەفا

# چۆن سەنتەرەکانی گەنجان بخرێنە خزمەتی لاوانەوە؟



گەنجان سەرشەقامەکان دەکەن بە یانەیەک بۆ خۆیان

وەک گەنجێک بەلامەوە گرنگ بوو کە چەند سەرنجو تێبینییەک لەسەر ئەو بیناو سەنتەرانەی کە بۆ چالاکیی گەنجان دروستکراون بخەمەڕوو، پاشان ئاماژە بە چەند کێشەو پێشنیازێک بدەم بۆ چالاکبوونو چۆنێتیی بەڕێوچوونی ئیشوکاری ئەو سەنتەرانە، بۆ ئەوەی لە خزمەتکردنی تێکڕای گەنجاندا بنو بۆ دوورکەوتنەوەو بەسەربردنی ئەو کاتانەی کە هەیانەو لەسەر شۆستەو شەقامەکان بە ڕێی نەکەن، هەروەها لەو بارەیەوە چەند داواکارییەک ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم دەکەین.

• دەبینرێت لە شارەکانو لە چەند قەزاو ناحییەک بینا بۆ کردنەوەی ئەم سەنتەرانە دروستکراوە، بەڵام ناوچەکانی تر فەرامۆشکراون، بۆنموونە لە بازیانو دەوروبەری، گەنجان لەو خزمەتانە بێبەشن، لە قەزای چەمچەماڵ بینایەکی بۆ دروستکراو بەخشرایە کۆلێژێک، لە ناحیەی شۆڕش ماوەی ساڵێک دەبێت بینای بۆ دروستکراوەو کارمەندو خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابیننەکراوە، لە ناحیەی تەکیەش هەمان کێشە هەیە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم ئەو ناوچانەی لە بەهای ئەم خزمەتانە بێبەشن، لە کارنامەی خۆیدا بیناو پێداویستییەکانی بۆ گەنجانی ئەو دەڤەرانە دابینبکات.

• پێویستە لەو سەنتەرانەدا کۆمپیوتەرو هێڵی ئینتەرنێت هەبێت بۆ فێربوونو چۆنێتیی بەکارهێنانی، بۆ ئەوەش گەنجان لە هەواڵو پێشهاتو رووداوەکانی رۆژانە ئاگاداربنو سوود لە خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو سایتەکان وەربگرنو ئاستی فیکریو رۆشنبیرییو زانستیو زانیاریی لاوان تۆکمەو فراوان بێت، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە لەو سەنتەرانەدا مامۆستای کارامەو شارەزا هەبن کە وانە بڵێنەوە.

• وەرزش یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ بۆ سەلامەتیو دووربوون لە نەخۆشیو بۆ ئەوەی لە جوڵانەوەو کارکردندا خاوەنی لەشولارێکی جوانو چالاکو پێرفیکت بین، پێویستە لەسەر هەر مرۆڤێک لانیکەم رۆژانە دوو کاژێر وەرزش بکات، لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا وەزشکردن بووەتە دیاردەیەک کچانو کوڕانو پیاوانو ژنان بە پیرەکانیشەوە وەرزش دەکەن، دەبینرێت ئەو کەرەستەو ئامێرانەی لەوێ بەکاردەهێنرێن بۆ سەلامەتیو جوانکاریو چالاکبوونی ئەندامەکانی لەش هاتووەتە کوردستانو دەستدەکەوێتو زۆریشە، ئەگەر لەو سەنتەرانەدا لە هۆڵێکدا ئەو کەرەستانە هەبن، ئەوا بە خۆشحاڵییەوە رۆژانە گەنجانو وەرزشخوازان رووی تێدەکەن.

• دەبینرێت حکومەت هەرێم لەشارەکاندا بایەخ دەدات بە هونەرمەندانو بە بوارەکانی هونەری مۆزیکو وێنەکێشانو سیرامیکو شانۆ، تا ئاستێک دەستی هونەرمەندان دەگیرێتو هاوکاریو کارئاسانییان بۆ دەکرێت بۆ سەرخستنی کارەکانیان، بەڵام لە زۆربەی قەزاو ناحیەکاندا ئەم بوارانە فەرامۆشکراون، هونەری مۆسیقاو گۆرانی لەو ناوچانە بەشێوەیەکی گشتیی مردووەو بوار نەڕەخساوە بۆ گەنجان بۆئەوەی پەیوەست بن بە کاری هونەرییەوەو لەو بوارانەدا بێنە پێشەوەو دەربکەون، پێویستە لە هەر ناوچەیەک گروپێکی مۆزیک هەبێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، ستۆدیۆیەک هەبێت بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیانو لە سەنتەرەکاندا ئامێرەکانی مۆسیقا هەبن، تا راهێنانی لەسەر بکەنو شارەزایی پەیدا بکەنو فێرببن، بۆیە پێویستە بۆ لەمەودوا لەم رووانەوە حکومەتی هەرێمو وەزارەتی رۆشنبیریی ئاوڕێکی جدیی لە گشت ناوچەکان بدەنەوە.

• زۆر لە گەنجان دەستی نووسینی شیعرو چیرۆکیان هەیەو لەبەر بێتوانایی ناتوانن بەرهەمەکانیان چاپ بکەن، بۆیە پێویستە لەو سەنتەرانەدا ئامێری ئۆفسێت هەبێت بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیانو کۆڕو سمیناری شیعرییان بۆ ببەسترێت، بۆ خوێندنەوەو پێکەشکردنی نووسینەکانیان.

• پێویستە لە بینای ئەو سەنتەرانەدا هۆڵێک تەرخانبکرێت بۆ کافتریاو پشوودانو خوێندنەوەی کتێبو ئاڵوگۆرکردنی بیروڕاو گفتوگۆو یەکترناسینی گەنجان.

• پێویستە کارمەندو هەڵسوڕاوانی ئەو سەنتەرانە بێلایەنانە کاربکەنو لە بەڕێوبردنی کارەکانیاندا بەچاوی جیاوازی تەماشای گەنجان نەکەنو یەکسانیی پەیڕەو بکەن.

• پێویستە سەنتەرەکان تەنسیقو هەماهەنگییان هەبێت لەگەڵ خوێندنگەکاندا بۆ ئەوەی گەنجان هانبدرێن سەردانی ئەو سەنتەرانە بکەنو سوودو کەڵک لە خزمەتگوزارییەکانی ببینن.

• دەبینرێت زۆر لە گەنجان لە زانکۆو پەیمانگاکاندا پرۆسەی خوێندن تەواو دەکەنو دەردەچن، بەڵام هیچ شوێنێک نییە لێی دابمەزرێنو بەبێ کار دەمێننەوە، پێویستە ئەو گەنجانە بەپێی شارەزاییان لە بوارەکاندا لەو سەنتەرانەدا دابمەزرێن، بەمەش بەشێک لە رێژەی بێکاریی کەمدەبێتەوە.

• بۆ ئەوەی بەهرەو تواناو کارو چالاکییەکانی گەنجان لەو سەنتەرانەدا دەربکەوێتو نیشانبدرێت، پێویستە بەشێوەیەکی وەرزییانە یان ساڵانە سەرجەمسەنتەرەکانی شاروشارۆچکەو ناحیەکان هەر جارەی لە یەکێک لە شارەکان (دهۆک، هەولێر، سلێمانی) ئاهەنگو ڤیستیڤاڵیان بۆ رێکبخرێت، بۆ نمایشکردنی چالاکییەکانیان، پاشان لیژنەیەکی پسپۆڕی سەربەخۆ لە بوارە جیاجیاکان پێکبهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی کاروچالاکییەکانیانو هەر سەنتەرێک سەرکەوتنی بەدەستهێنا باشترین خەڵات بکرێت.

• بۆ ئەوەی لەو سەنتەرانەدا تێکڕای گەنجانی کوردستان لە بەهای خزمەتگوزارییەکانی سوودمەندبنو رووی تێبکەنو ببێتە شوێنێک بۆ بەرەودان بە خواستەکانیان، نابێت لێکدانەوەو تێڕوانین بۆ ئینتیمای حیزبیبوونی گەنجان هەبێت، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە نەبوو لە خزمەتی گشتیدا نابێتو گومانو نارەزاییو گلەیی دروست دەبێتو مافی وەک یەکی بەرجەستە نابێت.

• بۆ ئەوەی ئەو سەنتەرانە ببنە ناوەندێکی رۆشنبیرییو هونەریی سەربەخۆ بۆ گەنجان، پێویستە دووربن لە دەستێوەردانو ململانێی حیزبیی، پێویستە دابینکردنی پێداویستییەکانو بەرپرسیارێتیو هەڵسوڕاندنو راییکردنی کارەکانی ئەو سەنتەرانە لە ئەستۆو لەژێر چاودێریی حکومەتی هەرێمو وەزارەتی رۆشنبیرییو لاواندابێت.

هاشم غەمگین

بۆ ناردنی سکاڵاو بۆچوونو پەیامەکانتان پەیوەندی بەم ناونیشانانەوە بکەن:

تەلەفون: ٣١٩٢٠٠٥ e.mail: nawxo.rozhnama@yahoo.com

# تکایە هاوکاریی مومتاز حەیدەری بکەن



ئاری سابیر

مایەی خۆشحاڵییە کە لە هەرێمی کوردستاندا تائێستا کەسانێک هەن لەسەر ئەرکی خۆیان خزمەتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەنو یەکێک لەوانە نووسەرو رۆژنامەنووس (مومتاز حەیدەری)یە، ئەو پیاوە لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی هەیە، رۆژانە لەماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لەچەندین خوێندکارو مامۆستای زانکۆ دەکات کە بۆ نووسینی توێژینەوە سەردانی دەکەنو سوودێکی زۆری بە خوێندکارانو مامۆستایان گەیاندووە، بەپێدانی سەرچاوەو کتێب بەبێ بەرامبەرو بێئەوەی هیچ هاوکارییەکی بکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

لەکاتێکدا بەرپرسانی کوردستان کە لەسەر حیسابی ئێمە بوونەتە بەرپرسو مووچەیەکی باش وەردەگرن، ئامادەنین بەو شێوەیە پێشوازی لە خەڵک بکەن. ئەوەی کە من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئەو نووسەرە هەزاران کتێبی گرنگی لەماڵەکەی خۆیدا هەیە کە نەوەکانی داهاتوومان دەتوانن سوودی لێوەربگرن، لەکاتێکدا بەشێک لەو کتێبانە لەکتێبخانەکانی کوردستاندا دەستناکەون، بەڵام لەبەر نەبوونی جێگایەکی باشو هۆڵێکی کتێبخانە، زۆربەی کتێبەکانی لەسەر زەوی داناونو ناتوانێت وەک پێویست هاوکاریی خوێندکاران بکات.

ئەو پیاوە دەیەوێت هۆڵێکی کتێبخانەی هەبێت بۆئەوەی کتێبەکانی بخاتە خزمەتی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤارێکی وەرزی پڕ بەرهەم دەردەکات لەسەر ئەرکی خۆی، بەبێ ئەوەی هیچ هاوکارییەک لەحکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت.

کێشەکە لەوەدایە، ئەگەر سەیری دیواری باڵەخانەکانی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین سەدان تابلۆی (سەنتەرو لقو ناوەندو رێکخراو کۆمەڵەو رۆژنامەو گۆڤار)ی پێوەیەو هەریەک لەوانە مانگانە بودجەیەکی باشی بۆ تەرخانکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانو دەیان بینای گەورەیان بۆ دروستکراوە لەسەر بودجەی میللەت بەبێ ئەوەی سوودێکی ئاوایان هەبێت بۆ خەڵک، جگەلەوەی زیانێکی مادیی زۆری بە میللەت گەیاندووە، بەڵام پیاوێکی ئاوا کە تائێستا سوودی بەسەدان خوێندکارو مامۆستای کوردستان گەیاندووە، هیچ هاوکارییەک ناکرێت، لەکاتێکدا لەوانەیە ئەوەی پێویست بێت بۆ ئەو پیاوە بەڕێزە بکرێت، بودجەی یەک مانگی رێکخراوێک بێت، بۆیە لە رێگەی ئەو رۆژنامەیەوە داوا لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، هاوکاریی کاک مومتاز حەیدەری بکات بۆ دروستکردنی هۆڵی کتێبخانەیەک تا خزمەتی زیاتر بە نەوەکانی داهاتوو بگەیێنێت.

# حکومەتی هەرێم چیدی نەیتوانی مەترسی ئەنفلۆنزای بەراز پەردەپۆش بکات



**سەنگەر جەمال**
**نیان مەجید**

**ئەنفلۆنزای بەراز دووەم هاوڵاتی کورد دەکوژێتو ڕێژەی تووشبووانی پەتاکەش بۆ (٢٨) کەس بەرزدەکاتەوە بەرپرسانی تەندروستیش باسلەوەدەکەن کە توشبووانی ڤایرۆسەکە چارەسەرکراون.**

گیانلەدەستدانی ئەو دوو هاوڵاتییەی نیشتەجێی شاری سلێمانی بە پەتاکە لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی تەندروستی ئاماژە بە چارەسەرکردنی توشبووانی نەخۆشیەکە دەکەن، د. تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکیدا ڕۆژی پێش گیانلەدەستانی یەکەم هاوڵاتیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، ئەو هاوڵاتییانەی لە هەرێمی کوردستان تووشی نەخۆشیی ئەنفلۆنزای بەراز (ڤایرۆسی H1N1) بوون، هەموویان داخلی نەخۆشخانەکراونو چارەسەریان بۆکراوە.

بۆیەکەمجار پاش بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای بەراز لە وڵاتی مەکسیک، بەهۆی کوشندەییەوە هاوڵاتییانی جیهانی خستە مەترسییەوەو دواتر ڤایرۆسەکە بەناوی ڤایرۆسی H1N1 بڵاوبووەوەو هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە.

پسپۆڕانی تەندروستی پێیانوایە، ڤایرۆسی H1N1 هەمان ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای پەلەوەرە، بەڵام بەجۆرێکی ترسناکترو لە ڕێگەی مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە، هەربۆیە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە هەرێمی کوردستاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتووەتە ئامادەباشییەوە.

د.خالس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی نکۆڵی لەوە نەکرد کە ناتوانن ڕێگە لە تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکە بگرن، بەتایبەت کە ئێستا حاڵەتەکان هەنو ئەو هاوڵاتییانەی هەڵگری ڤایرۆسەکە بوون، نیشتەجێی کوردستانن.

بە گوێرەی پلەبەندیو ڕێنمایی تەندروستیی جیهانی بۆ نەخۆشییەکە بە دوو قۆناغ تێدەپەڕێت، کە قۆناغی یەکەم ئیحتیواکردنییەتیو قۆناغی دووەمیش تەشەنەسەندنو بڵاوبوونەوەی فراوانە، بەشێوەیەک لە زۆر ناوچەی دەوروبەری کوردستان بڵاوبووەتەوە، کە جگە لە وڵاتانی دراوسێ، لەناو عێراقدا (١٦٢٠) حاڵەت هەیە کە زیاتر لە (١٠)یان گیانیان لەدەستداوەو لە کەرکوکیش نزیکەی (٦٠) حاڵەت تۆمارکراون، بەڵام بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی تەندروستی ئاماژە بەوە دەکات، کە نەخۆشییەکە لە کوردستان لە قۆناغی ئیحتیوادایەو هێشتا بڵاونەبووەتەوە.

ئەوکەسانەی تووشی نەخۆشیی ئەنفلۆنزای بەراز دەبن، زیاتر ئەوانەن کە بەرگریی لەشیان کەمبووەتەوەو کەسانی بەتەمەن، یان منداڵن، یان ئەو کەسانەی چارەسەری کیمیاییان بەکارهێناوە، یان پێشتر تووشی نەخۆشیی ئایدز بوون، لەبەرئەوەی بەرگریی لەشیان کەمبووەتەوە.

هەرچەندە بەرپرسانی تەندروستی هەرێمی کوردستان هاوڵاتییان دڵنیادەکەنەوە کە ڕێوشوێنی پێویست لە دژی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە گیراوەتەبەرو تا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر باس لەوە دەکرا کە «لە ئێستادا لە پارێزگای سلێمانیدا هیچ کەسێکی تووشبوو بە ئەنفلۆنزای بەراز لە نەخۆشخانەکاندا نییە»، بەڵام لە ڕۆژی ١١/٢٢ دا وەزیری تەندروستی هەرێم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا مردنی هاوڵاتییەکی بە پەتاکە ڕاگەیاندو دوێنێش گیانلەدەستدانی کەسی دووەمیش ڕاگەیەنرا.

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا بەشی (١٠٠)هەزار کەس کە ئەگەر تووشی ئەنفلۆنزای بەراز ببن، دەرمان هەیەو ژووری عەمەلیات پێکهێنراوەو ڕێنمایی تایبەت دراوەتە سەرجەم کارمەندو پزیشکو کاربەدەستەکانی ناو نەخۆشخانەکان، کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ نەخۆشەکاندا بکەن.

د. تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان پێش ڕاگەیاندنی حاڵەتی گیانلەدەستدانەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «ئەو حاڵەتانەی لە کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە لە سلێمانی (٩)حاڵەتو لە هەولێر (١٢)و لە دهۆکیش (٢)حاڵەت، هەموویان داخڵی نەخۆشخانە بوونو چارەسەریان بۆ کراوە».

بەڵام ڕۆژی دواتر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا، د.تاهیر ئاشکرایکرد، کە ٢٧ حاڵەت لە کوردستان تۆمارکراون، کە ١٥ لەشاری هەولێرو ١٠ کەس لە سلێمانیو ٢ کەسیش لە دهۆک تووشی پەتاکەبوونو وتیشی: «لەو حاڵەتانەی سلێمانی ٩یان چاکبوونەتەوەو ١ کەس گیانی لەدەستداوە، گومانیش هەبوو ٤ کەس بە پەتاکە گیانیانلەدەستدابێت، بەڵام تەنیا یەکێکیان سەلمێنراوەو ئێستاش ٨ حاڵەتی دیکە لەسلێمانی لە نەخۆشخانە خەوێنراونو لەژێر چاودێریدان».

هەورامی ئاماژەی بەوەشکرد، کە ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە گیراوەتەبەرو «لە هەرێمی کوردستاندا توانای چارەسەرکردنی نیو ملیۆن کەسی تووشبوو هەیە، بەڵام ناتوانین بەجارێک دەرمان بۆ هەمووی بهێنین، چونکە بەسەر دەچێت».

وەزیری تەندروستی ئەوەشی ئاشکراکرد، کە خولی چۆنێتیی چارەسەری ئەم نەخۆشییەیان بۆ (٦)هەزارو (٥٠٠)مامۆستای زانستی کردووەتەوە کە چۆن لە خوێندنگەکاندا خۆیان لەم نەخۆشییە بپارێزنو ڕێنمایی باشی خوێندکارەکان بکەن، لە ڕێگەی پەروەردەشەوە چەند ڕێنماییەک بەسەر خوێندکاراندا دابەشکراوە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکە.

لای خۆشییەوە د.خالس قادر ئاماژە بەوە دەکات، کە ئامێری پشکنینی سەرەتاییو دیاریکردنی نەخۆشییەکە لە کوردستان هەیەو وەک ئەو دەڵێت: لەو ڕێیەوە پشکنینیان بۆ زیاتر (٤)هەزار هاوڵاتیی تووشبوو بە ئەنفلۆنزا کردووەو حاڵەتی ئەو هاوڵاتییانەی هەڵگری ئەنفلۆنزای بەرازن لەورێیەوە ئاشکرا کراونو ئەوانی دیکە ئەنفلۆنزای ئاساییان هەبووە، بەڵام نایشارێتەوە کە تائێستا ئامێری قۆناغی سێیەمیان نییەکەڤایرۆسەکەدەستنیشاندەکاتو تائێستا پشکنینەکان ڕەوانەی بەغدا دەکەن، بۆ چارەسەری ئەوەش وتی «گرێبەستمان کردووەو ئامێرەکان لە ڕێگەدان، پێشبینی دەکەین لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بگەنەجێو لە کوردستانیش پشکنینەکان ئەنجامبدرێن».

د.خالس ئەوەشی خستەڕووکە ئەو پارەیەی لە ڕابردوودا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە دابینکراوە، تەنیا بۆ قۆناغەکانی سەرەتا بووە، وتیشی: «ئەو ٦ ملیۆن دۆلارە بۆ قۆناغەکانی پێشوو بووە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە پێویستمان بە پارەی دیکەیەو بەپێی بەرنامەی داڕێژراو داوامان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ دەربڕینی ڕەزامەندیی».

# پشکی ژنان لە بریکاری وەزارەتەکاندا چەند دەبێت؟

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

**ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەن، ڕێژەی ژنان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا زیاد بکرێتو بۆ ئەو مەبەستەش ٢٩ پەرلەمانتار یاداشتێک دەدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.**

کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٩/١٠/٢٨ سەرۆکو جێگرەکەیو وەزیرەکانی لە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستاندا سوێندی یاساییان خوارد، بەڵام لەو ژمارەیە تەنیا یەک وەزیری ژن پۆستی پێدراوە.

عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە لە کابینەی شەشەمدا ڕێژەی ژنان زۆر کەمەو تەنیا ١ ژن هەیە، بۆیە ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان دەستمانکرد بە کۆکردنەوەی ئیمزاو (٢٩) ئیمزامان لە پەرلەماندا کۆکردەوە، بە ناوی ئەو پەرلەمانتارانەوە یاداشتێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ ئەوەی لە دانانی بەڕێوەبەرە گشتییەکانو بریکارەکاندا ڕێژەیەکی گونجاو لە ئافرەتان دابنێنو قەرەبووی ئەو کەلێنە بکەنەوە.

عومەر عەبدولعەزیز بۆ ڕۆژنامە وتیشی «لە یاداشتەکەدا داوامان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، داواکارییەکەی ئەو (٢٩) پەرلەمانتارە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکات».

سەرەڕای داواکاریی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕێژەی ژنان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا،بەرپرسانی حکومەت ئاماژە بەوە دەکەن تائێستا بڕیار لەسەر چۆنێتی دانانی بریکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکان نەدراوە.

د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «دانانی بریکاری وەزارەتەکان بەپێی پێویستی وەزارەتەکان دەبێت، تائێستا ئەنجومەنی وەزیران بۆ دانانی بریکارەکان هیچ بڕیارێکی نەداوە».

بۆ هەڵسوراوانی ژنانیش دانانی ڕێژەیەکی زۆری ژن لە حکومەتدا گرنگ نییە، هێندەی ئەوەی حکومەت کێشەکانی ژنان بەهەند وەربگرێتو خزمەتگوزاریی پێویست پێشکەشی هاوڵاتییان بکات.

# یەک ملیۆنو ٤٠٠ هەزار دۆلاری هەڵەبجە چارەنووسی نادیارە

**ئارام نەجیم**

**چارەنووسی یەک ملیۆنو ٤٠٠ هەزار دۆلاری ئەو ٥٠٠ خانووە تا ئێستا دیار نییە، کەحکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەی دروستکردووە بەڵام بەهۆی کێشەی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیای دنای ئێرانی ئەو پارەیە لە کولفەی پڕۆژەکە ڕاگیراوە.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٤دا بڕیاریدا ٥٠٠ خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە دروست بکاتو بەپێی ڕێکەوتنێک لەگەڵ کۆمپانیای دنای ئێرانی بڕیاربوو ئەو خانووانە لە وادەی ٢ ساڵدا تەواوبکرێن، بەڵام دوای ئەوەی ئەو کۆمپانیایە نەیتوانی ئەو خانووانە تەواو بکات، حکومەتی هەرێم کێشەکەی لەگەڵ کۆمپانیاکە بردە دادگاو پڕۆژەکە لە کۆمپانیاکە وەرگیرایەوە.

پاشان لەسەر فەرمانی عومەر فەتاح، جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا کە خانووەکان لەلایەن کەسوکاری شەهیدانەوە جێبەجێبکرێنو بۆ هەر خانوویەک ٢٢ ملیۆنو ٢٥٠ هەزار دیناری بۆ دابینبکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کێشەی حکومەتو کۆمپانیای دنای ئێرانی لە دادگا تەواو نەببوو، بۆیە بڕیاریاندا لە بودجەی ئەو ٥٠٠ خانووە ١ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار دۆلار ببڕن، بەمەرجێک ئەگەر هاتوو حکومەتی هەرێم داواکەی بردەوە، ئەوە ئەو بڕە پارەیە بۆ خاوەن خانوو و کەسوکاری شەهیدان بگەڕێتەوە.

لەکاتێکدا ماوەی ٢ ساڵ بەسەر پڕۆژەکەدا تێپەڕیوەو حکومەت داواکەی لە دادگا بردووەتەوەو تائێستا چارەنووسی ئەو بڕە پارەیە نادیارەو ناشزانرێت لەسەر حیسابی کێ دانراوە.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕوونیکردەوە، کە پاش شکستهێنانی پڕۆژەی ٥٠٠ خانووەکە لەلایەن کۆمپانیای دنای ئێرانییەوە، دوای چەندین سەردان بۆلای بەرپرسە باڵاکان توانیمان ئەو پڕۆژەیە بگەڕێنینەوەو بودجەیەک بۆ ئەو پڕۆژەیە دابینبکرێت، کە لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتی پێشوو عومەر فەتاح موافەقەتی بۆ کراو دوای ئەوەی پڕۆژەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە، پێشیان ڕاگەیاندووین، کە ئەگەر حکومەت بردیەوە پارەکەتان بۆ دەگەڕێتەوە.



لوقمان عەبدولقادر بۆ ڕۆژنامە وتی «لەکاتی سەردانی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، بۆ هەڵەبجە داوامان لێکرد کە ئەو بڕە پارەیەمان بۆ بگێڕنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی عومەر فەتاحی لەگەڵ بوو ڕازی نەبوو ئەو بڕە پارەیە بگێڕێتەوە، بە بیانووی ئەوەی کە سولفەیەکی ٥ ملیۆن دیناریيو چیمەنتۆ دراوەتە خانووەکان، بەڵام مام جەلال بڕیاریدا کە لەو ٥ ملیۆن دینارەی کە وەک سولفە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دراوە بە خانووەکان لێمان خۆش بێت.

لەلایەکی دیکەشەوە بەهار محەمەد ئەمین، بەڕێوەبەری بانکی هەڵەبجە ڕەتیکردەوە کە ئەو ١ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار دۆلارە لە بانکی هەڵەبجە دانرابێتو بۆ ڕۆژنامە وتی «ئێمە ئاگامان لە بڕینی ئەو بڕە پارەیە نییەو پەیوەندیشی بە ئێمەوە نییە».

## بەڕێوەبەری کارەبای هەولێر: لە سەری مانگەوە بەرنامەی کارەبا دەگۆڕێت

# لەگەڵ هاتنی جەژنی قوربان، دابەشکردنی کارەبا کەمدەبێتەوە

**بەرهەم عومەر**

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەعاتەکانی دابەشکردنی کارەبای نیشتمانیی لە هەولێرو سلێمانیدا کەمبووەتەوەو مولیدە ئەهلییەکانیش وەکو جاران بڕی پێویستی کارەبا بۆ ماڵان دابین ناکەن، لە کاتێکدا هاوڵاتییان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ جەژنی قوربان‌و شەوانە بازاڕەکان پێویستیان بە کارەبای بەردەوام هەیە.**

ئەندازیار یاسین حەسەن، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای سلێمانی، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی کارەبا لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە سلێمانی‌و هەولێر بریتییە لە بەرزبوونەوەی خواستی کارەبا لەلایەن هاوڵاتییانەوە، بەهۆی داگیرساندنی ئامێرە گەرمکەرەوەکان، بەوپێیەش خواستی بەکارهێنانی کارەبا بە بەراورد بە هەفتەی ڕابردوو نزیکەی (١٠٠) مێگاوات زیادیکردووە، واتە بەکارهێنانی کارەبا لە سلێمانیدا لە (٥٠٠) مێگاواتەوە بووە بە (٦٠٠) مێگاوات.

یاسین حسین ئاماژەی بەوەشکرد؛ کە ئێستا ئیشدەکرێت لە هەندێک لە بەشەکانی فیدەری (١٣٢) کەیڤی لە پارێزگای سلێمانیدا، ئەوەش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هۆکارێکی دیکە بووە بۆ کەمبوونەوەی بڕی کارەبای دابەشکراو بەسەر هاوڵاتییاندا.

وا بڕیارە لە چەند ڕۆژی ئایندەدا یەکەی ژمارە (٣)ی وێستگەی کارەبای چەمچەماڵی



وێستگەی کارەبای چەمچەماڵی گازیی

گازیی بکەوێتە کارو لە مانگی ئایندەشدا یەکەیەکی دیکەشی بکەوێتەکار، ئێستا بەڕێوەبەرێتی کارەبای سلێمانی سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ هێڵی گواستنەوە، کە لە تەواوبووندان‌و هەندێک کاریان ماوە.

یاسین ئاماژەی بەوەشکرد؛ هەندێکجار پێویست دەکات هێڵەکان ڕابگرین‌و کارەبای هێڵە گشتییەکە بکوژێنینەوە، کاتێک ئەندازیارو کارمەندەکان کار لەسەر هێڵەکە دەکەن.

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای سلێمانی ئەوەشی خستەڕوو؛ کە هیچ گۆڕانکارییەک لەو بڕە کارەبایەدا نەکراوە، کە لە ناوەندەوە دەنێردرێت بۆ هەرێم‌و وتی: «ئەوەندەی ئاگاداربم ئێستا نزیکەی (٦٠-٧٠) مێگاوات دەدرێتە هەرێم‌و ئێستا لە شاری سلێمانیدا نزیکە (١٦-١٨) کاتژمێر کارەبا دابەشدەکرێت بەسەر ماڵاندا».

هەروەها بەرزبوونەوەی خواستی بەکارهێنانی کارەبای بە شتێکی ئاسایی زانی بەوپێیەی بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتووە، کە لەگەڵ دابەزینی پلەکانی گەرما خواستی بەکارهێنانی کارەبا زیاد دەکات، هەروەک چۆن لە هاوینیشدا لەگەڵ بەرزبوونەوەی زۆری پلەکانی گەرما بە هەمانشێوە خەڵک زۆرتر ئامێرە فێنککەرەوەکانیان بەکار دەهێنن لە ماڵەکانیاندا.

هەموو ساڵێک لە (٦/١٥ بۆ ٩/١٥) هەروەها لە (١١/١٥ بۆ ٣/١٥) بەکارهێنانی کارەبا زۆر زیاد دەکات، بەڵام ئەندازیار یاسین پێشبینیی کرد، لە چەند ڕۆژی ئایندەدا گرفتی کارەبا لە سلێمانیدا نەمێنێت، ئەگەر وێستگەی چەمچەماڵی گازیی بێ هیچ کێشەیەک بکەوێتە کارو گرفتی سووتەمەنیش نەبێت لە شاردا.

شاری هەولێریش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کوژانەوەی زۆری کارەبای بەخۆیەوە بینی، لەکاتێکدا بەرنامەی مولیدە ئەهلییەکان بۆ پێدانی کارەبا بە هاوڵاتییان کەمکراوەتەوەو بەشێوەیەکی نارێک کارەبا دەدەنە هاوڵاتییان.

حسێن محەمەد بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر، ئاماژەی بەوەکرد؛ کە لە کۆتایی ئەم مانگەدا کۆبوونەوەیەک لەگەڵ خاوەن مولیدەکان دەکرێت دەربارەی پێدانی کارەبای مولیدە ئەهلییەکان بۆ مانگی دوانزە، بەڵام لەم مانگەدا خشتەی پێدانی کارەبا وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کە لە ماوەی مانگێکدا (٩٠) کاتژمێر کارەبا دەدەن.

سیروان محەمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کارەبای سلێمانی، بە هەمانشێوە پێیوابوو؛ بەهۆی زۆریی خواستی کارەباو زۆریی ئەو کێشانەی دووچاری هێڵەکان دەبێت، هەندێکجار کارەبا دەکوژێنرێتەوە لە هەندێک گەڕەک، هەروەها وتیشی: «تیمەکانی صیانەی کارەبا بە شەو و ڕۆژ کاردەکەن بۆ چاککردنەوەی ئەو کێشانەی لە هێڵەکاندا دروستدەبن، بەڵام بەهۆی زۆریی ئەو کێشانەی دروستدەبن‌و لەکاتی چاککردنەوەیاندا کارەبای ئەو فیدەرە دەکوژێنرێتەوە بۆ ئەوەی زیان بە تیمەکانی صیانەکردن نەگات.

# بەروبوومی پەلەوەر بێ گومرگ دێتە سلێمانییەوە

**ڕۆژنامە**

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرێتیی سامانی ئاژەڵ لە سلێمانی، کە بۆ لیژنەی ئابووریی پارێزگای سلێمانی ناردووە، ئاگاداریان دەکاتەوە، کە تا (١١/٢٧) نابێت نرخی مریشک بەرزبکرێتەوە، چونکە ئەو مریشکەی ئێستا لە بازاڕدا هەیە گومرگ نەکراوە.

لەو نووسراوەدا کە کۆپییەکی لای ڕۆژنامەیە، تیایدا هاتووە «مریشکو بەروبوومەکانی، ئەوەی ئێستا لە بازاڕدا هەیە ڕسومات‌و گومرگ نەکراوە، لە ڕێگەی تورکیاو ئێرانەوە دێت‌و بە ڕەزامەندیی ئێمەیەو پشکنینی بۆ دەکرێت لە مەرزەکان».

هەر لەو نووسراوەدا، کە ژمارە (٤٥٢٣) لەسەرەو لە (١١/١٩) دەرچووە، ئاماژە بەوەکراوە، کە مریشکو بەروبوومەکانی هەتا (١١/٢٧) ڕسوماتی لەسەر نییە، لەبەرئەوە نابێت نرخی مریشکی بەستوو بەرزبکرێتەوە، بەهۆی مانگرتنی چەند دوکاندارێک».

جێی ئاماژەپێکردنە، مریشکفرۆشەکانی سلێمانی بەهۆی گواستنەوەی ڕێگەی هێنانی مریشکی بەستوو بۆ پارێزگای سلێمانی، لە هەفتەی ڕابردوودا مانیانگرت‌و بەڕێوەبەرێتیی سامان‌و دروستی ئاژەڵیش پێیانوایە، مریشک لە ڕێگەی تورکیاو ئێرانەوە پشکنینی بۆ دەکرێت‌و گونجاوە بۆ بەکارهێنان.

# خانووی فەرمانبەرانی سەرکەپکان تەواوبووەو دابەش ناکرێت

**شاسوار مامە - ڕانیە**

لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی (١٩) خانووی فەرمانبەران‌و خانوویەکی بەڕێوەبەری ناحیە لە شارۆچکەی سەرکەپکانی سەر بە قەزای ڕانیە دروستکراون‌و ماوەی (٤) مانگە خانووەکان تەواوبوون‌و چەند خزمەتگوزارییەکی بۆ دابینکراوە، بەڵام تائێستا دابەشنەکراون، لەکاتێکدا زۆرینەی فەرمانبەران لە خانووی کرێدا ژیان بەسەردەبەن.

هیوا قەرەنی، بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان، لەم بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو خانووانە بەشێکیان بۆ سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکان‌و بەشێکی دیکەشیان بۆ فەرمانبەرانن، پێوەریشمان بۆ دابەشکردن بەپێی خاڵبەندییە.

بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان وتیشی: «چەند ڕۆژێکە فەرمانیان بۆ هاتووە لە پارێزگای سلێمانی بۆ دابەشکردنی خانووەکان، بەڵام ئەم خانووانە تاپۆناکرێن لەسەر هیچ کەسێک‌و بەکۆتاییهاتنی کاری هەر فەرمانبەرێک خانووەکانیان لێ دەسێنرێتەوە».

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی خانوویەک بۆ سەرۆکی شارەوانیی سەرکەپکان پێش دابەشکردنی‌و زیادکردنی ژوورێک بۆ خانووەکەی، بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان وتی: «سەرۆکی شارەوانیی سەرکەپکان یەکێکە لەوانەی دەتوانێت خانوو وەربگرێت، بەڵام ناکرێت بەر لە دابەشکردنی خانووەکان خانوو بۆ خۆی دیارییبکات‌و بە نایاسایی ڕووبەری خانووەکەی زیاد بکات».

هەر لەم بارەیەوە ڕۆژنامە سەردانی شارەوانیی سەرکەپکانی کرد، بەڵام سەرۆکی شارەوانی ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات، سەرچاوەیەکی تایبەتیش بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، کە تا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی لە سەرکەپکان‌و بەڕێوەبەری ناحیەو سەرۆکی شارەوانی نەکرێت، ئەو خانووانە دابەش ناکرێن.

# بە ڕەگەز ئیسرائیلییەک دەبێتە پارێزەری هەڵەبجە



**ئارام نەجیم**

پارێزەرێکی بە ڕەگەز ئیسرائیلی بە ناوی (مراڤ داتان) لەکاتی کۆنگرەی داکۆکیکردن لە نەهێشتنی چەکی کیمیایی، کە لە ڕۆژانی (٦-٧-٢٠٠٩/١١/٨) لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو، دوای یەکتربینینیان لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە، بڕیاردەدات سەردانی شاری هەڵەبجە بکات‌و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ببێتە پارێزەری ئەو شارە.

خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجەو جێگری سەرۆکی شارەوانییەکانی جیهان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەو کۆنگرەیەدا چاوم بەو پارێزەرە کەوت، کە پارێزەرێکە لەسەر ئاستی نەتەوەیەکگرتووەکان، دوای گێڕانەوەی کارەساتەکە بۆی، پێیڕاگەیاندووە، کە ئەو کارەساتەم نەبیستووە تائێستا، بۆیە هەر لەوێدا بڕیاریدا بێتە هەڵەبجەو ببێتە پارێزەرێک بۆ داکۆکیکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە هەڵەبجە.

سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە ئاماژەی بەوەشکرد؛ لە ئێستادا خەریکی بانگهێشتکردن‌و ئاسانکاریی بۆ هاتنی ئەو پارێزەرەیە بۆ شاری هەڵەبجەو وتیشی: «ئەم پارێزەرە پارێزەرێکی نێودەوڵەتییەو دەبێتە داکۆکیکارێک لەسەر ئاستی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هەڵەبجە، ئەمەش پاڵپشتێکی گەورەیە لەسەر ئاستی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دۆسیەی هەڵەبجەو شاری هەڵەبجە».

## لیستی کوردستانی شەرعیەت دەداتە ئازاردانی منداڵان

# چوار پڕۆژە یاسا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی یەکدەخرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**



چوار پڕۆژەیاسا بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان‌و پاراستی کەرامەتیان لە بەردەستی پەرلەماندایەو پێدەچێت لە یاسایەکدا بەناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کۆبکرێنەوە، لە یەکێک لە پڕۆژەکانیشدا لیستی کوردستانی شەرعیەت دەدات بە ئازاردانی منداڵان.

پڕۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە لەلایەن لیژنەی بەرگریکردن لە مافی ئافرەتانەوە لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا ئامادەکراوەو لە بیست‌و پێنج مادە پێکهاتووەو لە (٢٠٠٨/٩/١٠)دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

لە پڕۆژەکەدا باس لە پێکهێنانی دادگای تایبەت بە کێشەکانی توندوتیژی خێزانی‌و دروستکردنی پەناگەی تایبەت‌و زیادکردنی ژمارەی ئافرەتانی پۆلیس دەکات‌و داوای دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کەسی قوربانیی‌و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبونی بێ مەترسی بۆ ژنانی هەڕەشە لێکراو دەکات، ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بوو لەلایەن حکومەتەوە، هەربۆیە دوای خوێندنەوەی یەکەم پڕۆژەکە نێردرا بۆ حکومەت، بەڵام دوای هەشت مانگ گلدانەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پڕۆژەیاسایەکی دیکە ئامادەکراو ڕۆژی (٤/٢٧) نێردرا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام لە خولی دووەمی پەرلەماندا هیچ بەرەوپێشچوونێک بۆ دەرچواندنی یاساکە نەبینراو بەجێهێڵرا بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان.

ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٧) پڕۆژەیاساکەی حکومەت دووبارە هێنرایەوە پەرلەمان‌و خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراو ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کرا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت لەبارەیەوە، بەڵام فراکسیۆنی گۆڕان پێی باشە، کە هەر پڕۆژەیاساکەی لیژنەی ژنانی خولی دووەمی پەرلەمان بخرێتەوە کار.

پەیام ئەحمەد ئەندامی لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە پێمان باشە، کە پڕۆژەیاساکەی خولی دووەمی پەرلەمان بهێنرێتەوە پەرلەمان بۆ بە یاساکردنی، چونکە زۆربەی کارەکانی بەڕێوەچوون‌و ڕای ڕێکخراوەکان‌و حکومەتی لە بارەوە وەرگیراوە، هاوکات ئەو پڕۆژەیە گشتگیرتریشەو سەرجەم لایەنەکان لێکدراوەتەوە».

لە پڕۆژەیاساکەی حکومەتی هەرێمدا، کە ئێستا فراکسیۆنی کوردستانی بە ناوی خۆیەوە پێشکەشی کردووە چەند کەموکوڕییەکی تێدایە یەکێک لەوانەش، ئەوەیە لە بڕگەی (٣) لە مادەی چوارەمی پڕۆژەیاساکەدا هاتووە: «پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بڵاوکراوەی ڕاگەیاندنی چاکسازی هان بدەن بۆ خولقاندنی هۆشیاریی خێزانیی بۆ کۆمەڵگەی کوردی بۆ پێکەوەنانی خێزانێکی باشی خۆبەستە بە بەهاو ڕەوشتەکان‌و بەجێهێنانی ئەرکی خێزانیی»، وەک ئەوەی کە لە ماوەی ڕابردوودا خێزانەکانی کۆمەڵگەی کوردی خۆبەستە نەبووبێت بە بەهاو ڕەوشتەکان‌و ئەرکەکانی خێزانیان بەجێنەهێنابێت.

لەلایەکی دیکەوە لە بڕگەی یەکەم لە مادەی دوازدەهەمدا هاتووە: «هەرکەسێک یەکێک لە منداڵەکانی، یاخود نەوەکانی ئازاردا بەبیانووی تەمبێکردنی ئەو ئازاردانەش دەروونی بوو، یان مەعنەوی ئەگەر لە سنووری بەزەیی دەرچوو بە غەرامەیەک سزا دەدرێت»، لەم کاتەشدا ئەم پڕۆژەیە ڕێگەدەدات بە ئازاردانی منداڵ بەو مەرجەی لە سنووری بەزەیی دەرنەچێت لە کاتێکدا، کە ئازاردان هەر ئازاردانە.

لەو بارەیەوە سەمیرە عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕاستە پڕۆژەکە لەلایەن فراکسیۆنی ئێمەوە پێشکەشکراوە، بەڵام تائێستا وەک لیژنەی ژنان دانیشتنمان لەسەر نەکردووەو ئاگاداری وردەکارییەکەی نیین».

بەپێویستیشی زانی، کە ئەو کەموکوڕیانە چارەسەربکرێن‌و وتیشی: «نابێت یاساکە بەو شێوە سەقەتە بڕوات‌و دەبێت ئەو خاڵانەی تێدا چاکبکرێن».

لەلایەکی دیکەوە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیاسایەکی ئامادەکردووە بۆ بنبڕکردنی لەشفرۆشی‌و سزادانی هەموو ئەو کەسانەی، کە بازرگانی بەو کارەوە دەکەن‌و هەم ئەو کەسانەش کە بە کارەکە هەڵدەستن.

ناسک تۆفیق ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بوونی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە، چونکە لە ئێستادا لە هەندێک شوێن بە ئاشکرا بەدی دەکرێت، ئەمانە جگە لەو حاڵەتانەی کە ژێربەژێر هەن‌و خەڵکی لێیان ئاگادارنییە».

لە ماوەی ڕابردوو لە هاوینەهەواری سەرسەنگ لە دەڤەری بادینان لە یەکێک لە ئۆتێلەکانی ئەو هاوینەهەوارەدا دیاردەی لەشفرۆشی سەریهەڵدابوو خەڵکیش بە ئاشکرا بۆ ئەو مەبەستە سەردانیان دەکرد، بەڵام لەلایەن هاوڵاتیانی دانیشتووی ناوچەکەوە خۆپیشاندان کراو ئۆتێلەکە ئاگرتێبەردرا بە مەبەستی داخستنی، ئەمە جگە لەوەی کە ئێستا لە یەکێک لە ئۆتێلەکانی ئەزمڕی سلێمانی کچانی بیانی هێنراون بۆ سەماکردن‌و بەشێک لە هاوڵاتیانیش گومانی دیکەی لێدەکەن.

بەوهۆیەشەوە ناسک پێی وابوو؛ لەم ڕووەوە حکومەت کەمتەرخەم بووە، چونکە ئەرکی ئەوە کە ڕێگە بەو کارانە نەدات هەروەک وتی: «دەسەڵات وەک هەموو شتەکانی دیکە لە بەرامبەر دیاردەی لەشفرۆشیدا کەمتەرخەمیی نواندووە بەتایبەت لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکاندا، هەرچەندە تائێستا نازانرێت کە ئەمە جۆرێکە لە بازرگانی کە لە کوردستاندا سەری هەڵدابێت، یاخود پیادەکردنی سیاسەتێکە بۆ خلافاندنی خەڵک بەو کارانە، یان ئەوەتا بێ موبالاتی‌و ئاوڕنەدانەوەی جدییە بۆ دیاردەکە».

لیستی یەکگرتوو بە مەبەستی دارشتنی پڕۆژەکەی پشتی بەستووە بەو حاڵەتانەی کە لە ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکان‌و ڕێکخراوەکانی دیکەو میدیاکانەوە بەدی دەکرێن، هەر بۆیە بە وتەی ئەندامی فراکسیۆنەکەیان بوونی یاسایەکی تایبەت بۆ سزادانی توندی ئەو کەسانەی بەم کارە هەڵدەستن، چ وەک ئەنجامدان، یان بازرگانیکردن بێت بە پێویست دەزانن.

لەلایەکی دیکەوە گەشە دارا سەرۆکی لیژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان بوونی وەها یاسایەک، کە ڕێگە بە ئەنجامدانی لەشفرۆشی نەدات بە پێویست زانی‌و بۆ ڕۆژنامە وتی:» هەرچەندە تائێستا پڕۆژەیاساکەی فراکسیۆنی یەکگرتو نەهاتووەتە بەردەستمان، بەڵام مەبدەئیەن لەگەڵ دەرچوونی وەها یاسایەکدام، چونکە لەشفرۆشی یەکێکە لەو کارانەی کە دەچێتە چوارچێوەی پێشێلکردنی مافەکانی ژنانەوەو لەو ڕێگەیەوە ژن وەک کاڵایەک لێی دەڕوانرێت، بەڵام بەو مەرجەی یاساکە تەنیا سزای بۆ ژنان تێدانەبێت‌و پیاوان لێی بێ تاوانبن، بەڵکو پێویستە باڵانسی جێندەری لە یاساکەدا ڕابگیرێت».

جگە لە دەستدرێژی سێکسی، ڕۆژانە لە شوێنەکانی کارکردن‌و شوێنە گشتییەکاندا ژنان ڕووبەڕووی تەحەروش دەبنەوە، بەڵام تائێستا یاسایەکی تایبەت نییە بۆ پاراستنی ژنان لەو ڕووەوە، بەو هۆیەشەوە ساڵی پار دوو چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی پڕۆژەیاسای قەدەغەکردنی هەراسانکردنی سێکسیان پێشکەشی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کرد.

سەرۆکی لیژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەتان پێی وابوو؛ کە قەدەغەکردنی هەراسانکردنی سێکسی لە چوارچێوەی توندوتیژیدایە، کە بەرامبەر ژنان ئەنجامدەدرێت، هەربۆیە پێی باش بوو، کە بخرێتە چوارچێوەی پڕۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانییەوە.

بوونی ئەم ژمارە پڕۆژەیاسایە لە خزمەتی ژناندا ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی ئەنجامدانی هەر ناهەقییەک بەرامبەریان، بەڵام بەهۆی ئەوەی تائێستا هیچکامیان یاسانین حاڵەتەکان لە بەردەوامیدان بەجۆرێک، کە بەپێی ئامارێکی بانکی زانیاری مافی مرۆڤ لە ماوەی (٩) مانگی یەکملا ئەمساڵدا لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک‌و کەرکوک (١٤٢٣) پێشێلکاریی بەرامبەر ژنان ئەنجامدراوە.

> **قەدەغەکردنی هەراسانکردنی سێکسی لە چوارچێوەی توندوتیژیدایە، کە بەرامبەر ژنان ئەنجامدەدرێت، باشتر وایە بخرێتە چوارچێوەی پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانییەوە**

# هەڵمەتی شانزە ڕۆژەی دژ بە توندوتیژیی ڕەگەزپەرستانە

هەڵمەتی شانزە ڕۆژەی چالاکی نواندنی دژ بە توندوتیژیی ڕەگەزپەرستانە، هەڵهێنجراوی هەڵمەتی جیهانیی مافە مرۆییەکانی ژنان بوو. لە یۆنیۆی ساڵی (١٩٩١)دا، سەنتەری سەرکردایەتی جیهانیی ژنان بە هاوکاریی لەگەڵ بەشدارانی یەکەمین کۆمەڵەی جیهانیی ژنان، کە تەرکیزی تەواوی کردبوویە سەر توندوتیژیی‌و مافەکانی مرۆڤ، دیدارێکیان سازکرد بۆ (٢٣) ژن لە (٢٠) وڵاتەوە، ئەو دیدارەی ئەوان هەڵمەتی شانزە ڕۆژەی چالاکی نواندنی لێکەوتەوە دژ بە توندوتیژیی ڕەگەزپەرستانە، بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر پەیوەندیی نێوان ژن‌و توندوتیژیی‌و مافەکانی مرۆڤ. لەماوەی نێوان (٢٥)ی نۆڤەمبەر تا دەگاتە (١٠)ی دیسەمبەری ساڵی (١٩٩١).

ئەو ماوەیە (٤) مێژووی گرنگی دەگرتەوە: (٢٥)ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان، (١)ی دیسەمبەر ڕۆژی جیهانیی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، (٦)ی دیسەمبەر یادی ساڵانەی کوشتارەکەی مۆنتریال، کە تەقە لە (١٤) کچە خوێندکاری ئەندازیار کرا، بەهۆی ئەوەی لە بزووتنەوەی یەکسانیی نێوان پیاوو ژندا بەشدارییان دەکرد، (١٠)ی دیسەمبەر ڕۆژی مافەکانی مرۆڤ.

ناوەندی جیهانیی سەرکردایەتی ژنان ئەو هەڵمەتە ساڵانەیەی ڕێکخست، کە لەسەر ئاستی جیهان‌و لەڕێی چالاکییەکی زۆرەوەو لەسەر ئاستی جیاجیای ناوخۆیی‌و نیشتمانی‌و هەرێمایەتی‌و نێودەوڵەتی ئاهەنگی بۆ گێڕدراو دایەلۆگی ڕادیۆیی‌و تەلەفزیۆنی‌و بەرنامەی وێنەگیراوو کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی‌و فیلمی دۆکیومێنتاری‌و دایەلۆگی ڕۆشنبیریی ئازادو کۆنگرەی زانستی‌و گەلێک کۆنگرەی دیکەی گرتەوە، جگە لە خۆپیشاندان‌و ناڕەزایی دەربڕین‌و ڕێپێوان‌و ئاهەنگ‌و وێنەو پۆستەرو هونەرو پیشانگای کتێب‌و ئەدەب‌و ڕاگۆڕینەوەو بەیاننامەو وتووێژو داواکاریی‌و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گشتیی‌و ئاهەنگی مۆسیقاو نواندن‌و شانۆو هونەری میللی‌و بەرنامەی کۆمەڵایەتی‌و دابەشکردنی ڕاگەیاندنی چاپکراوو پۆستەرو نامیلکەو پەخشی دیکەی ڕیکلامیی.

هەڵمەتی شانزە ڕۆژەی چالاکی نواندن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ڕەگەزپەرستانە لە تواناو پابەندبوونی ئەو بزووتنەوەیە سەرچاوەی گرتووە، کە بەبێ ماندوبوون لەکاردایە بۆ دانانی سنوورێک لەبەردەم توندوتیژیی ڕەگەزپەرستانە لەسەر ئاستی ناوخۆو لەهەموو جیهانیشدا. ژمارەی بەشدارانی پێگەی شانزە ڕۆژە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندبارە بووەتەوەو ئێستا پتر لە (٨٠٠) ڕێکخراوی زیاتر لە (٩٠) وڵات دەگرێتەوە، ئەم ژمارەیەش زۆر لە پێشبینییە سەرەتاییەکانی هەڵمەتەکە تێپەڕیوە، نەک هەر لە ژمارەی بەشداراندا، بەڵکو لە بەشدارییە فیعلییەکانیشیان.

هەڵمەتی شانزە ڕۆژەی چالاکی نواندنیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ڕەگەزپەرستانە بووە بە ڕووداوێکی ساڵانە لە زۆر شارو ویلایەت‌و هەرێمدا. هەڵسوڕاوانی مافە مرۆییەکانی ژنانیش ئەو ماوەی (١٦) ڕۆژەیان قۆستووەتەوە بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەی هاوکاریی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سەبارەت بە توندوتیژیی ڕەگەزپەرستانە.


هەروەها کارکردن لەسەر مسۆگەرکردنی باشترین پارێزگاری بۆ ئەو کەسانەی لە ڕووداوەکانی توندوتیژیی قوتاربوون‌و بانگەشە بۆ سنووردانان لەبەردەم ئەو توندوتیژییەدا. پێگەی هەڵمەتی هاوکاریی شانزە ڕۆژە بەخێرهاتنی هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە لەڕێی ڕێکخستنی چالاکی لە هەرێمەکانیاندا دێنە ریزی هەڵمەتی ساڵانەیەوە.

لەمیانەی قۆناغەکانی گۆڕانکاریی لە هەڵمەتەکەدا پلانەکانی ڕێکخستن لەلایەن گروپگەلێکەوە دادەدڕێژران، کە ڕەنگدانەوەکانی ئەو پلانەیان لەسەر هەرێمەکانیان‌و لەسەر باری سیاسی ڕۆژ ڕەچاو دەکرد. لەساڵی (٢٠٠٠)دا ناوەند ئەو ڕێکخراوانەی هاندا، کە پەیوەندییان بە ڕووداوە جیهانییەکانی پێنج ساڵی دواییەوە هەبوو، وەک (کۆنگرەی چوارەمی ژنان)و (دوا کۆنگرەی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی‌و جیاکاریی ڕەگەزپەرستانەو دەمارگیریی دژ بە خەڵکانی بیانی‌و هەر شتێک پەیوەندیی بە دەمارگیرییەوە هەیە لەماوەی نێوان (٣١)ی ئۆگست- (٧)ی ئەیلوولی (٢٠٠١)، کە لە باشووری ئەفریقا بەسترا)، هانی ئەوانەی دا گوشار بخەنە سەر حکومەتە ناوخۆیی‌و نیشتمانییەکان ئەو بەڵێنانەیان جێبەجێ بکەن، کە پێشتر داویانە. هەروەها ناوەندەکە هانی هەموو هەڵسوڕاوان دەدا ماوەی ئەو شانزە ڕۆژە بقۆزنەوە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی لەناو کۆمەڵە خوێندکارە ناوخۆیی‌و نیشتمانی‌و هەرێمایەتییەکاندا لەڕێی ڕێکخستنی ڕووداوی گرنگی وەک دانیشتنی دادگایی‌و کۆنگرەی ڕۆشنبیریی ئازادو فیستیڤاڵی هەمەجۆرەوە.

**سەرچاوە: ئەم یاداشتە لەلایەن هۆبەی کۆمەکی ژنانەوە پێشکەشکراوە بە بەشی کاروباری ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان.**

## توندوتیژیی دژی ئافرەتان، سوکایەتییە بە کەرامەتی مرۆڤایەتی

# کام حکومەتی بنکە فراوان!!



سەلاح مەزن

**ئاخۆ ئێوە مەبەستتان هەیە، حکومەتەکەتان بنکەفراوان بکەن، بڕەک زەحمەتە، چونکە نەک بنکەفراوان، بەڵکو ناتوانن لە نێو خودی حیزبەکانتان ئەو پۆستو پلە وەزیفیانە لەسەر بنەمای شارەزاییو لێهاتوویی، یان موستەحەقی دابەش بکەن**

ژمارەیەک زاراوەو دەستەواژە هەن، هەمیشە دووبارە دەبنەوە، بێ ئەوەی لە وردەکارییو مانا دروستەکەی وردبوونەوە بکرێت، یان میکانیزمی جێبەجێبوونیان لە پراکتیکو ژیانی ڕۆژانە لێکبدرێنەوە، نەبادا لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە زۆر ئاماژەی بۆ دەکرا، جا سەبارەت بەو زاراوەو دەستەواژەیەوە، ئەوەندەی کە پەیوەندیی بە ژیانی سیاسییو دیموکراسیی، یان پرۆسیسەکانی نێو کۆمەڵگەوە هەبێت، پێویستی بە شیکرنەوە دەبێت.

زاراوە یان چەمکی حکومەتی بنکەفراوان، کە لەو ڕۆژانە زیاتر بەر گوێمان دەکەوێت، دیارە کە هەندێ لایەنی دەسەڵاتو میدیا وەک ریکلام، یان بۆ جوانکردنی ڕووخساری دەرەوەی حکومەتی نوێ، کابینەی شەشەم بە بنکەفراوان ناو دەبەن، کە گوایە لە پێکهاتەکەیدا، نوێنەرانی گشت پێکهاتە سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئیتنییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەخۆ دەگرێت.

لەولاشەوە ئۆپۆزسیۆنو میدیاکانیان کابینەی شەشەم بەوە ناو دەبەن، کە حکومەتێکی بنکە تەسکەو نوێنەرایەتی تەواوی چینو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە ناکات.

بە تێڕوانینی دەسەڵات بنکەفراوان بە مانای بەشداریبوون لە هەرچی زۆری حیزبو گروپی سیاسیی سەرچاوە دەگرێت، دیارە مەرج نییە لەوەی ئەو حیزبو گروپانە چەندە وابەستەی داواکارییو کێشەی خەڵکن، یان دەربڕین لەوان دەکەن، یان هەر نەبێ سندوقی دەنگدان بۆ ساغکردنەوەی ئەو ڕاستییە چەندە بە پێوەر وەرگیراوە، لەوە گەڕێ لە هەرێمەکەی ئێمە چەندە بە دەستەمۆییکردن کارەکان بەڕێوەدەچنو چۆن سیناریۆ ئاشکراکان خۆیان دووبارەو چەندبارە دەکەنەوە.!!

لەوانەیە حکومەتی بنکەفراوان بە ژمارەی وەزارەتەکان لێکبدرێتەوە، لە عێراقو هەرێمی کوردستان خەرجییەکانی سیادیو مووچەو پاداشتی پۆستەکانی سیادیو پلەو پایەکان، کە ژمارەیان هێندە زۆرە، مووچەو خەرجییەکانیان لەسەر کۆستی گەلە داماوەکەمان لە خەیاڵ دەرچووە!!

حکومەتی بنکەفراوان، بە مانا ساناکەی ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرایەتی سەرجەم دەڤەرو ناوچەکان بکەنو لە ڕووی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئیتنی نوێنەری سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگە بن، نوێنەرایەتییەک کە لەسەر بنەمای ئینتیمای بنەماڵەو خزمایەتی، خێڵو عەشیرەت، یان تەنیا ڕابردووی سیاسیی نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای کەسایەتی بەهێزی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، تەکنۆکراتی، ڕووناکبیریو تاد..بێت. بەو مەرجەی ژیاننامەیەکی پاکو سەربەرزانەی هەبێتو لەلایەن خەڵک ڕێزدارو خۆشەویست بێت.

دیارە لە شێوازی هەڵبژاردنی لیستی داخراودا پێچەوانەی ئەوە ڕەنگە کەسانی پێگە لاوازی سیاسییو کۆمەڵایەتی، بگرە پاشخان گەندەڵ جێیان بۆ بکرێتەوە، بۆیە شێوازی لیستی کراوەو بازنەی کراوە بۆ قۆناغی ئەمڕۆ هەنگاوێکی پڕ بایەخ دەبێت، بۆ ئەوەی کەسانی کاراو نوێنەرانی خەڵک بتوانن کورسی پەرلەمان بگرنو بە هەق نوێنەرو داکۆکیکەری کێشەو داواکاریی خەڵک بنو دڵسۆزی ئەزموونی وڵاتەکەیان بن.

لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشدا، مەرج نییە کە ژمارەی وەزارەتەکان چەندە، بەڵکو کاتێک دەتوانی بێژیت حکومەت بنکەفراوانە، گەر وەزیر بەو پێیەی پلەیەکی سیاسییە، پێویستە کەسانێک بن شارەزا لە سیاسەتو پرسی دیموکراسییو مەدەنی، ناسراوو باوەڕپێکراو لەلایەن خەڵک، پاشخان خاوێنی سیاسییو کۆمەڵایەتی، ڕەوشت بەرزو دەستپاک، جگە لە شارەزاییو ئەزموونی کاری پەیوەست بەو پۆستەی کە وەریدەگرێت.

بەڵام پۆستەکانی وەزاریی، جێگری وەزیر، ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرێتییەکانو...تاد. لەسەر بنەمای حیزبیی، نەتەوەییو ئیتنی بەشێوەی تەوافوقیو ڕازیکردن دەستنیشان دەکرێن، جارێ لەلای پێشەوە ژمارەیەک وەزارەتی گرنگ گۆڕانکارییان تێدا نەکراوەو وەک خۆیان ماون، لەوەش گەڕێ کە ژمارەیەک ناو هەن لە دوای ڕاپەڕینەوە هەمیشە لە بەغدا بێ، یان لە هەولێر یان وەزیرن یان پەرلەمانتار، نابێ بێ پۆستو پلە بن، وەک بڵێی لە نێو خودی ئەو حیزبانەو لە نێو کۆمەڵگە، لەوانە بەدەر کەسی دیکە نەبێت جێگەیان بگرێتەوە، ئەوانە نازانرێ خانەنشین دەبن یان نا، یانیش سەریان سوڕماوە نازانن بەکام پلە یان پۆست خۆیان خانەنشین بکەن، ئەوانەی کە لە پەرلەمانو وەزارەتەکانیشن سواونو چیتر جێیان بۆ نەدۆزرایەوە، کۆنو قوژبن زۆرنو جێیان بۆ دەدۆزرێتەوە!

ئەمجار حکومەتی بنکەفراوان ئەوە نییە چەند حیزبو لایەنی گەورەو بچووک، یان کەسانی بەنێو بێلایەنو سەربەخۆیانەوە، بەشدارییان پێبکرێت، یان پۆستیان بدرێتێ، ئەو سیناریۆو گەمانە لە جیهانی سێیەمو لە وڵاتی وەک خۆیشماندا، هەموو خەڵک پێی ئاشنا بوونە، دیارە ئەو مۆدێلە چەند ساڵی دیکەش درێژەی دەبێت، چونکە تەوافوقیو ڕازیکردنی ئەملاو ئەولا ڕاکردنە لە پرۆسیسی ڕاستەقینەو ڕاشکاوانەی گۆڕانو پێشوەچوونی وڵاتو کۆمەڵگە، باشترین نموونەش ئەو ڕەوشە نا ئارامو ئاڵۆزو بنبەستەیە، کە لە عێراق دروستبووە، کە بەشێک لە هۆکارەکەی بەرەنجامی سیاسەتی تەوافوقییە، چونکە نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات.

لەوە گەڕێ با بێینەوە سەر ئەسڵی قسە، حکومەتی بنکەفراوان، گوتمان وەزیر پۆستێکی سیاسییە، چاکە دەی، ئەگەر دەکارن حکومەتەکەتان بنکەفراوان بێت، لەوە گەڕێ کە کرێکارێکی پاککردنەوە، یان کارمەندێکی کاتیو بێ واسیتەو تەزکییە دانامەزرێ، لەوەش گەڕێ بە هەزاران کەس بێ ئەوەی بەرهەمێکی زیهنی، یان بازووییان هەبێت مووچەیان هەیە، یان زیاتر لە یەک مووچەو وەزیفەیان هەیە، لەولاشەوە بە هەزاران کەسی شارەزاو کارامە دانامەزرێن، لە ژێرەوەش لیستی خزمو کەسانی خۆیان ژێراو ژێر دادەمەزرێنن!

با لە قسەکانمان دوور نەکەوینەوە، ئاخۆ ئێوە مەبەستتان هەیە، حکومەتەکەتان بنکەفراوان بکەن، بڕەک زەحمەتە، چونکە نەک بنکەفراوان، بەڵکو ناتوانن لە نێو خودی حیزبەکانتان ئەو پۆستو پلە وەزیفیانە لەسەر بنەمای شارەزاییو لێهاتوویی، یان موستەحەقی دابەش بکەن، ئەوجا لەوە گەڕێ ، بتوانن لەنێو کۆمەڵگە پەیڕەوی لێبکەن، چونکە لەو کابینە نوێیەشدا هەروەک ئەوانی پێشوو لە بچوکترین حیزبو گروپی بەشداربووی کابینەکە تا دەگاتە دوو حیزبەکەی دەسەڵات ڕەها ئیمتیازاتو دەرفەتەکانی سوود وەرگرتنو ئاسانکارییەکانی دوور لە یاسا بۆ مەبەستی دەوڵەمەندییو ڕازیکردنی ئەندامو هەوادارەکانیان دەبێت، دەرگای بەشدارییپێکردنو دامەزراندن لەو وڵاتە پڕ لە خێرو بێرەدا بە زۆریی هەر لەبەردەم خۆیان ئاوەڵا دەبێت.

حکومەتی بنکەفراوان، بەو مانایە دێت، کە لە جێگری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان تا دەگاتە بەرپرسی بەشێک لە فەرمانگەیەکدا، بەپێی شارەزاییو کارامەییو ڕاژەی وەزیفی لەسەر بنەمای کەسی گونجاو بۆ جێی گونجاو پۆستو پلەو ناونیشانی وەزیفییان بدرێتێ، نەک لەسەر بنەمای وەلاو ئینتیمادا، کە کارمەندی ڕاستەقینە لە یەک پلە چەق ببەستێو کارمەندی تازە دامەزراوی ناشارەزا ئۆتۆماتیکی بە بازدان ناونیشانو پلەی وەزیفی بدرێتێ، ئەوە بۆ وابێت؟

هەروا پێویستە نەوەی نوێ بواری بۆ بڕەخسێت، تا تواناکانی بخاتەگەڕو لە دامەزراوەکانی وڵات دابمەزرێت، وەختێ دەکرێ بێژین حکومەتی کابینەی شەش بنکەفراوانە، کە کەناڵەکانی بەشدارییبوونی خەڵک بۆ چالاکیی جیاجیای ژیانی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، کلتووریو.. تاد.. واڵا بێتو دەرفەتی بێ جیاوازی بەشداربوون لە هەموو ئاستەکانی پرۆسیسی بەرهەمهێنانو بنیاتنانی ژیانی نوێ، بۆ گشت تاکێک بە یەکسانیو دادوەریی دەستەبەر کرابن.

selahmezin@yahoo.com

# گۆڕان
# وەک یەکێتیو پارتی



هیوا جەمال

**هەمان ئەو خۆبردنە پێشەی لەلایەن کادیرانی حیزبەکانی دیکەوە هەیە، بەداخەوە لەلایەن ئەو کەسانەشەوە هەیە کە دەیانەوێت لە ڕێگەی گۆڕانەوە ببنە پەرلەمانتار**

لە کاندیدکردنی پەرلەمانتارەکانیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان کۆمەڵێک ڕەخنەی لەسەر بوو، منو ژمارەیەک لەو هاوڕێیانەی لێیانەوە نیزکم چەندین تێبینیمان هەبوو لەسەر جۆری کاندیدکردنەکە، بەڵام بەهەر بیانوویەک بێت تێبینییەکانمان ڕەوینەوە، بیانووی هەرە بەهێزیش ئەوە بوو، کە ئەم بزوتنەوەیە لەماوەی چەند مانگێکدا خۆی بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئامادەکردووە، هیچ ڕێکخستنێک، چوارچێوەیەکی حیزبیو دەزگای هەڵبژاردنو... نییە، بۆیە دەکرێت چاو لە هەندێک هەڵەو کەموکووڕیی بپۆشین، بەو هۆیەشەوە ئێستا (٢٥) پەرلەمانتار بەدەنگی بەشێکی زۆر لە خەڵک چوونە پەرلەمان، ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

ئەوەی بەدیدەکرێت لە دیاریکردنی کاندیدەکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دیسان چەند تێبینییەک وەک ئەوانی پێشوو هەنو زیاتر تۆخبوونەتەوەو چەند تێبینییەکی دیکەش هاتوونە سەر ئەوانی دیکە.

سەرکردەکانی گۆڕان بەتایبەت نەوشیروان مستەفا زۆر جەختی لەوە کردووەتەوە، کە دەیانەوێت جارێکیتر قۆناغەکە نوێبکەنەوە لەسەر چەمکی هاوڵاتیبوون، نەک چەمکی حیزبیبوون. ئەو جیاوازی بزووتنەوەکەی لەگەڵ یەکێتیو پارتیدا لەوەدا چڕکردووەتەوە، کە ئەم جووڵانەوەیە نابێتە ڕێکخستنێکی هەرەمیو لە خوارەوە بۆسەرەوە یان بەپێچەوانەوە بێت، ئەم جووڵانەوەیە لە ناوەڕاستەوە دەستپێدەکات.

لە تەنیشت ئەویشەوە سەرکردەکانی دیکەی بزووتنەوەی گۆڕان جەختیان لەو بۆچوونانە کردووەتەوەو لەچەند شوێنێکدا وتوویانە دەبێت گۆڕان وا خۆی ڕێکبخات کە بەشێوەیەکی تەقلیدی نەبێت، یانی ئەوجۆرە حیزبایەتییەی باوە لەناو ئەم وڵاتانەدا دەبێت لەوە دووربکەوینەوە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت جەماوەرو سەرکردایەتی بزووتنەوەکە زۆر لێکەوە نزیک بن.


کۆمەڵێک سەرنج لەم هەڵبژاردنەشدا هەیە، کە هەمان سەرنج لەسەر چۆنێتی کارکردنی حیزبیانەی یەکێتیو پارتیش هەن، لەوانەش ڕەخنەی توند لە یەکێتیو پارتی گیراوە، (بەتایبەت کە بەشێکی زۆری سەرانی ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە یەکێتییەوە هاتوون).

زۆربەی کات وتراوە، کاتێک ئەم حیزبانە کەسانێک دەنێرن بۆ پەرلەمان ئەوەندەی بۆ دڵدانەوەو ئیش بۆدۆزینەوەو قەرەبووکردنەوە....و چەندین بیانووی دیکەیە، ئەوەندە بەپێی تواناییو پێشخستنی کارەکان نییە، هەڵبەتە ئەم سەرنجانە بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکانو تەنانەت وەزیریش هەن، کەچی خەریکە هەمان نەخۆشیی لەلایەن گۆڕانەوە دووبارە دەبێتەوە، هەمان ئەو خۆبردنە پێشەی لەلایەن کادیرانی حیزبەکانی دیکەوە هەیە، بەداخەوە لەلایەن ئەو کەسانەشەوە هەیە کە دەیانەوێت لە ڕێگەی گۆڕانەوە ببنە پەرلەمانتار، ئەوەی لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا دەرنەچووە، ئیتر دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا کاندید بێت؟

یەکێکی دیکە لەو مەفخەرانەی لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە بانگەشەی بۆدەکرێت، ئەوەیە کە وەک نەوشیروان مستەفا دەڵێت: ئێستا حیزبی تاک ئایدۆلۆژی قۆناغی تێپەڕیوە، کۆمەڵێک ئامانجی جیاواز هەیە کە ئێمە بە ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانەوە دەتوانین لەسەری کۆببینەوە، بەڵام بەداخەوە لە کاندیداکانی پەرلەمانی کوردستانو لەمانەش کە بۆ پەرلەمانی عێراق کاندید کراون (ئەوەندەی من ناوەکانیم بیستوونەتەوە) ئەو پەلکە زێڕینەیەی تێدانییەو پشکی شێر دراوە بەوانەی کە لە یەکێتی وازیان هێناوەو پێشتر یەکێتی بوون، لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا بەهۆی هەڵبژاردنی ڕابردووەوە دەرکەوت، کە ئەگەر بواریان پێبدرێت خەڵکی لە حیزب بێزاربوون، کەواتە تا دەکرێت دەبێت کاندیدەکان لەناو خەڵکەوە هەڵبژێردرێن، ئەمە مانای ئەوە نییە کە حیزبییەکان هەموویان بێزراون، بەڵام هەمووشیان خۆشەویست نین، بۆیە ئەگەر گۆڕان کاندیدەکانی لەسەر ئەم بۆچوونانە بنێرێتە پەرلەمان، ئەوا وەک یەکێتیو پارتیو باقی حیزبەکانی دیکە لەسەر بنچینەی حیزبیبوونو ئایدۆلۆژیا ناردوونی، دەبێت هەر لە سەرەتاوە خۆی لەگەڵ ئەوە ڕابێنێت لە خەڵکەوە بۆ خەڵک نوێنەرەکانی بنێرێت.

لەهەموو ئەوانەی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دڵنیانیم چەند بەرژەوەندیی خەڵکیان دەوێت، بەڵام دڵنیام لە نەوشیروان مستەفا، کە عەقڵو تیۆرسینی بزووتنەوەکەیە جگە لە بەرژەوەندیی خەڵک بەلایەوە گرنگ نییە کێ لە برادەرەکانی یان ئەوانەی برادەری نین دەچنە پۆستەوە، (ئەوەشی پێشتر سەلماندووە) بۆیە حەق نییە ئەم تەمەنەی کە ماویەتی بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بیرۆکانەی هەیەتی تەرخانی کردووە، ڕێ بە کەسانی دیکە بدات، شکستی پێبهێنن.

# نوێنەرەکانی بەغدامان چۆن بن؟



**ڕێبوار کەریم مەحمود ***

وابڕیارە لە ماوەی داهاتوودا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی بەڕێوەبچێت کە دەبێتە یەکێک لە سەرەکیترین قۆناغە مێژووییە نوێیەکانی دەوڵەتی عێراق. کۆمەڵێک لیستو لایەنو قەوارەی جیاواز دەیانەوێت پشکێکی وەرگرتنی بڕیاری سیاسییان لـەم وڵاتــەدا بەربکەوێتو خـودی ئەم هەڵبژاردنەش تەواو جیاواز دەبێت لەوانەی پێشووتری، بەوپێیەی ئێستا ئاراستە نوێیەکانی کاری سیاسی لە ئێستای عێراقدا زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو ڕوونبووەتەوەو تەوژمێکی نوێی تێڕوانینو بیرکردنەوەی سیاسی سەریانهەڵداوە، بەتایبەت لەوەدا ئەمە ڕووندەبێتەوە کە هێزە سیاسییە عێراقییەکان کەمتر لە ساڵانی پێشوو، لانیکەم کەمتر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥) لەسەر بنەمای تایەفەگەریو مەزهەبیو نەتەوەیی کۆدەبنەوەو زیاتر ڕوئیای سیاسییان زاڵـدەکـەن بەسەر باگراوندە مەزهەبیو نەتەوەییەکاندا، هەروەکو لەم سەرەتایەوە لە شێوازی هاوپەیمانێتییەکاندا بەدیاردەکەوێتو لە ڕاستیشدا ئەمە زیاتر نزیکە لەو حاڵەتە تەندروستەوە کە دەویسترێت، یان بانگەشەی بۆ دەکرێت، بۆ بنیاتنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی لەسەر بنەمای عێراقیبوون.

یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان بریتییە لە ئەدای سیاسیو ئیداریی پەرلەمانتارانی عێراقی بە جیاوازی کوتلەو فراکسیۆنەکانیانەوە کە لە کۆی گشتیدا ئەدایەکی ناهاوسەنگی پـچـڕپـچـڕە، بـەجـۆرێـک بـــەردەوام چالاکییەکانی پەرلەمانو پەرلەمانتاران هەڵکشانو داکشانی پێوەدیارە، هەروەکو لە هەندێک بابەتدا چالاکو لە هەندێکی دیکەشدا لاوازانــە هەنگاو دەنێن. ئەمە سەرەڕای ئەو کێشە ناوخۆییانەی ڕووی لە پەرلەمان کرد، وەکو کێشمەکێشمی نـێـوان لایــەنو هێزە سیاسییەکان لە سەرەتای ئەمساڵدا سەبارەت بە پرسی دانانو هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، پاش دەستلەکارکێشانەوەی مەحمود مـەشـهـەدانـی، هــەروەهــا مەسەلەی ئامادەنەبوونی بەشێک لە پەرلەمانتاران لە کۆبوونەوەکاندا کە هەندێکجار کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لەسەر تەواوکردنی نیسابی قانونی پەرلەمانو بەمەش ئەو پڕۆژەیاسایانە پەکدەخران کە پێویست بوو بەڕێ بکرانایە.

ئـەو لاوازیــیـە لــە ئــەدای سیاسیی پــەرلــەمــانــتــارانــدا، ســەرجــەم کوتلە سیاسییەکانی گرتووەتەوەو ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە تواناو لێزانیو لێهاتوویی پەرلەمانتارانەوە هەیەو بەشێک لە پەرلەمانتارانی کوردیش لـەم حاڵەتە بەدەرنەبوون، هەربۆیە گرنگە بۆ هێزە سیاسییە کوردییەکان، بە جیاوازی لیستو پێکهاتەکانیانەوە، کۆمەڵە خەڵکانێک کاندید بکەن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە خاوەن کۆمەڵێک لێهاتووییو توانای بەرچاو بن.

پێویستە پـەرلـەمـانـتـارانـی کـورد تێگەیشتنێکی قوڵو بێلایەنانەیان هەبێت بۆ مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستانو ئەو تێگەیشتنەشیان بە باگراوندێکی زانستییانە ڕووپـۆش بکەنو نابێت چیدی مەسەلە نەتەوەییەکان لە هەڵوێستی تاکەلایەنو تاکە لیستو هێزێکدا قۆرغبکرێت، هەروەک چۆن نابێت بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیش بخرێتە ئەستۆی تەنها هێزێکی سیاسییەوە، بەڵکو پێویستە هەمووان لە زەرورەتـی هــەوڵـدانـی هاوبەشانە بـۆ پاراستنی دەستکەوتە بەدەستهاتووەکانو هێنانەدی دەستکەوتی نوێتر تێبگەن.

سەرەڕای ئەوەش بۆ پەرلەمانتارانو نوێنەرانی کورد لە بەغدا گرنگە کە ئاستێکی بەرچاویان هەبێت لە لێهاتوویی بۆ تێگەیشتن لە پرسی سیاسیی عێراقو ئەو هاوکێشە ناوخۆییو ئیقلیمیو نێودەوڵەتییانەی کاریگەرییان لەسەر ئەم دەوڵەتە هەیە، هەروەک پێویستە ئاستی تێگەیشتنیش لەو هاوکێشانە ڕووپۆشکرابێت بە باگراوندێکی زانستییانە کە بێلایەنانە تەماشای ئەو پرسانە بکرێتو لەوێشەوە پەیوەندیی بە کوردو هەرێمی کوردستانەوە دیاریبکرێت، لە ڕاستیشدا ئەمە نە ئیشی هەموو کەسەو نە هەموو کەسیش دەتوانێت پەی پێ ببات.

دەبێت بابەتی زمـانو تێگەیشتن لە کلتووری عەرەبی بکرێتە پێوەرێکی سەرەکیی بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی لیستو لایەنە سیاسییەکان، چونکە لـە دەرەنـجـامـدا پـەرلـەمـان شوێنی گفتوگۆکردنو ڕاگۆڕینەوەو داکۆکیکردنە لە مافە سیاسییەکان، ئەمەش بەبێ زانینی زمانێکی پاراوی عەرەبی بەدی نایەتو لەم مەسەلەیەشدا دیاریکردنی زمانی کوردی، شانبەشانی زمانی عەرەبی، وەک یەکێک لە سەرەکیترین زمان هیچ حەقیقەتێکی نییەو لە پەرلەماندا (جگە لە تابلۆ سەرەکییەکەو وێب سایتی پەرلەمان) هەموو گفتوگۆو یاساکان بە زمانی عەرەبین، لەپاڵ ئەمەشدا مەسەلەی تێگەیشتن لە کلتووری عەرەبیو شێوەی گفتوگۆ لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا خاڵێکی پێویستە بۆ لێهاتوویی پەرلەمانتاران، تا نەکەونە دوودڵییەوە لە گفتوگۆکردنو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ پەرلەمانتارانی کوتلەو فراکسیۆنە عەرەبییەکاندا.

لــەم نـێـوەنـدەشـدا ئـەرکـی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە کە بە هیچ جۆرێک چاوپۆشی نەکەن لە لێ نەهاتووییو لاوازی ئەدای هەر پەرلەمانتارێک، لەژێر هیچ بیانوییەکدا، بەتایبەت لەم خولەی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا مەسەلەی ئەندامێتی تەواو جیاواز دەبێتو کۆمەڵێک شەڕی سیاسیی نوێ بەڕێوەن کە هەموو کەس ناتوانێت ببێتە جەنگاوەری، هەربۆیە پێویستە لیستو فراکسیۆنەکان بەردەوام لێپێچینەوەیان هەبێت لە ئاستی بەشداریی پەرلەمانتارانیان لە گفتوگۆکانی نێو پەرلەمانداو نابێت تەنها کۆمەڵێک کەس چــالاک بنو ئەوانیتریش ببنە گوێگرو نەتوانن ئیزافەیەک بخەنە سەر ئەو پرسە گرنگانەی ڕووبەڕووی کورد دەبنەوە.

لە هەمانکاتدا پێویستە فراکسیۆنو کوتلە سیاسییە کوردییەکان لەژێر دروشمی نەتەوەییو سیاسییدا چاوپۆشیو بەرگریی نەکەن لە تێوەگلانی هەر ئەندامێکیان لە گەندەڵییەوە، جا ئەم ئەندامە لە پەرلەمان بێت یان لە حکومەت، چونکە ئەو نوێنەرە کــوردە دەبێتە نیشاندەری پێگەیەکی ناشیرینو ڕووخسارێکی گەندەڵی کورد لە بەرامبەر لایەنەکانیتردا، بەتایبەتی لە ئێستادا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستەیەکی نەزاهەی چالاکی هەیە کە توانای لێپرسینەوەی لە هەموو کەسو پێگەکان هەیە، بەجۆرێک ئەم دەستەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چالاکترو پتەوتر دەبێتو بووەتە مەترسییەکیش بۆ ئەوانەی کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاونو توانای ئێستای ئەم دەستەیەش بەجۆرێکە کە ڕەنگە نەک لەعێراقدا، بەڵکو لە دەوڵەتانی ناوچەکەشدا نمونەی کەم بێت.

لەکۆتاییدا دەبێت ئـەوە بزانین کە لـەبـەرئـەوەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە لیستی کـراوەیـە، بۆیە خەڵک ڕاستەوخۆ ئەو نوێنەرانە دەناسێت کە دەنگیان پێ دەداتو پێویستە خەڵکیش ئەوەندە هۆشیار بێتو خەڵکێک نەکاتە نوێنەری خۆی کە شیاوی نوێنەرایەتیکردنی نەبێت.

*** خوێندکاری دکتۆرا**
**لە زانستە سیاسییەکان–نیویۆرک**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R٥ ـ ٧١٩
پڕۆژە: دروستکردنی باخچەی ساوایان لە قەڵادزێ.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پڕۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٢) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٧) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٧) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٨,٠٠٠,٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R٥ ـ ١٢١
پڕۆژە: دروستکردنی هۆڵی پرسە لە حاجیاوا.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پڕۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٢) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢,٥٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R١ ـ ٦
پڕۆژە: جوانکاری بۆ بەشێک لە شەقامی مەولەوی لە سلێمانی.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پڕۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٢) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢,٥٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨,٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R٢ ـ ١٢٣
پڕۆژە: پڕۆژەی قیرتاوکردن و دروستکردنی شۆستە بۆ کۆڵانەکانی شارۆچکەی بەردەقارەمان زۆنی (A&C).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پڕۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٢) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٧) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٧) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٣,٠٠٠,٠٠٠) سیانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R١ ـ ٧١٨
پرۆژە: دروستکردنی یاریگای مامە یارە لە سلێمانی.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٢) دەست پێ دەکات تا رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* رۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٦,٠٠٠,٠٠٠) سیو شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ـوەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R١ ـ ٧١٧
پرۆژە: دروستکردنی یاریگای بەکرەجۆ لە سلێمانی.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٢) دەست پێ دەکات تا رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* رۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٦,٠٠٠,٠٠٠) بیستو شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید/ پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R٥ ـ ١٢٠
پرۆژە: تەواوکاری هۆڵی بۆنەکان لە سەرکەپکان.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٢) دەست پێ دەکات تا رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* رۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R٤ ـ ٧١٥
پرۆژە: دروستکردنی قوتابخانەی شەش پۆلی مایاوا لە بەرزنجە.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٢) دەست پێ دەکات تا رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* رۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید/ پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R١ ـ ١٢٢
پرۆژە: دروستکردنی بینای کەم ئەندامانی کوردستان لە سلێمانی.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٢) دەست پێ دەکات تا رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٥) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* رۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٦) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٩,٠٠٠,٠٠٠) نۆزدە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید/ پارێزگاری سلێمانی**

---

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ – ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید – هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com


کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

# ناسیۆنالیزم‌و نووسینی مێژوویی کوردی



**د. عەباس وطی**

**٢-٢**

**پەیوەندییەکی نزیک، بەڵام ئاڵۆز لە نێوان گوتاری ناسیۆنالیستی‌و تیۆری دیموکراتیکدا هەیە. ئەم ئاڵۆزییە لە نووسینی هاوچەرخ لەسەر ناسیۆنالیزم‌و دامەزراندنی دەوڵەتدا بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاماژەی پێدراوە، هۆی ئاڵۆزییەکەش بە زۆری بۆ خەسڵەتی تایبەتی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، وەک ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرن‌و لە بنەڕەتدا جەماوەرگەراو خاوەن ستروکتۆرێکی مەفهومیی کۆن، دەگەڕێتەوە**

**تێبینی:**
**داوای لێبوردن لە د.عەباس وطی‌و خوێنەران دەکەین کە لە ژمارەی رابردوودا پەراوێزەکانی ئەم وتارە جێگەیان نەبووەوەو بڵاونەکرایەوە**

کۆمەڵگای مەدەنی ناوەندی سیستمەکانی جیاوازی‌و دەلالەتەکانە کە تیایدا بابەتی گوتاری ناسیۆنالیستی دەستنیشاندەکرێت: کۆمەڵگای مەدەنی پێناسەی پرۆسەو هەلومەرجە ناوخۆییەکانی بیناکردنی شوناسی نەتەوەیی دەکات. یەکەم شت، کۆمەڵگای مەدەنی ئەو سنوورانەی پانتایی تایبەت (private sphere) لە پانتایی گشتیی (public sphere) جیادەکەنەوە دیاریدەکات، هەروەها پەیوەندی نێوان خودو ئەویتر دەستنیشان دەکات، لەوێشەوە، ئەو هۆکارە سەرەکییانەی ناو کۆمەڵگا کە لە بیناکردنی شوناسی نەتەوەیی لە ناو کۆمەڵگادا رۆڵیان هەیە دەستنیشان دەکات. دووەم شت، ئەو سنوورانە جێگیر نین، بەڵکو سوژە دەگوازنەوە بۆ ناو ئەو گۆڕانەی لە هاوسەنگی هێزەکانی ناو کۆمەڵگادا روودەدات، واتە ئەو گۆڕانەی دەبێتە پاڵپشتی پەیوەندی گۆڕاوی نێوان خودو ئەویترو خەسڵەتی جەوهەریی ناجێگیری شوناسی نەتەوەیی دیاریدەکات.

بێگومان، ناسیۆنالیستەکان دژی خاڵی دوایین. خەسڵەتی ناجێگیرێتی شوناسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بەهێز لە گوتاری نەتەوەیی ناسیۆنالیستیدا رەتدەکرێتەوە، چونکە ئەم خەسڵەتە لەدژی لۆژیکی بانگەشەی ناسۆنالیستی بۆ دەسەڵات دەوەستێت، بەڵام ئەو راستییەی شوناسی نەتەوەیی لە جیاوازی پێکهاتووە بەو مانایەیە کە «ئەویتر بۆ هەمیشە» لە ناو شوناسی نەتەوەییدا «جێی خۆشکردووە»، ئەویش بە بەردەوام لە هەلومەرجی رەتکردنەوەی ئەو ئەویترەوە دەگەڕێت بۆ ئەوەی بە هۆیەوە جەخت لەسەر خۆی بکاتەوەو خۆی بسەلمێنێت. رەتکردنەوەی ئەویتر وەک مەرجی سەلماندنی «خود» بەشێکی زاتییە لە گوتاری ناسیۆنالیستی‌و گوتاری ناسیۆنالیستی جیاوازی دەکاتە ئامانجی {هێرشەکانی} خۆی‌و لە رێگەی گۆڕینیان بۆ ئەو-بوون (otherness)، هەموو جۆرە جیاوازییەکی ئەتنیکی، کلتووری‌و دواجار نەتەوایەتی رەتدەکاتەوە. بیناکردنی جیاوازی وەک ئەو-بوون ستراتیژێکی هۆکارانەیە لە ناو گوتاری ناسیۆنالیستی‌و هاوکات لەگەڵ سیاسەتی سەلماندنی «خود» دێت. بەم شێوەیەش دەرکەوتنی «کلتووری نەتەوەیی» وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی یەکێتی زاتی‌و سەقامگیریی شوناسی نەتەوەیی رۆڵ دەبینێت: لەوێشەوە لە پەرەپێدانی گوتاری مێژووییدا کە نوقمی رەچەڵەکناسی نەتەوە بووە رۆڵ دەبینێت.

گەرچی لەوانەیە ئەم تێبینییە تیۆرییانە بە شێوەیەکی گشتی بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەلومەرجەکانی بنیاتنانی شوناسی نەتەوەیی بەکاربهێنرێن، بەڵام ئەو رۆڵە سەرەکییەی چەمکی سەروەریی گشتیی لە ستراکتۆری مەفهومی دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیدا دەیبینێت ئاماژە بەوەش دەکات کە بنیاتنانی شوناسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بەرایی کۆمەڵێک هەلومەجی هۆکارانەی جیاواز گریمانە دەکات. ئەگەر وردتر بدوێین، تیۆری دیموکراتیک رۆڵێکی سەرەکیی لە بنیاتنانی شوناسی نەتەوەییدا دەبینێت. لە راستیدا، تیۆری دیموکراتیک رۆڵێکی بە سوود دەگێڕێت لە لە گۆڕینی شکڵی «جیاوازی» بۆ «ئەو-بوون» لە پرۆسە سیاسی‌و کلتوورییەکانی سەلماندنی «خود»ی نەتەوەیی. ئەمەش لەوێوەیە، چەمکی سەروەریی گشتی‌و هاوڵاتیبوونی دیموکراتیک دوو رێکخەری سەرەکی پەیوەندی گۆڕاوی نێوان {پانتایی} تایبەت‌و گشتین لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی گوتاری ناسیۆنالیستیدا (بە ناسیۆنالیزمی دژبەرو رەسمیشەوە) کە گوتاری ناسیۆنالیستی ناسیۆنالیزمی دژبەر پێش‌و ناسیۆنالیزمی رەسمیی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەخۆدەگرێت. لێرەدا پێویستە ئەم خاڵە زیاتر روونبکرێتەوە.

پەیوەندییەکی نزیک، بەڵام ئاڵۆز لە نێوان گوتاری ناسیۆنالیستی‌و تیۆری دیموکراتیکدا هەیە. ئەم ئاڵۆزییە لە نووسینی هاوچەرخ لەسەر ناسیۆنالیزم‌و دامەزراندنی دەوڵەتدا بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاماژەی پێدراوە، هۆی ئاڵۆزییەکەش بە زۆری بۆ خەسڵەتی تایبەتی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، وەک ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرن‌و لە بنەڕەتدا جەماوەرگەراو خاوەن ستروکتۆرێکی مەفهومیی کۆن، دەگەڕێتەوە. تا رادەیەک بە کەمیی باسی بەشداریی تیۆری دیموکراتیک لەم ئاڵۆزییە بەردەوامەو دەرەنجامە پێچەوانەکانی ئەم ئاڵۆزییە لە گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی لەناو دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرندا کراوە کە بە پێی دەستوور سەروەریی گشتی‌و هاوڵاتیبوونی دیموکراتیک بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە کاتێکدا چەمکە رێساییەکانی شوناس‌و هاوڵاتیبوون کە پەیوەندییان بەم دۆکترینەوە هەیە بۆ ئەو جیاوازییە ئەتنی‌و رەگەزی‌و جێندەرییانەی لە ناو سنوورەکانی دەوڵەت- نەتەوەدا هەن دەست نادەن، باڵادەستی وەک سیمایەک لە سیماکانی قەوم یان رەگەزی باڵادەست دەمێنێتەوە کە هەر رەگەزی ئەویش سنوورەکانی هاوڵاتیبوون لە ناو حوکمڕانیدا دیاری دەکات. چەمکە رێساییەکانی هاوڵاتیبوون «ئەویتر»، {واتە} شوناس/جیاوازییە ئەتنی‌و رەگەزی‌و جێندەرییەکانی ناو سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەت کە هەڕەشەی تێکدانی یەکێتی‌و ناسەقامگیرکردنی زاڵبوونی هەژموونی {لایەنی} «باڵادەست» دەکەن، رەتدەکەنەوە[٩].

ئەم خاڵە بە تایبەتی لە حاڵەتی دەوڵەتە مۆدێرنە فرە-ئەتنی‌و فرە-کلتوورییەکاندا گرنگە کە تیایاندا چەمکی رێسایی هاوڵاتیبوون، لە رێگەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی شوناسی باڵادەست وەک قەومییەتی زاڵ، هەلومەرجەکانی سەروەریی گشتی دیاریدەکات. ئەم سیمایانەش سنوورەکانی نەتەوە دیاری دەکەن، بەو مانایەی دەبنە ئامراز یان مەرجی ئەندام بوون یان نەبوون لە ناو نەتەوەکەدا. بە واتایەکی تر، مەرجە یاسایی-سیاسییەکانی «ئەویتر-بوون»ی قەومییەتە نا-باڵادەستەکان لە ناو چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوەدا دیاریدەکەن، چونکە ئەو شوناسە نەتەوەییەی {لەم پرۆسەیە} دەکەوێتەوە دەبێتە چەقی ماف‌و بەپرسیارییەتییەکان کە لەسەر قەومی زاڵ وەک قەومی باڵادەست بەندە، لەوێشەوە شوناسە قەومی‌و نەژادی‌و کلتوورییەکانی دیکە کە وەک نا-نەتەوەیی‌و مەترسیدار لەقەڵەم دەدرێن {لە خۆی} دەردەکات‌و رەتدەکاتەوە. ئەم پرۆسەیە لە لایەن خۆیەوە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی پانتایی گشتی‌و تایبەتی لە دیسکۆرسی (ناسیۆنالیستی) رەسمیدا لێدەکەوێتەوە. پانتایی گشتیی یەکسان دەکرێتەوە بە پانتایی «نەتەوەیی» کە سنوورەکانی بە هۆی پەیوەندییە قەومییەکانی {قەومییەتی} زاڵ/باڵادەستەوە دیاری دەکرێن. لە لایەکی دیکەوە، پانتایی تایبەت، هەموو شوناسە نا-نەتەوەیی/نا-باڵادەستەکان لەئامێزدەگرێت کە دەرکەوتنیان لە پانتاییەکی گشتی وەک ئەوەی لە سەرەوە باسکرا، وەک دەستدرێژییەکی تێکدەرانە یان وەک هۆکارێکی تێکدەر بۆ سەقامگیریی شوناسی نەتەوەیی/باڵادەست پێناسە دەکرێن.

دەکرێت ئەم خاڵە تیۆرییانە لە داوبەشی ئەم وتارەدا سوودبەخش بن بۆ خستنەڕووی مەرجە بەراییەکانی شکلگرتنی شوناسی کوردی. {لە دوا بەشدا} ئەوە پیشاندەدەین کە ئەو پرۆسەو پراکسیسە سیاسی‌و کلتوورییانەی بزووتنەوە سەرکەوتووە ناسیۆنالیستییەکان‌و دەوڵەتە نەتەوە دەرکەوتووەکانیان لە تورکیاو ئێران‌و عێراق دامەزراندووە لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی، رێگە خۆش دەکەن بۆ دەرکەوتنی شوناسی نەتەوەیی کوردی لە هەر سێ ئیقلیمی کوردنشینیاندا. لە نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکان‌و ناسیۆنالیزمی رەسمیی ئەم سێ وڵاتەدا کە لەپێناو شەرعییەت بەخشین بە دەسەڵاتی تۆتالیتاری‌و کلتووری سیاسی هەژمونگەرادا دامەزرابوون، جیاوازی لە فۆرم‌و تایبەتمەندییەکاندا هەیە. {جیا لەمە} داینامیکی ستروکتۆری ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانە ئاراستەی جیاوازی مۆدێرنیزاسیۆن‌و گەشەی جۆراوجۆریان بەخۆوە بینیوە، {کە ئەمەش} کاریگەریی جۆراوجۆری لەسەر رەوتی گشتی‌و مەرجە بەراییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردی لە هەر سێ وڵاتی پەیوەندیداردا هەبووە. شوناسی کوردی مۆرکی ئەو جۆراجۆربوونە سیاسی‌و کلتورییەی ئەویتری هەڵگرتووە لەوێشەوە هەر لەسەرەتای چەکەرەبەستنییەوە پارچەپارچە بووە.

### بنیاتنانی ناسیۆنالیستیی مێژوویی کوردی

بەرلەوەی بێمەوە سەر ئەم بابەتانە، دوو هەوڵی سەرەکیی بۆ بنیاتنانی مێژووو شوناسی کوردی وەبەرچاو دەگرم. کارەکانی محەمەد ئەمین زەکی‌و جەمال نەبەز کە بە کوردی‌و زاراوەی سۆرانی نووسراون‌و دوو شێوازی بیرکردنەوەی جیاواز لە گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیستیمان وەک نموونە دەخەنە بەردەست. جیاوازی نێوان ئەم دوو شێوازە بیرکردنەوەیە کاریگەرییەکانی دیسکۆرو پراکسیسە سیاسییەکانی تر لەسەر بنیاتنانی ئەسڵ‌و رەچەڵەکی نەتەوەی کورد لە لای هەرکام لەم دوو نووسەرە دەردەخات. ئەمە جیا لەوەی ئەم جیاوازییە کاریگەرییە سەرەکییەکانی مەرجە سیاسی‌و ئایدیۆلۆژییە زاڵەکان لەسەر خستنەڕووی پرۆژەی ناسیۆنالیستی لەلای هەرکام لە نووسەرەکان ئاشکرا دەکات کە دەکرێت لە نێوانیاندا بە تایبەتی ئاماژە بە دۆخی گوتارو پراکسیسی ناسیۆنالیستی لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان‌و دیاسپۆرا بدرێت. بەرهەمەکەی زەکی لە تێگەیشتندا لیبراڵە کە پەیوەندییەکی لەرزۆکی لەگەڵ تیۆری دیمۆکراتیک‌و دۆکترینی سەروەریی گشتیدا هەیە. ئاشکرایە پرۆژەی ناسیۆنالیستی ئەمین زەکی، لە کاتێکدا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەریتانییەکاندا لە عێراق‌و لەسەرەتاکانی دەسەڵاتی هاشمی لەم وڵاتەدا نووسراوە، کلتووری‌و ئۆتۆنۆمیستە. هەڵسەنگاندنەکانی لە سەرهەڵدان‌و کەوتنی بزووتنەوە کوردییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە گومانی بۆ ناهێڵێتەوە کە داوای سەربەخۆیی لەگەڵ هەلومەرجە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکاندا تەبا نییە. لە لایەکی دیکەوە جەمال نەبەز، وەک بەشێک لە دیاسپۆرای کوردی لە خۆرئاوا کە رووی لە زیادبوون بووە، لە دووروڵات دەنووسێت، کوردەکانی دیاسپۆراش لەسەرووی هەموو شتێکەوە شکستە یەک لە دوای یەکەکانی بزووتنەوەی کوردییە ئۆتۆنۆمیست‌و پرۆژەکانی چوار دەوڵەتە باڵادەستەکان‌و بەرزبوونەوە توندوتیژییەکانیان لە بەرامبەر نارەزایەتی‌و ئۆپۆزسیۆنیان بەرجەستە دەکردەوە. بنیاتنانی مێژووی کوردی لە لای جەمال نەبەز بیرۆکەیەکی ترانسێندێنتاڵ بۆ نەتەوەو شوناسی نەتەوەیی لەخۆدەگرێت، ئەم بیرۆکەیەش رێگە خۆشدەکات بۆ پرۆژەیەکی سیاسی کە بە هۆیەوە هەموو شتێک جگە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستانی گەورە رەتدەکاتەوە. ئاشکرایە کە پرۆژەکەی نەبەز پشتگیریی لە سەروەریی گشتی دەکات، بەڵام جەختکردنەوەی بەردەوامی ئەو لەسەر تاکانە بوونی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کوردی‌و بیرۆکەی تەواو ئەفسانەیی ئەو بۆ ئازادیی لە کارەکانیدا دژی رێساکانی تیۆری دیمۆکراتیک دەوەستێتەوە، بەڵام دەبێت جەخت لەسەر ئەوەش بکرێتەوە کە لە کارەکانی زەکی‌و نەبەزدا، سەرەرای جیاوازییە مەفهومی‌و سیاسییەکان، کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیش هەن. لە هەردووکیاندا دوو فاکتەری زاڵ هەن: توندوتیژیی «شوناسی باڵادەست» کە لە لایەن دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی تورکیاو ئێران‌و عێراقەوە جێبەجێدەکرێن، پاشان گەشەی سیاسی‌و ئایدیۆلۆژیکی بزووتنەوە کوردییەکان، کارلێکی ئەم دوو فاکتەرە لە ئاڵوگۆڕی مەفهومی گەشەی گوتاری مێژوویی کوردیدا رەنگیداوەتەوە.

بەرهەمەکەی محەمەد ئەمین زەکی یەکەم هەوڵی سیستماتیکە بۆ بنیاتنانی مێژوویەکی ناسیۆنالیستی. زەکی لە ساڵی (١٨٨٠) لە سلێمانی‌و وەک هاوڵاتییەکی دەسەڵاتی عوسمانی لە دایکبووە، ئەو لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە ئەکادیمیای سەربازیی بەغداو ئەستەمبوڵدا دەرسی خوێندووە. لە ماوەی شەڕی جیهانی یەکەمدا، زەکی ئەفسەرێکی سەربازی عوسمانییەکان لە عێراق، یاریدەدەری مستەفا کەمال پاشا، فەرماندەی سوپای حەوتەمی عوسمانی لە سوریا بووە. ئەو، پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوری عوسمانی، لەگەڵ دەسەڵاتی بەریتانی لە عێراق دەکەوێت، لە ساڵی (١٩٢٥)دا یەکەم پۆستی حکومەتی وەردەگرێت، پاش سەربەخۆییش پلەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە. بەرهەمی هەرە کاریگەری زەکی، واتە (خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان) لە دوو بەرگدا لە ساڵی (١٩٣١)و (١٩٣٣) لە بەغدا چاپکرا.

لە یەکەم فەسڵی (خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان)دا، زەکی باس لەو بارودۆخانە دەکات کە رێگەیان خۆشکردووە بۆ نووسینی ئەم کتێبە. ئەو {لە خۆی} دەپرسێت «چۆن ئەم کتێبەم نووسی؟»و بەم شێوەیە وەڵامی خوێنەر دەداتەوە:

پاش ئەوەی بیرۆکەی تورانی لە تورکیا جێگەی چەمکی گشتیی عوسمانی گرتەوە، منیش وەکو ئەندامانی هەموو میللەتەکانی دیکە بە شێوەیەکی بەهێز شانازی‌و بەختەوەریی خۆمم دەربڕی بەوەی رەگو ریشەم لە ناو ئەم کۆمەڵگەیە (واتە کۆمەڵگای تورکی)دا هەیە، شانازیی نەتەوەییش وای لێدەکردم هەستی خۆم لە هەموو بۆنەو دەرفەتێکدا دەربڕم، بەڵام هیچم لەبارەی ئەسڵ‌و مێژووی نەتەوەکەم (واتە نەتەوەی کورد) نەدەزانی: ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە پێشترو لە خوێندنگا بەم بیرۆکەیە ئاشنا نەکرابووین، پاش تەواوکردنی خوێندنگاش هەستمان بە زەرورەتی لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد نەکردبوو. چەمکی کۆمەڵگای عوسمانی تا رادەیەک هەستی یەکێتیی بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی لەلای هەمووومان لاوازکردبوو، هەربۆیەش زۆرجاران لە خۆمم دەپرسی: ئەسڵی نەتەوەی کوردەکان چییەو {لە مێژوودا} چییان بەسەر هاتووە؟ (زەکی، بەرگی یەکەم، ل ١).

کەواتە بە گوێرەی زەکی، نەمانی هەمەکییەتگەرای (یونیڤێسالیزم)ی عوسمانی‌و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی تورکی دەرفەتی دەرکەوتنی نووسینی مێژوویی کوردی مۆدێرنی رەخساند. ئەم گۆڕانە سەرەکییە، کە رەوتی هۆشیاری بە ئەتنیک لە چنگی نەریتی پرایمۆردیاڵی ئیسلامیی سیستمی میللەت ئازادکرد، زەکیشی هانداوە بۆ ئەوەی بەدوای شوناسی کوردی خۆیدا بگەڕێت. بەم مانایەش نووسینی مێژووی کوردو کوردستان ئەوەندەی هەوڵێکە بۆ بنیاتنانی رەچەڵەکی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوەندەش راهێنانی «هۆشیاری-بە-خۆ»یە[١٠].

بەڵام ئەم دوو پرۆسەیە بە هیچ شێوەیەک لە یەک جیا نین‌و هەردووکیان لە ناو گوتاری زەکیدا یەک ئەسڵ‌و خاڵی بۆ گەڕانەوەیان هەیە کە ئەویش دەرکەوتنی شوناسی نەتەوەیی یەکدەستی تورکییە کە زۆر بە خێرایی شوێنی نەریتی هەمەکییەتگەرای عوسمانی لە گوتاری رەسمیدا دەگرێتەوە. ئەم دەرکەوتنەش هۆی شاراوەی ریوایەتی مێژوویی زەکییە، بەڵام «هۆشیاری-بە-خۆ»ی زەکی وەک کوردێک، هەوڵی ئەو بۆ تێگەیشتن‌و پێناسەکردنی شوناسی کوردی خۆی‌و لەوێشەوە کاردانەوەی بەرامبەر دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی‌و شوناسی نەتەوەیی تورکی تەواو جیاوازە لە خود-ئاگایی کەسێک کە لە ژێر حوکمێکی کۆلۆنیاڵیدا دەژی. بەپێچەوانەی کەسێکی کۆلۆنیالیزەکراو، زەکی‌و ئەو کاریگەرییە پێش-مێژوویی‌و ئایدیۆلۆژیانەی هەڵگرتبوو کە ناسیۆنالیستێکی تورکی هەیبوون. هەردووکیان {واتە هەم زەکی‌و هەمیش ناسیۆنالیستێکی تورک} چاکسازیخوازی عوسمانی بوون کە روانگەیەکی سێکولاریان هەڵگرتبوو، هەردووکیان مۆدێرن بوون‌و خوازیاری گۆڕین‌و سەرلەنوێ دارشتنەوەی شێوازی حکومەت لەسەر بناغەیەکی دیمۆکراتیک‌و نوێ بوون، بەڵام زەکیش وەک کەسێکی کۆلۆنیالیزەکراو، لەو کاتەدا پەی بە شوناسی کوردی خۆی دەبات کە گریمانەی نۆرماتیڤ سەبارەت بە شوناسی ئەو رەتدەکرێتەوە، {واتە} کاتێک جیاوازییە ئەتنیکییەکان بۆ دامەزراندنی «ئەویتر-بوون» سوودیان لێوەردەگیرێت‌و دەبنە بنەمای ئایدیۆلۆژی سیاسەتی دامەزراندنی دەوڵەت لە تورکیای مۆدێرن[١١].


**پەراوێز:**

٩. چەندین تیۆریستی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هاوچەرخ ئاماژەیان بە خەسڵەتی ریداکشنیستیی تیۆری دیمۆکراتیک داوە، بە تایبەتیش پێوەندی ئەم تیۆرە بە رەتکردنەوەی جیاوازییە رەگەزی، ئەتنیکی‌و نەژادییەکانەوە. بۆ نموونە بڕوانە تێرنەر (١٩٩٤)، بە تایبەتیش پێشەکی تێرنەرو ئەو نووسینەی هیندەس لە هەمان کتێبدا وەک بەشدار نووسیویەتی، هەروەها بڕوانە کۆنۆلی (١٩٩١)، کاڵهون (١٩٩٤).

١٠. وەک دەگێڕنەوە زەکی تا کۆتایی ژیانیشی نەیتوانیوە بە تەواویی بە زمانی عەرەبی بدوێت، هەر بۆیەش کوردی‌و زمانی تورکی عوسمان وەک زمانە سەرەکییەکانی زەکی ماونەتەوە.

١١. ئەگەرچی ناسیۆنالیزمی تورکی توخمی کاریگەرو زاڵی سەر هزری سیاسی زەکی بووە، بەڵام وەکوو زۆربەی کەسانی خوێندەواری سەر بە نەوەی هاوچەرخی خۆی، زەکیش بە ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی ئاشنا بووو وەکو داینامیکێکی سیاسی ناو کۆمەڵگای تورکی پێی کاریگەر بووە.







گەرانی نێودەوڵەتی لە فرۆکەدا

بۆ یەکەمین جار لەعێراقدا ئاسیاسێل رێگە بۆ بەشداربووانی خۆشدەکات کەبتوانن لە ناو فرۆکەدا مۆبایلەکانیان بەکاربهێنن و پەیوەندییان بەردەوام بێت لە گەشتە ئاسمانییەکانیاندا و پەیوەندی و کورتەنامە بنێرن و وەربگرن و ئیمەیڵ و ئینتەرنێت لە ناو فرۆکەدا بەکاربهێنن، ئەم خزمەتگوزارییە کراوەیە بۆ بەشداربووانی پۆستپەید وهەندێک کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی وچەندین ئاراستەی دیاریکراو لەدەرەوەی عێراق.

ئاسیاسێل

www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ۱۱۱


چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩